هاوکاری

ئەلبەیانەوە

زۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لە دار الجماهیر
دەرئەچێ
لە دار الحریە
چاپئەکرێ

ژمارە (١٣٨)
١٤-١٠-١٩٧٢

نرخی ٢٠ فلسە
تەلەفون ٢٠٣٦٥

گرنگترین هەوال

سەرۆک ئەحمەد حسەن بکر
پێشوازی وەفدی شیلی ئەکات

سەرەک کۆمار کاک ئەحمەد حسن بکر پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٢ - ١٠ لە کۆشکی جمهوری پێشوازی دکتور ئەنسیتورود ریگوزی سەرۆکی کۆمەڵەی دوشنبیری شیلی و ئەو وەفدەی لەگەڵیایەتی ، کردوە . وەلەچاو پێکەوتنەکەدا کە نزیکەی سێ چارەکە سەعاتی خایاندوە، دکتور زید حیدر ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و ئەرسراوی مەکتەبی پەیوەندی یەکانی دەرەوە ئامادە بوە . ئەوەی شایانی وتنە ئەو وەندە ڕوشنبیریەی شیلی هەفتەی ڕابوردو بە سەردانێکی ڕەسمی هات بۆ بەغدا .

ئا.د.ع

یادی شێخ مەحمودی نەمر هاندەری خەباتی گەلەکەمانە

سەرۆک بەکر : ئەبێ کار بەوانە بسپێردرێت کە ئارەزۆ لە پێناوی کۆمەڵدا ئەڕێژن

سەرەک کۆمار کاک ئەحمەد حسن بکر ڕۆژی چوار شەممەی ڕابوردو لە کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی بەرزی میللی دصافەدا وتویە .

ئەنجومەنە میللییەکان دروستترین نمونەی پەیوەندی بەستراوی گەل و کاربەدەستانن. دەنگی گەل ئەنجومەنی بەکاربەدەستان و نامانج و ئەخشەکانی دەولەتیش بۆ ڕۆژەکانی گەل ڕوون ئەکاتەوە ، سەرەڕای ئەوەی کە دەوڕێکی گرنگ ئەگێڕن لە دەستنیشان کردنی نەخۆشی و کەموکوڕیەکانی کۆمەڵ و یارمەتیدانی دەولەت بۆ چارەسەرکردنیان . سەرۆک بەکر وتویە. هەرکەسێ خزمەتی گەل و نەتەوەکەی نەکات لەریزی تێمەدا جێگای نابێتەوە ، وە ئەبێ کار بەوانە بسپێردرێت کە ئارەزۆ لە پێناوی کۆمەڵدا ئەڕێژن .

چەتە سەهیۆنیەکان گیانی چەتەگەری دژی گەلی فەلەستین تازە ئەکەنەوە

گۆڤاری ماتسبینی کە لەتەلئەبیب دەرئەچێ و وا خۆی دەرئەخات کەگوایە ناحەزی سیاسەتی گۆلدا مائیرە ، هەفتەی ڕابوردو نوسیویەتی ئەڵێ :-

دەزگایەکی ئیستخباراتی عەسکەری ئیسرائیل کە بە ئەمارث ناوئەبرێ خەریکی تاقیب کردنی چالاکی و جموجۆڵی سەرکردەی پێشمەرگەکانی فەلەستینە ، بۆ ئەوەی دەرفەتیان لێ بێنن و دەست بەسەریان بکەن و بەزیندویی بیانڕفێنن بۆ ئیسرائیل و لەوێ لە دادگایەکی عەسکەری تایبەتی محاکەمەیان بکەن . وە ئەم دەزگایە چەند بەکرێ گیراوێکی ڕاسپاردوە کە بۆ ئەم مەبەستە بچن بۆ لوبنان .

لە ولاتانی عەرەبدا

ماتسبینی وتویە : چەند هەرزەکارێکی ئەوروپایی بەپارەیەکی زۆر هەڵخەڵەتێنراون و داوایان لێ کراوە کە بەناوی گەشت و گوزارەوە بچن بۆ ولاتانی عەرەب و ئەم کارەبکەن .

لە ئەوروپا

لەلایەکی تریشەوە ئەم ئەرکە لەولاتانی ئەوروپا بە ئەندامانی ڕێکخراوی ئەماتساواو ناکام و ڕابتەی دیفاع کردن لە جولەکەکان ، سپێردراوە .

هەروەها ڕۆژنامەی هائارتس لەژمارەی ڕۆژی ١٠ - ١٠ نوسیویەتی ئەڵێ ، تەقینەوەی نارنجۆکەکانی ئەم دواییە لە بارەگاکانی پێشمەرگەکانی فەلەستین لە بیروت بە دەسیسەی دەزگا جاسوسیەکانی ئیسرائیل بوە . وەوتویە ، ئەم تەقینەوانەش بۆ ئەوە بوە کە پێشمەرگەکان بزانن لەهەر شوێنێکدا بن دەستی ئیسرائیل ئەیانگاتێ .

چین و ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا پەیوەندی دیبلۆماسی ئەبەستن

تۆکیو : ئەسۆشێتەدپریس : هێر قالتەر شێڵ وەزیری دەرەوەی ئەڵەمانیای فیدرال ڕۆژی ٩ - ١٠ بە سەردانێکی چوار ڕۆژی چوو بۆ پەکین .

وە ڕۆژی ١١ - ١٠ بەیان نامەیەک بە ئیمزای قالتەر شێڵ و شی بنگ وەزیری دەرەوەی چین لە پەکین بلاوکرایەوە ، تیایدا ڕاگەیەنرا کە کۆماری گەلی چین و کۆماری ئەڵەمانیای فیدرال بڕیاریاندا کە پەیوەندی دیبلۆماسی لەنیوانیاندا دابمەزرێنن . وە یەکێک بە ناوی بالیۆزخانەی بون لە تۆکیو بلاوی کردەوە کە شیل لەو سەردانەیدا لەگەڵ کاربەدەستانی چین دەربارەی ئالۆگۆڕی بازرگانی و پتەوکردنی هاوکاری زانستی و تەکنیکی نێوان هەردوو لا ئەدوێن .

گفتوگۆی دوو قۆڵی حکومەت و شۆڕشگێڕانی لائوس

هانۆی : ١١ - ١٠ تاس : ئاژانسی دەنگوباسی خاوسان پاتێت لاو بلاوی کردەوە کە نوێنەری میر سۆفانا فوێک سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی بەرەی نیشتمانی لائوس ، وە نوێنەری میر سۆفانا فۆمی ساسەروکی حکومەتی لائوس ڕۆژی ٩ - ١٠ لە ڤیانتیان کۆبونەتەوە بۆ ڕێکخستنی لەسەر بەرنامەی ئەوگفتوگۆیەی کە بڕیار وایە هەوە لایەنە سیاسیەکانی ولات لە پێناوی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی باری سیاسی ولاتا تیا بەشدار ببێ .

وە لە کۆتایی ئەم کۆبونەوەیەدا هەردوو لا بلاۆیان کردەوە کە بڕیاریان داوە لەماوەلا چاوان بەیەکتری بکەوێتەوە و زیاتر گفتوگۆبکەن ، ئەوەی شایانی باسە ئەم چاوپێکەوتن و گفتوگۆبەش لەسەر داخوازی حکومەتی ڤیانتیان بوە ، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوتوە کە دەرفەتی شۆڕشگێڕان نایەت .

دەست لە شیلی هەڵگرن !

میستەر ڕۆمیش جاندرا سکرتێری ئەنجومەنی ئاشتو دنیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا کە ڕۆژی چوار شەممەی ڕابوردو لە سانتیاگۆ بەستبوی ، داوای لە پێشکەوتنخوازانی دنیا کردوە کە لەژێر دروشمی (دەست لەشیلی هەڵگرن) تێبکۆشن بۆ هاوکاری کردن لە گەڵ گەلی شیلی دژی ئەو پیلانانەی کونەپەرستان و ئیمپریالیزمی ئەمەریکا سازی ئەکەن .

میستەر جاندرا وتویە : کۆبونەوەکەی ئەم دواییەی ئەنجومەنی ئاشتی دنیا کە لەسانتیاگۆ بەستراسەرکەوتو بوە . ئەوەی شایانی باسیشە ، کۆنەپەرستانی ناوخۆو کۆمپانیا مونوپولیەکانی ئیمپریالیزم ، وە بەتایبەتی کۆمپانیای زیبو ، ماوەیەکە دەستیان داوەتە ئاژاوە نانەوەو هەراو هوریا هەڵگیرساندن ، بۆ شێواندنی باری سیاسی و ئابوری شیلی و تەنگەتاوکردنی حکومەتی بەرەی گەلی .

سانتیاگۆ :- ئەدن

کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەو بەرگری عەرەب

قاهیرە : ئا.د.ن : ڕۆژنامەی الاهرام کە لە قاهیرە دەرئەچێ لە ژمارەی ڕۆژی ٩ - ١٠ نوسیویەتی ئەڵێ : لە ١٥ی مانگی داهاتوا وەزیرانی دەرەوەو بەرگری ولاتانی عەرەب لە کوێت کۆئەبنەوە . وە لە کۆبونەوەکەشدا وەندی ڕزگاری هێنەری فەلەستین بەشدار ئەبێ .

لەلایەکی تریشەوە . واچاوەڕوان ئەکرێت کە فەریق سعدالدین الشاذلی یاریدەدەری ئەمینداری گشتی کاروباری عەسکەری دەزگای ولاتانی عەرەب ،ڕاپۆرتێک ، بنوسیت. دەربارەی ئەو مەسەلە سیاسی و عەسکەریانەی کە ئەنجومەنی بەرگری ناوکۆیی عەرەب لە کوبونەوەکەی ئەم دواییەدا باسی کردبون .

کورتە هەوال

بەرلین : ئەدن: ڤیریک هونیکر سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی پارتی سوشیالیستی یەکگرتوی ئەڵەمانیای دیموکرات داوای کردوە کە هێزەکانی ئیسرائیل لە خاکی عەرەبی ڕەوتکراوا بکشێنەوەو ڕیزی مافە ڕەواکانی گەلی فەلەستین بگرێت .

واشنتۆن : ڕۆیتەر : ڕۆژی ١١-١٠ ئەنجومەنی پیرانو نوێنەرانی ئەمەریکا ڕازی بون بەوەی کە بودجەی ئەمسالی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا ٧٤٣٧٣ ملیون دۆلار بێت .

لیزنەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاشتی دنیا بڕیاری داوە کە خەلاتی ـ میدالیەـ ی جولیوکوری بدرێت بە دکتور فیدل کاسترۆی سکرتێری پارتی کومونیستی کوباو شێخ مجیب الرحمن سەروکی کوماری گەلی بەنگلادیش .

ڕژێمی ئەردەن ٣٨ ئەفسەر دەر ئەکات

عەممان : ئاژانسەکان : ڕژێمی ئەردەن ٣٨ ئەفسەری لەریزی هێزی چەکدار دەرکردوە . بەڵام ڕۆژنامەکانی ئەردەن کە ئەم هەواڵەبان بڵاوکردۆتەوە باسی هۆی ئەم دەرکردنانەیان نەکردوە . واش زانراوە کە لەمانە ٢٥ ئەفسەریان لەهێزی ئاسایشی گشتی بونو ١٣کەی تریان لە کەتیبەی چوارەمی توپ (مدفعی) بون .

گەلی نامیبیا دەست لە خەباتی چەکدارانە هەڵناگرێ

ئۆساکا : تاس : ٩-١٠: جۆن فورستر سەرۆکی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی کۆماری خواروی ئەفەریقا لە وتارێکدا کە لەشاری براکپان لە ڕۆژهەلاتی جوهانسبورگ لە کۆبونەوەیەکی پارتی بەناو نیشتمانیدا خویندویەتیەوە وتویە :

کۆماری خواروی ئەفەریقا بەهیچ جۆرێک گوێ نادات بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و دەربارەی ئەوەی کە ئیمە مافی حوکم کردنی خواروی ڕۆژئاوای ئەفەریقامان نیە . وەوتویە :نیازمان نیە کە لەپاشەڕۆژێشدا گوێ بۆ ئەم جۆرە بڕیارانە شل بکەین، نەتەوەیەکگرتوەکان بەهیچ جۆرێک بەسەر ئەم ولاتەوخاکەوە نیە .

لەلایەکی ترەوە سەرکردایەتی ڕێکخراوی گەلی خواروی ڕۆژئاوای ئەفەریقا ـ سفابۆ ـ ڕایگەیاندوە کە گەلی نامیبیا دەست لەمافەکانی هەڵناگرێ و لەپێناوی کۆتایی هێنان بە حوکمی ڕەگەزپەرستان و ئازادکردن و سەربەخۆی گەلی نامیبیا دریژە بە خەباتی چەکدارانەی ئەدات . وە داوای لە ڕای گشتی دنیا کردوە کە پشتگیری خەباتی گەلی نامیبیا بکات .

عولقی : تائیمپریالیستەکان دەست لە ڕاوو ڕوت هەڵنەگرن ئاشتی لە دنیادا ناچەسپێ

کاک محمد صالح عولقی وەزیری دەرەوەی یەمەنی دیموکرات لە وتارێکدا کە لەخولی ئەمجارەی نەتەوە یەکگرتوەکانا خویندویەتیەوە وتویە :-

ئاشتی و ئاسایش لەدنیادا ناچەسپی ئەگەر بێتو ئیمپریالیستەکان بەردەوام بن

بڕوانە : ل ٥

چاکردنی کشتوکاڵ لەسەر بنچینەیەکی ڕاست ئابوری ولات بەرەوپێش ئەبات

وەکو لە ژمارەی پێشودا باسمان کرد گەشە کردنو پێشکەوتنی کشتوکاڵ ئەبێتە هۆی پتەوبونی ئابوری ولاتو بەرزبونەوەی ئاستی ژیانو گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکیو هەروەها دامەزراندنی کشتوکاڵ لەسەر بناغەیەکی قایم تا ڕادەیەکی زۆر ولات لە تەنگو چەڵەمەی بازرگانی ڕزگارئەکاتو ئالوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ دەولەتانی تردا لە لاسەنگی دورئەخاتەوەو پارەی گران بەهای ولات لە بەفیڕۆچون ئەپارێزێت جگەلەوەی هەندێ بەرهەمی کشتوکاڵ پارەی گران بەها دەست ولات ئەخات . واتە بەرهەمی کشتوکاڵو سەرکەوتنی ولات لەمەیانی کشتوکاڵدا سەربەخۆیی ئابوری ولات پتەوو قایمتر ئەکات کە ئەمیش ئەبێتە هۆی شورەی لەرمان نەهاتوی سەربەخۆیی سیاسی .

بۆیە سەبارەت بەم هۆگرنگەو بایەخدارانە پێویستە نەخشەیەکی ڕاستی پشت بەستو بە لێکولینەوەیەکی عیلمی دابمەزرێت بۆ پەلەکردن لە پێشخستنو گەشەکردنی کشتوکاڵو جێگیرکردنی لەسەر بناغەیەکی قایمی ئەوتۆ کە بە ناحەزانی ولاتو هێزە کۆنەپەرستە تێکدەرەکان هەڵنەوەشێتەوەو بتوانێت بەرامبەر تەقەڵای دوژمنانەی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان خۆی ڕابگرێت .

وەکو ئەزانین هەوڵو تەقەڵای ئەمسالی سیستەمی نیشتمانی ولاتو چارەدێری کاربەدەستەکەورەکانی ولات بونە هۆی ئەوەی کە بەرهەمێکی فراوانو بەپیت بێتە کایەوەو خێروبێری بەسەر بەشێکی فراوانی جەماوەری زەحمەتکێشانی عیراقدا بڕژێت . بەڵام لە ناقی کردنەوەکانی ڕابوردوی ولاتی خۆمانو ناقی کردنەوە سەرکەوتوەکانی ولاتانی تر ، بەتایبەتی ولاتە سوشیالیستەکانا ئەوە ڕاستیەمان بۆ دەرکەوتوە کە بەرهەمی فراوانو کشتوکاڵێکی سەرکەوتو ڕ پێشکەوتوی لە تێکچون نەهاتو بەهیچ جۆرێک لە سیاسەتی ولات بەرامبەر جەماوەری جوتیاران جیا ناکرێتەوەو تا قازانجو بەرژەوەندی ئەم جەماوەرە زەحمەتکێشە پارێزراوترو زیانو گوزەرانیان ئاسودەتر بێت کشتوکاڵی ولات پێشکەوتوتر دامەزراوو جێگیرتر ئەبێتو بەپێچەوانەی ئەمەشەوە کشتوکاڵی ولات بەکۆڕپانێکی کەم تەنگو چەڵەمەی دێتەڕێو ولات توشی قاتو قڕیو کشتوکاڵ دوچاری نەهات نابێت کە ئەمە جگە لەوەی ژیانی جەماوەری جوتیاران ئەشڵەژێنێتو بەرەو هەژاریان ئەباتو ئابوری ولاتیش ئەخاتە تەنگو چەڵەمەوە .

لەبەر ئەمانەی سەرەوە بایەخدان بە چارەکردنی مەسەلەی جوتیار ، بایەخدانە بە کشتوکاڵو تێکڕای ئابوری ولات . چارەکردنی مەسەلەی جوتیاریش هەربەوە ئەبێت کە لەسەر بنچینەیەکی عیلمی ڕاست زەوی بەسەر جوتیاراندا دابەش بکرێتو دەرەبەگایەتی لە ولاتدا لەناو ببرێتو هەمو ئەو کۆسپو گیروگرفتانەی ڕێگای ئەم ئەرکە دیموکراسییە ئەگرن لابەلا بکرێن . بێگومان ئەوەندەی تا ئێستا لە یاسای کشتوکاڵ جێبەجێکراوە تا ڕادەیەک ئاوات و ئارەزوی زۆربەی هەرچینی جوتیار بەڵکو تێکڕا چینە نیشتمانپەروەرەکانی ولاتی جێبەجێکردوە ، بەڵام لەسەر ڕۆیشتنی ئەم

بڕوانە : ل - ٤ -

ئێران دوورگەیەکی تر لەخلیج داگیر ئەکات

ئەدەن : ١٠ - ١٠ ئا.د.ع : هێزەکانی ڕژێمی ئێران لەم دواییەدا دوورگەی - ام الغنم-یان داگیرکردوە، ئەم دوورگەیە کەوتۆتە سەروی - الجلال - و- مسقط -ەوە ، وەوەکو دەروازەیەکی خلیجی عەرەبەوایە .

یەکێک بەناوی بەرەی گەلی ڕزگاری هێنەری عومانو خلیجی عەرەبەوە وتویە :- لەم ڕۆژانەدا ڕاوێژکارێکی شێخ قابوس میری عومان سەری لە تاران داوەو لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانا بەنهێنی ڕێککەوتون کە هێزەکانی شا بچنە ناو ئەو دوورگەیەوە . ئەوەبو هێزەکانی ئێران بەبێ هیچ بەرگرییەک چونە ناودوورگەکەوە .

لێپرسراوەکە وتویە :داگیرکردنی - ام الغنم - بەشێکە لەو نەخشەو پیلانانەی ئیمپریالیستەکانو ئێران بۆ پەل هاویشتنە ناو خلیجەوەسازی ئەکەن . ئەوەی شایانی وتنە ، پار ئێران سێ دوورگەی تری خلیجی داگیرکرد کە ئەمانە بوون ، تەنبی بچوکو گەورەو ئەبو موسا .

دۆزینەوەی نەوت لە دوورگەی ئەبو موسا

لەندەن : ئاژانسەکان :شێخ سلطان بن محمد قاسمی میری دەولەتی شارقە ڕایگەیاند کە نەوت لە دوورگەی ئەبو موسا دۆزراوەتەوە ، وە واچاوەڕوان ئەکرێت کە لە بیرێکدا١٣١ تا ٢٠ هەزار بەرمیل نەوتی نێ دەربێنرێ ، لەمەولاش هەر هەوڵی دۆزینەوەی بیری تر ئەدەن .

Institut Kurde de Paris

هەفتەی باسێک

پیلانێکی بێ دەنگ

بەپێی هەواڵێک کە لە زمان لێپرسراوێکی بەرەی میللی رزگاری هێنەری عومان و دورگەی عەرەبیەوە بیستراوە هێزەکانی ئێران لە کۆنایی مانگی رابوردودا بەپێی پیلانێکی دور و درێژ لەگەڵ سوڵتان قابوسی نوکەری ئیمپریالیزمدا دورگەی ـ ام الغنم ـ یان داگیرکرد . ئەم داگیرکردنەش وەنەبێ یەکەم جار بێت چونکە هەمو لە بیرمانە کە سابڵاغ لەمەوبەر هێزە دەریاییەکانی ئێران دیسانەوە بە هاوکاری ئیمپریالیستەکانی ئەمەریکا و ئینگلیزو یارمەتی کۆنەپەرستەکانی عەرەب دورگەی تەنبی بچوکیان گەورە ئەبو موسایان داگیرکرد .

رۆژێ شا کە بە ئاسانی ئەم دورگانە داگیر ئەکات و بەرەنگاری هیچ بەرهەڵستێکی ئەوتۆ نابێت کە شای ئێران بڕەنجێنێت ئەوەندەی تر هاوتەریب نابێت لە گەلانی رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەراست بە گشتی و گەلانی نیمچە دورگەی عەرەب بەتایبەتی . راستە پیلانگێڕی فراوانی گەورە لە کایەدایە و زۆر دەمێکە دەزگاکانی ئیمپریالیزم بە هاوکاری کۆنەپەرستانی ناوچەکە و ئیسرائیل نەخشەی بۆ ئەکێشن بەڵام نابێ دەسەڵات ـ نفوزی ئیمپریالیزم گەلانی ناوچەکە بە مەرەیەک بەربەتەک هەر دەستەوسان بهێڵین ئەم دەستدرێژیانە بوەستێنێت بەڵکو بڕواشی بە تواناو وزەو خەباتی شۆڕشگێڕی خۆی ڕۆژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران نەهێنێت .

ئیمە کە ئەم چەند دێرە ئەنوسین زۆر چاک چاومان لەو پیلانانەیە کە دژی پێشمەرگەکانی فەلەستین و یەمەنی دیموکرات و دەستکەوتەکانی گەلی عیراق و تیکرا بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی عەرەب و کوردو گەلانی تری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەراست هەیە هەروەکو چاومان لە پیلانگێڕەگەورەکان و نۆکەرەکانیشیان هەیە کە بە فرمانی نەمانەو بۆ پاراستن و قازانجی خۆیان لەم ناوچەیەدا تەراتێن ئەکەن و ئەلقەی پیلانە گەلاوە دوژمنانەکان بە یەکەوە ئەبەستن .

⊙ بەڵام هەرگیز نەمە مانای ئەوە نیە کە گەلانی ناوچەکەو پێشرەوە شۆڕشگێڕەکان و هێزە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکانی ئەبێ دەستەوسان بوەستن و یا دەسەڵاتی ئەوە بە خۆیان شک ئەبەن کە بەرەنگاری ئەم پیلان و نەخشە دوژمنانە ڕوخێنەرانە بین . تاقی کردنەوەی گەلانی شۆڕشگێڕ وەکو گەلانی فێتنام و لائوس و کەمبودیا و کوبا و موزەمبیق و ... ئەو ڕاستیەی ساغ کردۆتەوە کە گەلانی تێکۆشەر لە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بەهێزترن و چەکی شۆڕشگێڕان لە تۆپ و تانک و فڕۆکەی ئیمپریالیستەکان کاریگەرتر نین وە خەباتی شۆڕشگێڕی لە پیلان و نەخشەی ئیمپریالیستەکان سەرکەوتوترن هەروەکو ئەشکەوت و بن دارو دەوەن و گوخ و ژێر زەمین لە کۆشکەکانی داونینگ ستریت و ول ستریت بۆ ڕزگاری بەدەست خستن و سەرکەوتن لەبار ترن .

بڕیە ئەبێ هیزە پێشکەوتنخوازو نیشتمانپەروەرەکانی ئەم ناوچەیە دەنگی ناڕەزایی و چەکی خەباتی شۆڕشگێڕی دژی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی بەرزکەنەوە بۆ تێکشکانی پیلانەکانیان و پاراستنی مافی گەلانی ناوچەکەو ڕاوەدوونانی ئیمپریالیزم و هێزە ڕەشەکانی .

- زۆراب -

یادی پێشەوای نیشتمانپەروەر «شێخ مەحمود» ی نەمر

ڕۆژی دوشەممەی ڕابوردو ٩ی تشرینی یەکەم شانزە ساڵی تەواو بەسەر کۆچی دوایی شێخ مەحمودی نەمردا تێپەڕ بو . گەلی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا لەم ڕۆژەدا یادی پیشەوایەکی نیشتمانپەروەرو فیداکار ئەکاتەوە کە دڵسۆزانە لە پێناوی مافە ڕەواکانی گەلەکەمانا دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و بەکرێ گیراوەکانی ئەجەنگا .

شێخ مەحمود یەکەم هەربە شێوەیەکی سادە ئەبڕا بەڕێوە ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ئەوبزوتنەوەیە جگە لەوەی کە هەڵقەیەکی گرنگی زنجیرەی تێکڕا بزوتنەوەی کوردایەتیەو تاقی کردنەوەیەکی گرنگو پربایەخە بۆ گەلی کورد ، جگە لەمە بزوتنەوەیەکی نیشتمانی دژی ئیمپریالیزمی داگیرکەریش بو وە بەوپەڕی نواناوە بەرەنگاری دەستدرێژی وزۆرو ستەمی ئیمپریالیستەکانی بەریتانیای ئەکرد لەپێناوی پاراستنی خاکی کوردستان لە چنگە گلاوە کانیان و دیفاعی لە بونی نەتەوەی کوردو مافەکانی ئەکرد . بۆیە بە شانازیەوە ئەڵێین کە شێخ مەحمودی نەمر بە چاکی ئیمپریالیزمی ناسیو بو وە بەپێی ئەم چاکە ناسینە ئەچو بەگژیاو هەرلەبەر نەمەش بو کە ئیمپریالیزمی بەریتانیا بەهیچ جۆرێک نەیتوانی بە فریوی بەرێت و بەدەسکەونی شەخسی قایل بکات وەکو ئەو « سەرکردە » دەستکردانەی لە عیراق و ولاتانی تری دراوسیدا دایتاشیبون . وە ڕوویەکی تری پیشکەوتوانەی سەرکردایەتی شێخ مەحمودی نەمر . لەوەدابو کە نەک هەر دوژمنی چاک ناسیبو ، بەڵکو بەتوندی ئەیویست پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا دروست بکات کە یەکێتی سۆڤێت لەوکاتەدا قەڵای پتەو سوشیالیزم و شۆڕش بو .

کەواتە شێخ مەحمودی نەمر دەستخستنی مافی نەتەوایەتی کوردی تواندو تول بەستبو بە بەربەرەکانی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانەوە ، بۆیە خەڵکی کوردستان کردوبانە بە ڕەمزی تێکۆشانی گەلەکەمان دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزو هەمو ئیمپریالیستەکانی تر کە کوردستانیان پارچە پارچەکردو ساکارترین مافی کوردیان زەوت کردو پێشێل کرد .

جەماوەرانی گەلی کورد هەتا هەتایە بێشەوای نیشتمانپەروەر شێخ مەحمودی نەمری لەبیرنا چێتەوەو بەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیەوە یادی ئەکەنەوە .

لە یادی خەباتی درێژخایەنی گەلی لائوس دا

٢٧ ساڵ لەمەوبەرو نە ڕۆژی ١٢ی تشرینی یەکەمداو پاش سەرکەوتنی ڕاپەرینی گەلی لائوس یەکەم حکومەتی نیشتمانی دامەزرێنرا بەڵام هێزە ئیمپریالیستەکان کەوتنە پەلامار دان بۆ ژێردەستکردنەوەی ئەم گەنە .

هێزە نیشتمان پەروەرەکانی کەمبودیا بەرەیەکی یەکگرتوی لائوس شان بە شانی قێتنام و گەلانی هیندی چینی یان پێکهێناوە بۆ پاراستنی ناسایش و سەربەخۆیی لاتەکانیان و خەباتکردن دژی دەست درێژییەکانی ئەمریکا . ٢٧ ساڵی تەواوە ئەم گەلە بەسەرکردایەتی (بەرەی نیشتمانی) و لە ژێر ئاڵای سویای ڕزگاری میللی دا لە خەباتێکی سەختدایە بۆ وەدی هێنانی ڕزگاری و بنیات نانی ژیانێکی نوێ لە ناوچەرزگارکراوەکانیا .

Institut kurde de paris

سەربەرزی بۆشەهیدانی ڕێگای سەربەخۆیی ئێران

مەهدی ڕەزائی

محمد صفاری آشتیانی



احمد زیدرم

هەرڕۆژە کە ڕادەبڕێ وەزعی ئێران زیاتر بەرەو ئالۆزی دەچێ ، ئەوهەمو کوشت و کوشتارو زەبروزەنگەی کاریەدەستە خۆفرۆشەکانی ئێران بەڕۆانیوە تۆزقاڵێک ئێرادەی ڕوکە فیداکارو شۆڕشگێڕەکانی گەلانی ئێران تێک بشکێنێ ، ئەگەر ئەمرۆ تەفەی شێستێ تیری جەلادە خوێنخۆرەکانی دیکتاتۆری ئێران بەرز دەبێتەوە ، بۆ بەیانی دەنگی موسەلسەلی شۆڕشگێڕەکان دڵی دوژمنانی گەل دادەخوڕێنێ و بەزمانێکی ئاشکرا هاوار دەکا شۆڕش بە خوێن ڕشتن سەرکوت ناکرێ و ئاگر بە نەوت ناکوژێتەوە . لە دوسەاڵی ڕابردودا بە لانی کەمەوە ٢٠٠ کەس لە ڕۆڵە گیانبازەکانی ئێران بەدەستی بیاوکوژە تاوانبارەکانی ڕێژیمی حەمە ڕەزاشا لە مەیدانی ئیعدام ، یا لە ئازارگە تاریکەکو تەڵەمەکان دا شەهید کراون ، بێ ئەوەی هیچ سودی بۆ دامودەزگای چەپەڵی ئاشایەتی و ئیمپریالیزمی ئاغای تێدا بوبێ توانیبێتی ئەوهێزەی و هیمنی یەی ئیمپریالیزمو ڕۆژهەڵاتی ئێران ئاواتی بژەهەڵدەخوازن ، دابین بکا . بەپێچەوانە ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ وەزعی ئێران پتر شڵەژاوەو کار گەیشتۆتە جێگایەک کە ئەونێرانەی شا دەیکەوت جزیرەیەکی ئارامە لەناو ئوقیانوسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، ئێستا ڕیانر وەک بەڵەمێکی شکاو دەچێ لەناو دەریایەکی بەگڕاوە شەپۆلدا .

لەبەرئەوەی ئیمپریالیزم جیهانی بەسەرکردایەتی ئەمریکا کە هەمیشە دەستی بەشتی ڕیژیمی کۆنەپەرستی ئێرانەوە بوە ، بەهەمو ئامانیەوە هەوڵی داوە ئەرتەشی دژی گەلی ئێران بەهێز بکا ، تازەترین و ماڵوێرانکەرترین چەکی بێبەرامبەر بەو هەڕەشە لەشۆڕشگێڕانی ئێران دەکەن کە لەناخرین دەرفەت دا ئەگەر هیچیان لەدەست نەیە بەڕێ بکەن و کارخانەو شارو دێو کارخانەو مەدرەسەو نەخۆشخانە زەریە

بڕوانە ل ـ ٤ ـ

نوسین وئامادەکردنی عادل

لە شۆڕشی ئێران دەدەن .

ماوەیەک لەمەوبەر لە هەوڵەکانی ڕەزاشا بۆ داڕشتنەوەی ڕەوشی ئابووری و ڕاگرتنی ئاستی (اعلیحضرت) لە تەسلیم نەکردنی ئێران هەرئەوەیە کە ئێران تەسلیمی خەڵکی ئێران و شۆڕشی ئێران ناکاو ئەگەر هەر ناچاریش بو . کەلاوەیان بەسەردا بەجێ دێڵێ (ماستێک بۆ من نەبێ پشیلە بیخوا) .

ڕۆژنامەی (باختر امروز) بڵاوکراوەی (جبهه ملی ایران) لەژمارە ٣٠ خۆیدا گۆشەیەکی لەجینایەتەکانی ڕێژیمی شاهنشاهی دیمەنێک لە فیداکاری و گیانبازی شۆڕشگێرانی ئێرانی خستۆتە بەرچاو . ئەوڕۆژنامەیە دەنوسێ (لەدومانگی دوایی دا لەئێران خەباتی چریکەکان بەتوندی درێژەی هەبوەو هەموڕۆژی یێک هەڵپڕژانێکی چەکدار لەنێوان چریکە شۆڕشگێڕەکان و پۆلیسی گۆڕانو بەکێکی تر لەچریکەکان بەناوی عرت شاهی جێگای خۆی دەگۆڕێتەوە بەڵام هێندیک تەقەمەنی کە لەتاکسی دا هەڵیگرتوە دەتەقێتەوەو دەبێتە هۆی شەهیدبونی . ئەوچوارکەسە هەمویان ئەندامی ڕیکخراوی شۆڕشگێڕی چریکەکانی فیداکاری گەل بون .

ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ٥١ لەکاتێکدا ڕێژیمی دەستنێڕی شا جێڕنی کودیتای سازمانی جاسوسی ئەمریکا (کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ) بەڕیا دەکا . ڕۆڵەی شۆڕشگیری کەل احمد زبیرم ، بۆئەوەی زەربەیەکی شۆڕشگیرانە لەڕێژیم بداو بێزاری لە ئیمپریالیزم دەربببڕێ بەنوێنەری گەلی ئێران و پەیمان لەگەڵ ئەوزەحمەتکێشانەی لەژێر زوڵم وزۆری ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دا بەسەر دەبەن ، دەست بەکردەوەی شۆڕشگیرانە دەکا . بەداخەوە پێش ئەوەی بتوانێ بۆمبای کاتژمێری زۆر بەهێزی خۆی لەدژی کۆنەپەرستی ئێران وەکار بخا ، لەشەرێکدا لەجنوبی باران شەهید دەکرێ . احمد زبیرم یەکێک لەڕابەرانی تێکۆشەری **ڕێکخراوی چریکەکانی فیداکاری گەل بو کە لە هەڵوەمەرجێکی وەک هی صفاری دا خەریکی کاروتێکۆشانی نوێنی بو .**

مهدی رضائی لاوی شۆڕشگیری ١٩ ساڵە کە

بڕوانە : ل ـ ٤ ـ

بەیاننامەی وەزارەتی دەرەوەی کۆریا دەربارەی باسکردنی یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی کۆریا لەنەتەوە یەکگرتوەکاندا

چەند دەوڵەتێک بە دەستپێشخەری کۆماری گەلی جەزایر پێشنیازێکی نوێیان پێشکەش کرد بۆ ئەوەی « مەسەلەی زەمینە خۆش کردن بۆ یەکخستنەوەی کۆریا بەخێرایی و سەربەخۆیانە » بخرێتە بەرنامەی کاری ٢٧ مەمین خولی ئیستای ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە

ئەم پێشنیازە دەربارەی مەسەلەی کۆریا لەپێشنیازە ناچێت کە لیژنەی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ یەکخستنەوەو ئاوەدان کردنەوەی کۆریا لەمەوبەر پێشکەشی کردبو ، بەڵام ئەم پێشنیازەیان بەپێویستی نەزانی دووبارە بڵێینەوە ، چونکە سوڕن لەسەر ئەوەی کە ئەبێ هێزە دەستدرێژکەرەکانیان لەژێر پەردەی نەتەوەیەکگرتوەکاندا لەسەر داگیرکردنی کۆریای خوارو بڕۆن و دەست بکێشێتەوە کاروبارێکەوەو سوڕن لەسەر بەشبەشکردنی کۆریای خوارو ڕێگرتن لە یەکخستنەوەی . ئەم تەقەللایەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا دوای دەرچونی بەیاننامە دوو قۆڵیەکەی ژووروو خوارو ، ئەوەی دەرخست کە نایەوێت هێزەکانی لە کۆریای خوارو کەم کاتەوە ، بگرە ئەشمیەوێت دەم لە سوپای کۆریای خوارو بژەنێ و پاڵ بە کاربەدەستەکانیەوە بنێت کە لەهەڵوێستی خۆیە - بەهێز - بەتایبەتی لەو ڕاپۆرتە سالانەیەدا دەرکەوت کەلەم دواییەدا « لیژنەی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ یەکخستنەوەو ئاوەدان کردنەوەی کۆریا » پێشکەشی کرد ، کە بە تەواوی بەناوی ئەمەریکاوە ئەدوێ . ئەو لیژنەیەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ « یەکخستنەوەو ئاوەدان کردنەوەی کۆریا » کە خزمەتی سیاسەتی دوژمنانەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ئەکات ، بێشەرمانە ئەیەوێت بەیاننامەدوو قۆڵیەکەی ژووروو خوارو بشێوێنی و تێکی بدات ، وەوا لەڕای گشتی بکەیەنێت کە ئەو بەیاننامەیە جێی خۆتێهەڵقورتاندنی سیاسی و عەسکەری نەتەوە یەکگرتوەکان لەکۆریا ناگرێتەوە ، وە داوا

بڕوانە : ل ـ ٤ ـ

رەخنەی جەماهیری و رەخنەی پسپۆرەکان



فوئاد قەرەداغی

کاتێ ڕوانگەیەکی بەڕێزی ئەدەبی ئەدەبەوە هۆیەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ڕەخنەگرانەی شارەزای ئەدەب نین و مافی ئەوەیان نییە خۆیان لە مەسەلەکانی ئەدەب هەڵقورتێنن ! بەڵای ئەوانەوە تەنها ئەو کەسانەی ئەدیب و شاعیران مافی ئەوەیان هەیە ڕەخنەبگرن .

ڕوانگەییەکان هەر لەوکاتەدا کە بڕوایان بەڕەخنەی هیچ کەسێک نییەو ڕێبازی ڕوانگە بە (ڕاستی)و بە ڕێبازی ئەدەبی نوێی کوردی ئەزانن ، کەچی لە بەرامبەر ئەو نووسەرانەدا کە ڕەخنە لەڕێبازەکە بگرن مەسەلەی ڕەخنەگرتن لەلایەن شارەزایانەوە ئەهێنێتە پێشەوە تائێستا هیچ یەکێک نەبووە کە ڕەخنەی لەم ڕێبازە گرتبێ و ڕەخنەکەی لای ئەم ئەدیبانەی ڕوانگە پەسەند بووبێت .

کاک شێرکۆ ڕای وایە کە ئەو ڕەخنانە هەڵێنجانی قسەی هەڕەمەکی یە لە سەرکی ڕەخنەگرەکان خۆیانەوەو گلەیی ئەوەی هەیە کە « ئاوڕێک لە زەخیرەی بیری ئەو شارەزاو پسپۆزانە » نادەنەوە کەلەو « مەیدانەدا کاریان کردووە ، بە سەدان کتێب و وتاریان خستۆتە ناو کتێبخانەکانی ، فیکرو ڕۆشن بیری و زانیاری ئەم مەسەلانەوە ، بۆ هەر زاراوەو مەڕۆف بخەنە بەردەستی ئەدەبی و ڕەخنەگرانەوە » ، ئەم ڕەخنەگرانە ٠٠ کە بێ گومان ناویشیان نابرێ لێ ئەکرێت ، چونکە بەڵای منەوە ،لەو سایەقانە ئەچن ٠٠ کە ناویشیان نانرێ سایەفی ٠٠ خۆیان فڕێ بدەنە ئوتومبیلەوەو سوکان بگرن بەدەستیانەوە ٠٠ بەڵێ کوێرانە لێ بخوڕن ٠٠ بەڵێ لێ بخوڕنو گیانی سەدان مرۆڤ بخەنە مەترسییەوەو هەفهوەیەکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی وا ، ٠٠٠ هەزاران لاپەڕەیان لەسەر نوسراوەو جێگای لێدووانو شی کردنەوەو قسە لەسەرکردن بوون بەردەوام تا ئێستاش » ٠ وەک هەر ئەمە بەڵکو نووسەر ئەمە بە « دەرەبەگایەتی ناو نووسین » ناوئەبات لەبەر ئەوەی ئەم ڕەخنەگرانە «بەزۆر سواری ملی ڕەخنەی ئەدەبی بوون » ٠ نووسەر لەم موحاکەمە سەیرو سەمەرەیەدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە « ئەم ڕەخنەگرانە ٠٠ کە بێ گومان ناویشیان نابرێ بەڕەخنەگر ، مەترسیان زۆر لێ ئەکرێت ، چونکە بەڵای منەوە ،لەو سایەقانە ئەچن ٠٠ کە ناویشیان نانرێ سایەفی ٠٠ خۆیان فڕێ بدەنە ئوتومبیلەوەو سوکان بگرن بەدەستیانەوەو ٠٠ بەڵێ کوێرانە لێ بخوڕنو گیانی سەدان مرۆڤ بخەنە مەترسییەوەو دەیانیش پان و پلیش بکەنەوە» (هاوکاری ، ژمارە ، ١٢٩) ٠

نووسەر ئەیەوێت بەم موحاکەمە بێ سەروبەرە خەڵکی چەواشە بکات و ئەوە بشارێتەوە کە تا چ ڕادەیەک بە ڕەخنەی ڕەخنەگرەکان قارسە ٠ لەلایەک ئەیەوێت بەهۆی سەدان کتێب و ووتاری شارەزایانو پسپۆزەکانی ئەدەب ڕەخنەگرەکان بترسێنێ ، وە لە سەرێکی ترەوە «دەرەبەگایەتی ناو نووسین » کە ڕوانگە کەوەکیانە بیسەپێنن بەسەر ئەدەبی کوردیدا ، بیدەنە پال خەڵکی ترو خۆیانی لە پەنا بشارنەوە ٠ هەروەک دوا ئەنجامی لێکدانەوەکەشی بەنیازی چەسپاندنی ئەمەو « دەرەبەگایەتی ناو نووسین »یەو بۆ ڕێ بەستنەوەیە لە جەماهیر کە ئێستا ئەو ڕەخنەگرانەی بە ڕەخنەگرتن لە ڕەخنەگرانی ئەدەب ڕاپەڕیون ، ئەوا ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی ڕەخنەگرانی ئەدەب

کۆمپانیای گشتی ماخوری دەست‌کرد لە هەولێر

کۆمپانی گشتی ماخوری دەست‌کرد لە هەولێر، لەماوەی هەردوو مانگی ئاب و ئەیلولا ٤٦٨ مەتری چوارگۆشە مافوری زیاد دروست‌کردوە.

ئەمە ئەوەئەگەیەنی کە بەرهەمی کارگەکە لە دوو مانگەدا گەیشتوتە ٧٧٣ مەتری چوارگۆشە.

لەو کۆمپانیەدا ٩ شوینی فیرکردن و دروست‌کردن هەیە کە لەم دواییەدا فراوان‌کراون.

کۆمپانیەکە بە زووی ئیش بەو منالانە ئەکات کە پلەی مەشق و خوێندەواریان لەژێر چاوەدێری شارەزاکانی عیراق لە پیشەسازی مافوری دەست‌کرد تەواو کردوە.

ئەوەی شایانی باسە ئیستا لە کۆمپانیەکەدا خەریکی دامەزراندنی چەند مەکینەیەکی تازەن کە ئەتوانی ٤٢ تەن دەزوی ئاوریشم و ٥٠ تەن دەزوی لۆکە لە سالێکا بریسیت.

٤ پڕۆژەی ئاو لە کوردستاندا

پڕۆژەی ئاوی سلێمانی

دایەرەی بینا و خزمەتگوزاری چەند داواکاریەکی نوێی لە کومپانیە ئیستشاریە کانی جهانەوە بو جێبەجێ کردنی پڕۆژەی ئاوی سلیمانی پێگەیشتوە. وە ئیستاش لەگەل وەزارەتی نەخشەکێشان و شارەوانیەکان، بۆ هەلبژاردنی خەریکی پەیوەندی کردنن یەکیک لە کومپانیەکان تاکو جێبەجێ کردنی پڕۆژەکەی پێ بسپێرن.

پڕۆژەی ئاوی دهوک

وەزارەتی شارەوانیەکان داوای لە وەزارەتی نەخشەکێشان کردوە کە پڕۆژەی ئاوی دهوک بخاتە بەردەستی لیژنەی ئاراستەکردنی ئەنجومەنی نەخشەکێشان، بۆ ئەوەی رەزامەندی ئیجالە کردنی موناقەسەی پڕۆژەکە وەربگرێت.

پڕۆژەی ئاوی سید صادق

وەزارەتی نەخشەکێشان داوای لە وەزارەتی کاروباری ژوروو کردوە کە چی ئەزانیت دەربارەی ژمارەی دانیشتوانی سەید صادق و جوگرافیای ناوچەکە بویان بنوسیت بۆ ئەوەی پڕۆژەی ئاوی سەید صادق لە پاریزگای سلێمانی جێبەجێ بکەن.

پڕۆژەی ئاوی کەرکوک

هەفتەی رابوردو پاریزگاری کەرکوک بەردی بناغەی پڕۆژە نوێیەکەی ئاوی کەرکوکی داناوە، پڕۆژەکەش لە نزیک ناحیەی دبس ئەبێ لەسەر زێی بچوک. هەروەها پڕۆژەکە بریتی ئەبێ لە دوو عەماز بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە ٨٥٠ هەزار گالۆن ئاو ئەگرێ.

وە ئەو پڕۆژەیە کە بەدوو سال تەواو ئەبێ ٨٥٠ هەزار دیناری ئێ ئەچێو سەرەڕای شاری کەرکوک زەوی و زاری دەورو پشتیشی بەراو ئەکات.

● دوو سال لەمەوبەر ... سال سالی ١٩٧٠ بوو ... مانگی تشرینی یەکەم ئێوارەی ٥ شەممە ڕێکەوتی ١-١٠-١٩٧٠ لە نزیک چەمچەمالەوە.. لەم ڕۆژەدا دڵی دوو لاوی کورد لەلێدان کەوت بە رووداوی ئوتومبیل.. ئەویش دکتور فاضل رشید قەزاز و خاڵۆزاکەی (دلێر حاجی حمه سعید) بوون.

● جوانەمەرگ فاضل لەڕۆژی دووەمی ناوەندی یەوە بوو بە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق. وە لە گەرمەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردا لە ساڵی ١٩٦٣دا چوە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تاوەکو ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ گەل و ولاتەکەی.

● جوانەمەرگ هیوای ئەوەی لێ ئەکرا کە چالاکانە خەباتی کۆمەلانی خەلکی کوردستانا بەشداربێت. چونکە هەمیشە ئەم لاوە نیشتمان پەروەرە ساتێک بیری فەرامۆش نەئەبوو لە مەسەلەی چەوساندنەوەی نەتەوەکەی. خۆ لەم ساڵانەی دوایی خوێندنیا بە شێوەیەکی زۆر دیاری هەستپێکراو زووربەی کاتەکانی خۆی تەرخان کردبو بۆ خوێندنەوەو دراسەت کردنی مەسەلەی کوردو تیوری زانستی پێشکەوتنخواز، هەروەها لێکۆڵینەوەو شارەزابوون لە تاقی کردنەوەی گەلانی نازادبوو وە ژێردەستەی جیهان و چۆنیەتی نازادی و رزگاربونیان. سوود لێوەرگرتنیان وە بەستنەوەیان بە مەسەلەی کوردو رزگاربونیەوە.. وە لەم بوارەدا بەگورجی بەرەو پێشەوە چوو بۆیەکا ئومێدی گەورەی لێ ئەکرا.

● جوانەمەرگ هەروەک چۆن نەخۆی وە نەکەس بەتەمای ئەوە نەبوون کە ناوەها سوشیالیستو ولاتانی سەربەخۆ لە ئاسیاو ئەمەریقاو ئەمەریکای لاتین بەگەرمی پشتگیری یەکخستنەوەی ئاشتی و سەربەخۆیی کوردیا ئەکەن.

بەیاننامەکە لە کۆتاییدا داوا لە حکومەتی ئەمەریکا ئەکات کە بەچاوێکی واقعیانە سەیری باری گەشەکردوی کوردیا بکات و واز لەو پیلانانە بهێنێت کە دژی یەکخستنەوەی کوردیا سازی ئەکات، وە هێزەکانی لە کوردیای خواروو بکێشێتەوە و لووت نەژەنێتە کاروباری ناوخۆیەوە. هەروەها حکومەتی کۆماری دیموکراتی گەلی کوردیا لە بەیاننامەکەدا داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان ئەکات کە پێش هەموشتێك (لیژنەکەی یەکخستنەوەو ئاوەدان کردنەوەی کوردیا) هەڵوێستێتەوە و ئەو هێزانەی بەناوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە کوردیای خواروبان داگیرکردوە بکێشێتەوە و ئەو بڕیارە نارەوایانەی سەبارەت بە کوردیا داونی هەڵوەشێنێتەوە.

بەبۆنەی دو ساڵ تێپەڕبون بەسەر کۆچ کردنی دکتۆر «فاضل رشید قەزاز»ەوە



بە کتوپڕیو بەو شێوەیە کۆتایی بەژیانی بێت لەهەماز کاتیشا بەتەمای ئەوەش نەبوو هەرگیز چاوەڕوانی کۆشش و تەلارو پارە بێ! بەڵکو بەتەمای ئەوەبو کە شانبەشانی ڕەنجبەران و زەحمەتکیشان و کوردستان لەپێناوی ئازادی و چەوساندنەوە خەبات بکات.

● بۆیەکا جوانەمەرگ عەزەخێزی و خێزانەکەی نەچوە بەڵکو لەگەڵی کورد چوە... وەبەوە ئەم گەلە هەژارە جارێکی دی ئەندامێکی هەڵکەوتوو خەبات کەرێکی شورشگێڕ کەگۆش کراو بە عەدالەتی مەسەلەی کوردوو، بەبیری پێشکەوتوو، بڕواکردو بە جەماهیری ڕەنجبەرانی کوردستان، وە ڕێگەش بۆ برادەران و هەڤاڵانی ڕێگا وون نەکردنیەنی و هەوڵبدەین کە لاسایی بکەینەوە لە کردارو ڕەفتاردا.. وە ئەو نامەیەی کە جوانەمەرگ بەتەمای بوە بیگەیەنێتە ئەنجام بیگرینە ئەستۆی خۆمان.

وە لە یادی دووەمین کۆچ کردنیا پەیمانی لەگەڵ تازە ئەکەینەوە کە درێغی نەکەین لە بەجێ کەیاندنی ئاواتەکانی گەلی کوردو ڕەنجبەرانی کوردستان. ئیتر هەزار سڵاو لە گیانی پاکی.

محمد صابر

چینی میللی بای ٢ ملیون دینار خورما لە عیراق نەگرێ

کاك جواد الحلیفی لە جیاتی بەریوەبەری گشتی دەزگای فروشتنی خورما، وە هان بیاو جێگری سەروکی ئیسترادی چین ٧٥ هەزار تەن خورما لە عیراق ئەکریت کە بای ٢ ملیون دینار ئەبێت.

کاك الحلفی ووتویەتی ئەمە گەورەترین ریککەوتنامەی خورما فروشتنە لەگەڵ ولاتی چیندا.

ئاوبراوی چین ماوەیەکە هاتون ئەوەی شایانی باسە وەفدی بۆ عیراق بۆ ئەوەی لە ڕادەی پیشکەوتنی ئابوری کشتوکاڵ و پیشەسازی عیراق بگەن.

دابەش کردنی سەنەدی بەرگری بەسەر تونەوانەکاندا

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردو یەکێتی کۆمەڵەی هەرەوەزکاری-یەکانی پاریزگەی سلێمانی دەستی کردوە بە دابەش کردنی ٥ هەزار سەنەدی بەرگری بەسەر تونەوانەکانی پاریزگەکەدا.

ئا.د.ع

گۆشەی تەندروستی

- گرانە تا -

دکتور نەوزاد

◉ گرانەتا یەکێکە لەونەخۆشیانەی زوو بڵاو نەبێتەوەو توشی ریخۆڵە نەبێت. میکرۆبێکی تایبەتی هەیە کە پێی ئەوترێ (سالمۆ نیلا تایفی) کە لەگەڵ خواردەمەنی نەکولاوو سەوزەو میوەهات و ئاوی پیس و شیری نەکولاودا ئەچێتە ناو ریخۆڵەکانەوە. لەبەر ئەمە ئەم نەخۆشیە زیاتر لەدیهاتەکاندا بڵاوئەبێتەوە بەهۆی نەبونی مەرجە پێویستیەکانی تەندروستیەوە. وە لەهەندێ شوینی دنیادا ئەم نەخۆشیە بەدرێژایی سال هەیە، بەڵام هەندێ جار بەهۆی هاتوچۆ کردنی خەڵکیەوە لەوناوچانەوە ئەچیت بۆ ناوچەیەکی تر. هەروەها ڕێك نەخستنی زێراب و ناوەڕۆ لەشارەکاندا هۆیەکن بۆ زووبڵاوبونەوەی گرانەتا.

◉ نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە لەوکاتەوە سەرهەڵئەدا کەمیکروبەکە ئەچێتە ریخۆڵەوەو ئەبێتە هۆی هەوکردنێکی تایبەتی دیوارەکانی ریخۆڵەو سەری دێتە ژان و تای لێ دێت بۆماوەیەکی زۆر تائەیگرێت. دوای چەند سەعاتێك تاکەبەری ئەداو سەرلەبۆ ئەیگرێتەوە. لەهەفتەیەکەدا نەخۆش قەبزئەبێ و پەلەی سورسور لەسەر سکی پەیدا ئەبێ. لەهەفتەی دووەمدا میکرۆبەکە لەدیواری ریخۆڵەوە تێکەڵ بەخوێن ئەبێ و زۆر جار میکروبەکە ئەچێتە ناو زراوەوەو نەخۆش تاکەی زۆر ترئەبێ و سکی ئەچێ. ئەگەر نەخۆش چارەسەر نەکرێ لە لۆتایی هەفتەی دووەمو سەرەتای هەفتەی سێیەمدا هەوکردنی ریخۆڵەکان بەردەوام نەبێن و ئەبنەهۆی کون بونی دیواری ریخۆڵە کەزیانی نەخۆش ئەخاتە مەترسیەوە.

◉ بۆ دەستنیشان کردنی ئەم نەخۆشیە. بێجگە لەوشتانەی. لەسەرەوە باسمان کرد فەحس کردنی خوێنی نەخۆش پێویستە بۆئەوەی بزانرێت ئایا ژمارەی خرۆڵکە سپیەکانی خوێن کەمبۆتەوە یان نا چونکە کەمبونەوەی نیشانەیەکی گرنگی نەخۆشیەکەیە هەروەها پێویستە پیسمایی یا خوێنی نەخۆش زەرع بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێ میکرۆبی تێدایە یان نا.

● ئیستا جۆرە فەحسێکی تایبەتی خوێن هەیە کە پێی ئەوترێ (ئیدال) بەتەواوی نەخۆشیەکە دەستنیشان ئەکات.

- ماوێتی -

بۆچی تەزای چوارتا هەروا بەدواکەوتویی بمێنێتەوە؟

- احمد خدر -

قەزای چوارتا مەرکەزی ناوچەی شاربازێڕ بە (٣٨) کم دەکەوێتە سەروی شاری سلێمانیەوە لە قەدپاڵی چیایەکی بەرزدایە کە ئەمیش دوێرەدە بێتەوە بەرەو قەزای پنجوین. ژمارەی دانیشتوانی بەکوندەکانی دەوروپشتیەوە، جگە لە ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکانی بەگوێرەی ئیحصائیەی ساڵی ٩٥٧ ئەگاتە ١٦ هەزار کەس.

بێگومان ئەوەی لای هەموو کەس ڕوونەو ناشکرایە ئەوەیە کە هەموو لایەکی کوردستان دواکەوتووە وەك تەنیا چوارتا ئەمەش بەهۆی باری ناڕۆزاوی ڕابوردومانەوە بوە.. بەڵام بابزانین ئێستاکە وا ٤ ساڵ بەسەر ئەو بارە ناڕۆزەدا تێپەڕیو کەمێك گۆڕاوە، بەڵام بۆچی هەروا دواکەوتوبێت؟.

دەربارەی ئەم دواکەوتنەی لەم قەزایەدا هەیە ئەم چەند شتانەی خوارەوە دەخەمەبەرچاو:

١ - گومان لەوەدانیە کە ڕێگاوبان تەئسیری هەیە لە پێشخستنی ولاتدا. بۆ نمونە ڕێگای سلێمانی و چوارتا بەتایبەتی پێش ئەوەی دایەرەی ئەشغال ئیشی لێ بکات زۆر ناخۆشو ناڵەبار بوو. کەس بەقامەی ئەوە نەبوو لەو ڕێگایە بەسەلامەتی بگاتە جێگەی خۆی بەڵام ئێستاکە دایەرەی ئەشغال نزیکەی (١٠) کمی لێ قیرتاو کردوە کە ماوەی دوو ساڵە ئیشی لێدەکات! واتە بەم جۆرە بڕوات (٢٨) کیلۆمەترەکەی ترەی بە (٣) ساڵیتر تەواو دەکات! ئەبێت ٣ ساڵیتر هەر چەرمەسەری و ناخۆشی هاتووچۆکردن بکێشین.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکیتر ترەوە کرێی هاتوو چۆکردن گرانە تۆ بڵێی (نەقابەی هاتووچۆکردن) بتوانێ کەمێ کرێکە کەمبکاتەوە بۆ هەژاران بێدەستان!

٢ - پلەی زانیاری: تەنیا قوتابخانەیەکی سەرەتایی کوڕان و یەکێکی کچانی تێدایە لەگەڵ قوتابخانەیەکی ناوەندی کە لەم دواییەدا کراوەتەوە. هەتاکو ئێستاش قوتابخانەیەکی ئامادەیی تێدانیە. هەرچەندە فەرمانی دروست کردنیش دەرچوە، بەڵام واسائێك بەسەر دارۆیشت هیچ دیارنەبو، لەبەرئەوە زۆرکەس ناتوانن بخوێنن، ئەگەر بشخوێنن ئەتوانن بگەنە پۆلی سێیەم، چونکە لەبەر دەست کورتی ناتوانێ لەشارا پلەی ئامادەیی تەواو بکات بۆیە دوا لە بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی دەکەین کە بەزووبی هەوڵی کردنەوەی قوتابخانەیەکی ئامادەیی لەم قەزایەدا بدات. ئەگەر بەڵکەی ئەوەی هەیە کە گوایا قوتابی کەمە ئەتوانێ سەربکێ قوتابیانی ناوچەی شاربازێڕ بکات کە لە (ئامادەیی کشتوکاڵ و پیشەسازی) لە سلێمانی دەخوێنن. بێگومان ئەگەر ئەم قوتابخانەیە ببوایە نەئەچون بۆ دەرەوەی شارەکەی خۆیان.

٣ - تازە خەریکن زەوی ئەو شەقامەی چوارتا ئەکات بەدوو بەشەوە قیرتاوی ئەکەن کە ئەوش بەشی ساڵێك یان دوو ساڵ زیاتر ناکات.

هەروەها زۆر لەخانوەکانی کە وەختی خۆی کاربەدەستانی میری تێدا بوون ڕووخاون کە زۆر شێوەیەکی ناشیرینیان هەیە دەڵێی وێرانەی هەزار ساڵەن، تۆ بڵێی دەزگا لێپرسراوەکان بتوانن ئەو خانوانەچاك بکەنەوە؟ خۆ ئەگەر بەهەژارو لێقەوماوان یان بەخێزانی شەهیدانی نەدەن، ئەتوانن بەکرێ بیدەنەوە بەفەرمانبەران.

٤ - باری تەندروستی، تەنیا خەستەخانەیەکی تێدایە، قەیناکات شوکرین بەمەش بەڵام با دەرمانی تەواوی بۆ بهێنن، زۆرجار دەرمانی تێدا دەست ناکەوێت، دانیشتوان ناچارن بنێرن لە دەرەوەی شار بیکرن.

ئەمە بەکورتی باسی باری ژیانی قەزاکە بو، بەکورتیو لەو ئیشانەش کە میری کردونی:

١ - کردنەوەی بازاریکی دەکرێ تازە لە خواروی چوارتاوە.

٢ - کردنەوەی ئینحصاری لێقەوماوان بەدروست کردنەوەی تونێل، کە تونێ تێدا فەحس خانوەکانیان.

٣ - یارمەتیدانی هەندێ لە خاوەن پیشەکان بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان و دەست بکەنەوە بە کارەکانیان.

یانەی تیپی هێرش لە هەولێر

یانەی تیپی هێرشی هەرلێر بۆتە مەڵبەندی چوست و چالاکی وەرزشکارانی شارەکەو بەهۆی گورجو کۆڵی ئەندامانیەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆی بەخەڵکی وەرزش دۆستان ئەناسێنێ. وەکو زانیومانە یانەی ئاوبڕاو بڕیاری داوەکە چەند (مدرب) یەك تەرخان بکات بۆ مەشق پێ کردنی وەرزشکاران وە بەم شێوەیەی خوارەوە:

حازم عثمان بۆ تۆپی پێ، وە ناصح بەننا بۆ تۆپی سەبەتە ئەنوەر ئیبراهیم بۆ ئیتس و شێرزاد سعید بۆ شەترنج و احمد سعدون بۆ بۆکسین و ڕەمەزان خورشید بۆ باڵە.

پاشماوەی بەیاننامەی وەزارەتی

ئەکات کە ئەبێت ئەم دەستلەم ڕاستیانەدا بەتەواوی دەرکەوت کە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەوەی کە ئەنجامی پیلانەکەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکادا باس کردنی مەسەلەی کوریای دواخست، دەستی یارمەتی بۆ گەلی کوریا ڕانەکێشا کە لەپێناوی یەکخستنەوەی کوریادا بەشێوەیەکی سەربەخۆو پشت بەتوانای خۆی و دوور لە خۆ تێهەلقورتاندنی بێگانە خەبات ئەکات. بەر لە هیوای گەلانی دنیا ئەگرێت و ڕێ بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ئەدا کە مافەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان پێشێل کا. بەڵام سەرکەوتنی ئەمەریکا لەمەدا هیچ مانای ئەوە نیە کە توانیوێتی ئەو پشتگیریە بەتینەی کەلانی دنیا دەربارەی مەسەلەی یەکخستنەوەی کوریا بشارێتەوە و ناشتوانێت ئەو بەربەستی تەقەللای ولات

خورتەکێ کوردێ خەباتکەر

کێلان چەلەبی - دهوک -

مێژووا ژیانا مروڤێ کوردژوێ روژا لکوردستانێ نالنجی بووی ، بەردەوام مێـــژووامێرانیو چەلەنگیو زیرەکیەکا بێتوخیب بووەو قول - قولەدهەر چاخەکیدا بسەربلندی بەریمرنێو قوربانیدانی بێنچوینو بێپەک گیانێ خویـــێ بەخشی دریکا ژیانـــــەکاسەرفەرازدا .

لەوراژی یێ بەرپەرێـــن مێژووا کوردی ڤـــەدەت دێ بینیت هەمی دەمشـــــتن ژسەرهاتیا وەلێ کو هنـــدێ دنیا هەیە جهێ سەربلنـــدیامروڤێ کوردو هەمی مروفەکێ خەباتکەرە ژبو سەربخویـــێو سەربەستیێو پاشە روژەکا خوشتر .

ئەڤ بسەرهاتیە لـــەمێ شورشا کوردستانا بـــزۆری بتورکیاێڤە گرێدای یابووی ، پێشکەشی خونیدەڤانێن هێژا دکەم بهیڤیا هندێ کو ئـــەڤ گیانێ خوبەختکرنێ لنـــک خورتێن کورد هەر بێتـــــە بارازتنو گەرم کرن :

بەری ئاگرێ شـــورشێ هەلبیت میرێ بوتان مەرمانەک دەرکر کو هەر کەسەکێ بڤێت بگەهیتە شورشگیرا دفـــێ بێتە گوندێ میری بەلێ بڤان مهانا - شرط -:

● هەر ماقیلەک ئان مەزنەک دڤێ کێمی سەد مێرا دگـــەل نەبن وەکی دهێت .

هەر مێرەکـــێ بهێتن ژێ دڤێت شە خو دبـــەر رهێت وێرا بگریت ، ئانکو زەلامەکێ ژێهاتیو برهو ســمبێل بیت نەکو سنێلەو زارو بیت .

ئەوبو مللەت هەمی لـــدوی میرێ بوتا کەفتو سەد ـــسەر زەلام دهاتنە گوندێ میری .

دوی دەمێدا خوراتـــــــەکورەکێ ئێتیم بڤێ چەنـــدێ زانی ، دبێژو روژەکێ گـــو ەدەیکا خو :

- ســـــوبە سپێدی ڕوی رابـەو هندە کادا بومـــــن جێکە دێ چمە نک میری .

دەیکا وی هندی گوتێ :

زەلامێت میرێژی یاهەی بو گوتو گوتنە بچویکەو کـەس ژێ دگەل نینە . ئینا مـــیری گوتێ :

- لاوێ من تو بو هاتی ؟

کورکی گوتێ :

- پوچی ئەزبەنی ؟

- پا کانێ ســـــەد میرێت تـــە ؟

- ئەزبەنی ئێک بسەدانەو سەد بئێکینە !

میری گوتێ :

- ئەڤەژی بلا ، بەلێ شـــە دێ چەوا دبەر رهێت .

تەدا راوەستیتو هێـــژ رهێت تە نەهاتینە ؟

- ئەزبەنی چەوا شە خـــو دبەر رهێت منڕا راناگـریت ، کا تو شەیەکی بدەڤ من ؟

زەلامەکێ شـــەیەک داڤ کورکی ، کورکیژی نەکـــرە نەمەردی شە دروێیێ خـــودا بره خارێو تێ جوکلانـــد خوینی ژروێیێ وی گر فـــز .

دبێژن میر رابوو بســـەرێ وێڤە ماچ کرو گوت خـــوزی دتەناگەهیت

هەمی وەک تەبانا .

بەلێ ئەڤەنە خورتێن کوردو هوسا و هەرگاڤ دبەرهەڤـــن ژبو خزمەتکرنا مللەتێ خو .. ئەڤ رەنگە لاوە ، خورتـــــە ، ئەون ڕێت مللەتی دگەهینـــە ئارمانجێت وی . ئەڤێت هـــەر ئێک بسەدا .

کورکی لدیوانا میـــــری دەستێت خو لێک چرکانـــدن وی گرێدایی قەتانـــــد . چریسەتێ سەرێ میـــــریو مێهڤانیت وی گرتو میـــری گوتێ :

- ئەڤە هەوە چیە ؟

زەلامێت میرێ یاهەی بو گوتو گوتنە بچویکەو کـەس ژێ دگەل نینە . ئینا مـــیری گوتێ :

- لاوێ من تو بو هاتی ؟

کورکی گوتێ :

- پوچی ئەزبەنی ؟

- پا کانێ ســـــەد میرێت تـــە ؟

- ئەزبەنی ئێک بسەدانەو سەد بئێکینە !

میری گوتێ :

- ئەڤەژی بلا ، بەلێ شـــە دێ چەوا دبەر رهێت .

تەدا راوەستیتو هێـــژ رهێت تە نەهاتینە ؟

- ئەزبەنی چەوا شە خـــو دبەر رهێت منڕا راناگـریت ، کا تو شەیەکی بدەڤ من ؟

زەلامەکێ شـــەیەک داڤ کورکی ، کورکیژی نەکـــرە نەمەردی شە دروێیێ خـــودا بره خارێو تێ جوکلانـــد خوینی ژروێیێ وی گر فـــز .

دبێژن میر رابوو بســـەرێ وێڤە ماچ کرو گوت خـــوزی دتەناگەهیت

هەمی وەک تەبانا .

بەلێ ئەڤەنە خورتێن کوردو هوسا و هەرگاڤ دبەرهەڤـــن ژبو خزمەتکرنا مللەتێ خو .. ئەڤ رەنگە لاوە ، خورتـــــە ، ئەون ڕێت مللەتی دگەهینـــە ئارمانجێت وی . ئەڤێت هـــەر ئێک بسەدا .

ئەزوقەلـــەم

ع.ع.ئ

ئەز : نافێ تە ..

قەلەم : قەلەمە ..

ئەز : تەمەنێ تە ..

قەلەم : هندی تو بێژی

ئەز : کارێ تـــە

قەلەم : نڤیسینە

ئەز : دبینم تو یێ دلـــەپـــێ هـــەمی یادا

قەلەم : وەیە ، پیسو باشا

ئەز : دیارە تو بخونینی

قەلەم : راستە

ئەز : ئانکو چێدبیـــت

تو جار یێ پیس بی و جـــار یێ باقژ .

قەلەم : وەیە .

ئەز کەس وەســـــا دتەناگەهیت

قەلەم : چەوا

ئەز : هەمی بپاکـــــی دتەدگەهن

قەلەم : وەیە ئەز یێ پاکـــم بەلێ هندەک دەرافی بخو دپاکی یا منڕا دبینن

ئەز تو چو دبێی بـــو وان دەستێن تە هەلدگـرن

قەلەم : هندەک هەنە باشو هندەک پیس

ئەز : رامانا تە چیـــە .

قەلەم : هندە دەست هەنـــە رەشو لەوتیو کرێ گـــرتیو هندەک هەنە دپاکو بژوین

ئەز : تو چ دبێی بـــو ڤـــێ دونیایێ

قەلەم : یاخوشە هەکـــــەهندەک دەست تێدا نەبان .

ئەز : کیژ دەست

قەلەم : ئەز نکارم بێژم

ئەز : ئەم دتە دگەهـــیز راستی بێژی !!

قەلەم : ناهێلن

ئەز : کـی ..؟

قەلەم : هندەک ژوان دەستا ئەڤێن لەوتی

ئەز : ماتو دترسی

قەلەم : نە

ئەز : پا بوچی تو نابێـــی

قەلەم : چفاک یێ دگەل

ئەز : ئانکو چفاک یێ دگەل پیسا

قەلەم : تە لنیڤەکێ دا

ئەز : چارە

قەلەم : یالنـــک خـــودان دەستێن بژوین

ئەز : چەوا

قەلەم : نەهێلن ئەز بکەڤمە دەستێن وان

ئەز : بەلکی نکارن

قەلەم : بەلێ دشێن بەلـــێ دیارە لنافبەرا وان ژی هندەکێن دەســـت پیس یێن هەین ..!!

ئەز : دافێ پێلین

قەلـــەم : مـــن زانی دێ وەبێژی

ئەز : بوچی

قەلەم : چنـــکو گەلەکا واهێلای ، نەبریە سەری

ئەز : دیارە کـــەز نابەنـــ سەری

قەلەم : یێن هەین ببـــــەنەسەری

ئەز : کیژکن

قەلەم : ئەوێن درســـــت دقەلەمی دگەهـــــن

ئەز : دێ چـــەوا هەمـــی یا دتەگەهینین

قەلەم : دێ وەسا دمنگەمن من بدەنە کاری

ئەز : هەمی کەس نـــکارن کـــاری بتەبکەن

قەلەم : هەمی کەسی دکارن بەلێ هەرئێک وەکی خو

ئـــەز : تو چ دبێی بـــو ڤیانـــێ

قەلەم : کیژ ڤیانێ

ئەز : ماچەند هەنە

قەلەم : گەلەک

ئەز : دێ بێـــــژە کانێ چەندن ..

هژمارا دهێت

ژکویراتی یا دلی

وەهەیە پەری ...(۱)
وەهەیە بشکوژ نەبشکڤن
هەلالو نێرگزو سیسن ...
جارەکادی بسەرنەکەڤن
وەهەیە ئەڤین ...
ئەو بوهارا بو دژین ...
هەر نەهێتن ...
ئەو خەونا هەر شەڤ دبینین
هەر بکجینی بمینیتن .
وەهەیە شرین ....
روژ ئاڤابیت سپێدە نەمێنن
رویبار سەرژەڤراز بچنو ..
جیبا بهەلینن
کێنو کەرەبو رەشاتی یا دنێ
چاما بسەرێ من بینن
وەیێ پەری ...
ئەڤینا تە ژدلێ من دەرنائینن

●

وەهەیە پەری
گەنە بکێشمیت ئەڤ دویری
سپی بین بسمکو گەزی
پیربین هناروکو ئێڤو روی
کزبیبت روناهیا چاڤا
روندک نەمینن بو گری
ژخو نەگرن ، دگەل تە روینن
خورتو لاو ، جنو زەری
وەلێ پەری ...
جانا هەمیا ، خەونا دلی
دکویراتی یا دلێ منـدا ...
هەر دلبەری ، هەر دلبەری

بێ ناڤ بێ ناف

(۱) خوینەڤانێ هێژا ... وەکی ڤێ پارچە پەخشانێ دخوینی ، ئەز هیڤی دکەم کو بزانی ئەڤە پەخشانە - نثر - نەکو شیعرە .



برنو : باژێرێ هەڤال

برنۆ باژێرێ .. برنـــوا

باژێرە یێ کوتڤەنگێـــن برنو سازدکەت .

برنو - باژیرەکە ژهـــەرەمەزنترین باژێرێن جێکوسلو - فاکیا ، یاوەکـــو بجاڤـــەکێ بلندو بەرز بەرێ خو ددەتە وێ هاڤلیا دگەل کومـــارا عیراقێ هەی .

ئەڤ هاڤلیە پشتی شورەشا ۱٤ تیرمـەها پیروز وا دروست بووی و روژ بوروژ بـــزاڤو بهێزتر دکەڤیت نەخاســـمە هەردوو دەولەت بەرامبـــەری ئیمپریالیزمو پیـــلانێن وێ وجەنگـــو بەردەوام ژی دژی زەیونیزما جیهانیو بیروباوەرێن وێ یێن کەڤنەپەرست دخەبتن .

کارەبەدەســـتێن هەردوو دەولـــەتا ژی ژبو پێشڤەبرنا وەلاتێن خو ئـــو ژبو قازانجێ هەردوو لا بەردەوام ســـەرا ئێکودوو ددەنو ئـــەو هاڤلیاهەی پتر قایمو بنەجهـ دکەن .

نمـــونە بو هاریکاریاجیکوســـلوفاکیا ، دانانا کارخانەکا باقژکـــرنو بژوین کرنا کازێ ژ زەغەلیـــا وێ لیەسەرا ، ئەڤە لبن چاڤدێری ڕێبەریا کومپەنیا (تێکنـــو ئێکسپورت) دهێتەکرن .

بێگومان ئەڤرو هـــەردوو مللەت دخەبتن ژبو پاشە روژەکا باشتر بو خو ، ئەڤەژی براستی بهندێ دهێتە کرن کـــو هەمی مللەت هاریکاریا ئێکو دوو بکەن ژبو نەهێـــلانا ئیمپریالیزما جیهانیو هندی ڤەنگێن برنـــوێن جێکوسلوفاکی دەدەستێن مللەتادا بەلاڤبن دێ دویماهیی یا ئیمپریالیزمێ نزیکتر لێ کەت .

و : عبدالرحمن نقشبندی

پاشماوەی : عولقی ..

لە خۆێ هەڤتورتاندنی کاروباری ناوخۆی ولاتانو بەهێـــزو زۆرەملێ دەست بەســـەر میللەتانا بگرنو سامانەکانیان بە تالان بەرن . وەتویە :

یەمەنی دیموکرات بروای بە ئامانجەکـــانی نەتـــەوە یەکگرتوەکانو ئەو ئەرکە هەیە کە پێی سپێـــردراوە ، وە لەئەنجامی ۱۵۰ سال حوکمی بەریتانیا بەســـەر یەمەنا . میللەتی یەمەنی دیموکـــرات توش هـــەژارانێ ئەشـــکەنجەو دەست کورتی بوە .

ئیمپریالیزمو سەهیۆنیەکان بە پێچەوانەی هەقو عەدالەت یاسای نەتەوە یەکگرتوەکـان ، ئەیانەوێ گەلی فەلەســتین لەناوبەرن ، وە ئەو تونددو نیزیکەی گەلی فەلەستین دەستێدا وە تێرۆر نیە ، بەلکو شـتێکی ڕەوایە چونکە دیفـاع لەمـانو بونی خۆی ئەکات . وە ئەو کردارەش ئەنجامی ئـەو رۆژرو جەورو تێرۆزەیە کـــە لە دژی ئەکرێت .

عولقی وتویە : ئەمەریکاو ئنگلیز ئەیانەوێ دەست بەسەر خلیجا بگرنو سامانو پترولی ناوچەکە بەتالان بەرن ، وەهیچ گوێ نادەنە خواستو ڕیزادەی گەلانی ناوچەکە .

نیویورک : ئا.د.ع

پاشماوەی : لە بازیانەوە تاملەی ...

پێبوو ، تـا ناو قـــەدیان لەفیشەکدا زەردی ئەکردەوە . شێوەیان ستەمکاریو تاوان - باریتیی ئەنوان . لەناکـــاو خۆیان کرد بە ژووڕەکـــەداو لێیان پرسین کە گوایا ئیمـەین ئەو سێ قوتابیەیەی ئەمابەوێ سبەینێ بچین بۆ ســـلیمانی ، کە بە (بەلێ) وەلامان دانەوە داوامان لێ کردن کە دابنیشنو چامان لەگەلدا بخۆنەوە داوا - کەیان پەسندکردینو دانیشتن .

نازانین چـــون ووتو وێژی ئێمە رای کیشان کـــە بەدرێژی باسی ئەو تاوانانـــەمان بـۆ بگێرنەوە کە دەستی چەپەلیـان تائەوکاتە کردبووی . یەکیکیان بە شانازیەوە خۆی هەلکیشا کە (۲۷) بیاوی کوشتووە ، زوریان لەسەر شتی هیـــچو پووچیش ، وەکو کوشـــتنی پاسەوانی بیستانیک چونکـــە ویستوویەتی نەهیلیت کانەکیک بکاتەوە ، وە بەدرێژی باسـی چۆنیتی کوشتنیەکە بەیەکەی بۆ کردین بە شیوەیەک پیـــاو موچرکە ئەهات بە لەشـیا . دووەمیشیان کە نۆزەهـــاتە سەری لافی کوشتنی (۳۱) کەسی لێدا ، بیستنی گیرانەوەی ئەوتاوانانە رایکیشاینەجیهانیکی ترسناکی بەسامەوە . گیرانەوەی هەوالی جەردەیـەتیو تاوان خانە بگیرکردنو دزیو فری - یەکانیان چوارکـــات ژمێری درێژی خایاند ، ئیمەش لـــەو شەوە سارەدا ئارەقمـــان کردبووەوە ، لەکـــات ژمێری (۱۰)دا خواحافیزیان کـــردو بەجێیان هیشتین تابچن لـــە ژووڕەکەی تەنیشت ژورەکەی ئێمەدا شەو بەسەر بەرن .

Mr. C. J. Rich, Narratiue, Vil 1. p. 59.

ماویەتی

گەندن

- طەمەزهر مالێ -

دکـەم هیڤی ژهەمی دوستو نیاسا
ژهەقالو تێکەلا خاســـەژخاسا
نەشاش بن ئەو لناف شاهی و ڕەقاسا
ژبیرکەن ڕێنجبـەرێ لەپ ایێ رەشو شین

نەچیت ژبیرێ چیە حـــالێ ڤەڤیرا
بلابا پال قـــەدای واری وەژیرا
لخەلکێ گون نەکەن جەزگی بتیرا
ژکینێ مەندبین دل وەک گـەڕا شـین

بزانن کوت کـوتو پت پتفرەهـ بـو
لناف خەلکێ هەما گازنـدەدەر بـو
دبێن هەر گوبچ(۱)مە کێشا ئێک حەدەر بو
مەنانێ هشک قەجوی وی خـارە هنگڤین

نەڤێن مە ژوان ژڤانێن قرتو قـــالا
نە ئەو گووتنێن دزێن ژهزرو خیبالا
نە خەونێت ئەم زەلاندیـن ماهو ســالا
مەتێرناکەن ئەڤـــە نابـــن فراقـین

نەڤێن مە ژوان چ گوتن بـێ کـــرن بن
نە پەیمانێت پڤـو درهای و کون بن
نەڕویدانو دوریشمێت خاڤو خچ بن
کەســێ هەوگار بڤان نابیتە دلهوین

گهشتن وان ژسەر بووڕاعێلنجی
کو خو دیت وان جلك لـێ بوونە گنجی
دخوون ئەڤرو گەرێ شوینا برنجـی
لپێش چاڤاژیان ڕەش بو نەڤێن ژین

ژبەر ڤێ دویرکەتن ژئەردێ سەما لێ
ئو پاتکدا جهێ چەپلە ڤونان لـــێ
ژگنگاشـێ دڕەڤن ئو ژگالەگـــالێ
چ شـەهیانەنا بەزینێ مانـــە لەخرین

دکەت ئەڤرو ژهەوە مللەت گازنـدا
کوبێ دبینن چ ڕەش چـالادبنـدا
دورینا وان لپـــرێزا مادجهدا
ژمیلاکـاهەلاڤێتن کەڤو خویـــن

ئەوان چاڤێ لهەوە بوبکەن ڤەڕێژێ
نەکو ستویرکەن لسەرجانی قرێـژێ
لگەل ڕاست بن چیا حەسکەن بێژێ
دبن سەرکێش نەوان ترسـە نەلەرزین

هەڤال بەندی بدرەو ناهێت هەبوونێ
وەکی قولپا بخورتی کـەس نەچوونێ
ژڤەستا هوین دکەن ڤێ هاتنو چوونێ
لنك وان دوژمنین ئەم هـەر خرابین

ڤەڤیرن بنگهـا ژیـــنوژیـیارا
بخوها خو ئاڤ ددەن چولو بەیارا
دڤێتن وان نە ئێشـــینن چو جارا
هەکە ئارهان دێ مەیدان بیت خرو خوین

کەسێ ڕێتن خوهو خوین دابژیتـن
ژەنینا دل نەشێت کەس لێ بکوژیتن

لاپەڕە - (٥)

- ستێرەک -

فەوزی ئەترویشی

ستێرەک ژ ئەســـمانی ڕژیـــا
سورگولژ دارا شـــیعرێ بژیـا

× ×

وەرن هێڤی - هێڤی ژێ بێـــژین
روندکو خـوینا بـو بڕێژیـــن

× ×

ئەڤـــرو کانێ یا کو تە گوتـی
ئەو هیڤی یا تـــو ژێرا ســوتی

× ×

کورد هێشتا پـەزێ بـێ شـــڤانن
نێچیرا بەر دەڤـــێ گورگـانن

Institut kurde de paris

چەند وشەیەک دەربارەی ڕەشبینی وکۆمەڵ وئیلتزام!

کەمال میراودەلی

ڕەشبینی (تشاوەم) لەزۆر سەرچاوەوە پەیدا دەبێت جاری واهەیە کەسێک بە پالنانی ئەو تاقی کردنەوە تاڵانەی خۆی بەتەنیا پێیابداتێپەڕبووەو ژانی لەدەست چەشتون ، بەری چاوی ناریک‌ونوتەک دەبێت‌و دەورو بەرەکەی بە ڕەشپۆش‌و تاریکی گیردەبینێت‌و بەرامبەر هەموو تروسکەیەکی روناکی شەمشەمە کوێرانی ڕەتدەکات ... وەلەم ڕوانگە تاکی‌یەی خۆیەوە بیری بێزاری‌و بەزین‌و بە تەنگەوەنەهاتنی ئامانجەکانی کۆمەڵ پەخش دەکات . ئەم کارەشر بێگومان زیان بە جەماهێر دەگەیەنێت‌و زەفەر بە شیرازەی خۆڕاگرتن‌و لەسەر خەبات سور بونی میللەت دەکات . وە ئەم جۆرە هەڵوێستە بەلای منەوە هۆیەکەی نەبونی ئایدیولوجیەکی ڕونی شۆڕشگێڕانەو ڕێبازێکی زانستی ئاشکرایە کە شاعیر یان نوسەر هەستی وزەبەرنەدان‌و کۆڵنەدانی لێ وەربگرێت‌و هاوهێوای ئایندەیەکی درەخشان بێنێت . کە ئەمەش دەبێتە هۆی شکانەوەی نوسەر بەسەر خوێداو هەستکردنی بە پەشێوی(قلق)و ڕەش بینیەکی بێ کۆتایی . جاری واش هەیە ئەم ڕەشبینیەیە لەسنوری تاکە کەسێک تێدەپەڕێنێ. کۆمەڵێکی زۆر یان نەوەیەک دەگرێتەوە لەو چەشنەی کە لە ئەنجامی فەرمانڕەوایی رژێمی سەرمایەداری‌و نەمانی هەموو نرخ‌و بایەخێکی مرۆڤایەتی‌و تێکچوونی پەیوەندی خێزانی‌و کۆمەڵی لە ڕۆژئاوادا پەرەی‌سەندوە . بەڵام چەشنێکی دیکە لە ڕەشبینی کە بەوردی دیاری بکەین ، بەپێچەوانەی گەشبینی هەرزان‌و بێبایەخ‌و خەنجەر لەکادانە .. ئەم جۆرە ڕامانەدەکێشێ بۆ پێداچوونەوەی ڕێڕەوەمان‌و ڕەخنەگرتنێکی توند لە خۆ ، واتە لە کۆمەڵ‌ومێژوو ژیان‌و پێش چاوخستنی ئەو هەڵە زۆرانەی کە هەموودەم هەڕەشە لە قەوارەو بوون‌و ناسودەیی‌و بەردەوام بوونی ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵ دەکەن‌و دەبنەمۆرانەیەکی پیس‌و گەرا لەناو مندالدانی بەرهەمدەسکەوتەکانی ئەمڕۆو دوارۆژماندا دەتێنەوەو خانوی هەوڵ‌و هیوامان لێ کڵێس دەکەن .. چاووگی ئەو ڕەشبینی‌یەش کۆمەڵ خۆیەتی بەهەمو یاساو نەریتە بەدەکانیەوە ... بەهەمو هەڵەو چەوتی‌یەکانیەوە .. بەهەمووڕوالەتە بەراوەژوەکانیەوە .. هتد .

خۆگێل کردن لە دەربڕین نیشان‌دانی ناکۆکیەکانی ئەم چونیەتیە پشتگوێ خستنی ، هیچ ناگەیەنێ خۆ هەڵخەڵەتاندن‌و نادروستی شاعیریان نوسەر نەبێ لەگەڵ خەڵک‌و خواو خۆیدا .

ئەم ڕەشبینی‌یەش تەنیالای ئەو کەسانە سەرهەڵدەدا کە هەست بەم بارە دەکەن . وە لەمەوە هەست بە ئازار دەکەن . چونکە ئازاری‌ئ گەورەلەهەست‌کردن بە ئازاردایە .. لەوەعی دایە . ئەوانەی ئازاردەکێشن‌و هەستی پێناکەن

بروانە ل ٧

دیسان لەسەر مەلائاوارەی شەهید

نوسینی : عادل

مەلائاوارە بۆ خۆی دەیگوت« من بۆیە شێعر ناڵێم حەڵک پێم‌بڵێ شاعیر و بۆ خۆشم خۆم بەشاعیر نازانم ، مەبەستم لە شێعرگوتن هەرئەوەیە دەرد و ئازاری کۆمەڵی کوردەواری ئەوەندەی بۆ خۆم تێی‌گەیشتووم بۆخەڵکیش دەربخەم‌و هەر بۆیەش دەمەوێ بەزمانێک دەربڕم کە لێی حاڵی بون‌و فێربونیان بۆ هەمو کەسێک هاسان بێ » . جارێکی‌دیکە لەسەرلاپەرەکانی « هاوکاری » یەکێک لەهەڵبەستەکانی ئاوارە بەناوی « کوردایەتی » چاپ کراوەو ئەمجاریش پارچە شێعرێکی تری پێشکەشی خوێنەرەبەڕێزەکان دەکەین . ئەم هەڵبەستەی کە بەناوی « ڕەش‌بگیر »وە دابناوە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە کە لەگوندی بێژوێ لەکوردستانی ئێران قەوماوە و دیمەنێکی تەشقەلەبازی و دڕندەیی جەندرمەکانی ڕێژیمی جەمەرەزاشاو ئازایەتی‌و بەرهەڵستی شێرەژنانی کوردستان نیشان‌دەدا .

قەڵەم ئەی نوری چاوم
ئەی مایەیی ژیانم
هەستە لەخەو ، دەرەنگە
دڵم زۆر ماتەمینە
چیت پێدەڵێم بەکوردی
وام زانیوە دەنگ‌و باس
لەسێری شەشی چل‌وسێ
گەینە قەبرستانێ دێ
کە گرتیان سەلیم پێخواس
لەقیتی خۆ گەیشتن
هاتن گەینە نێو ماڵان
لەنەکاوێ بێخەبەر
نەیزانی ئەو فەقیرە
نەیزانی بەشی کوردان
ئەوسێ سەگە دەمودەست

کەی جەرگ‌و دڵو ئیمانم
ئەمڕۆ دڵم زۆر تەنگە
پڕ لە زامو برینە
بێ‌نوسە زۆر بەوردی
سێ جەندرمەی خوانەناس
هاتنە بێژوێ سێ‌بەسێر
سەلیمیان گرت دەس‌بەجێ
خەڵک هەموی وەک هەیاس
رایان کرد و ڕۆیشتن
گەڕان کۆڵان و داڵان
یەکێک لەژور هاتە دەر
حەوزەیە و ڕەش‌بگیرە
گرتنە و کوشتنە و لێدان
گرتیان‌هەردو دەستیان‌بەست

بەخۆشی و شادەمانی
وەک سەگی هار و برسی
غەیری ئەودو نێچیرە
هەرچۆنێ بو مام پێخواس
ئەوی تریان پێش خۆ دا
« ای کدخدا بیا پیش
بەڵام کوێخا مەردانە
زۆ گرەوی خۆی بردەوە
ئەوشەوە تاکو بەیان
زۆریان لێ پارانەوە
تا بەیانی دەستبەستە
بەڵام هەرگیز خودایە
کوردت وەها داناوە
ئافرەتانی قارەمان
نەخشە و پیلانێکی جوان
چەندوچونی پێ ناوێ
سێ چەندرمە و یەک ئەسیر
هاتنە خوارێ چوار‌بەچوار
گەینە دەرگی مام تاهیر
پور فاتمیان هاتە پێش
کوڕی منە و بەری دەڵێ
تێهاڵان و تێنوستان
زۆریان یەکتر هێنا و برد
پورم نەعرەتەی کێشا
یەک دەیگوت تێیان هەڵدەن
یەک دەیگوت دراوسێیە
یەک دەیگوت چین ئەمقسە
ئەی لەوبەزم و هەرایە
بەزەبری شەق و لێدان
لە جیاتی‌پول و پارە
جەندرمەکان لەوباسە
چون لەژوری دانیشتن
نەنجا پور فاتمی حەیار
ئەی خزم و کەس‌وکارم
بڕانن ئەوسێ سەربازە(١)
تازە لەکیس ئێوە چوم
هێندەی گوت کەفی هەڵدا
خورشید ڕوناکە وەرە لام
دەوریان گرت بە گەرمی

هاتن گەینە سەربانی
هەرچیان دی لێیان پرسی
کەسیان نەبو دەسگیرە
خۆی لەدەست کردن خەلاس
بۆ وەتاغی مام کوێخا
بیا برون مینەدیش
دەرچو لەوجێ و مەکانە
بۆی دەرچو ، خۆی شاردەوە
پیر و ئافرەت دەوریان دان
دیلیان وێ نەدانەوە
خستیانە دەر وەک خەستە
شوکری تۆم لەدەس نایە
بۆ تەنگانە ژنیش پیاوە
دایان نابو یەک پیلان
وەک داستانی ئەرسەلان
لەگەڵ گژنگی ناوێ
هاتنە خوارێ چەپ و چپ
ڕێگایان گرت بەرەوشار
پێش خۆیان دابو ئەسیر
کردی بە مرخێش مرخێش
سەگباب ئەزیەتی مەکەن
وەک جۆخین بکەن پێخوسان
زەفەریان بەیەک نەبرد
هێزی ئافرەت خرۆشا
براکەمیان پێ بەردەن
یەک دەیگوت کوڕی‌خەسوێیە
هەر بێژوەیی بێ و بەسە
وەک ڕۆژی واوەیلایە
دیلیان لەدەست دەرهێنان
شەق بارین بە قەناره
هەمو بون گێژ و کاسە
وەک مریشک هەڵنیشتن
دەستی کرد بەگریە و زار
هەمووتان وەرنە دیارم
منیان کوشت ، ڕوبیم تازە
ئەوا مردم ، زایە بوم
لەمەیدان خۆی لەگەز دا(٢)
وەعدەی مەرگم بۆ تەمام
وەک بگرن دەوری نەرمی

بروانە ل ٧

گفتوگۆیەکی خۆش لەگەڵ مەلاعاصی دا



ممتاز حیدری

ماموستا مەلا عاصی (مەلا مستەفا مەلا ڕەسول) زانایەکی دووانزە عیلم‌و شاعیرێکی گەورەی کوردیەڕوەرە ... زۆر شیعری نیشتمانی هەیە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە ! بەگوێرەی تەمەنی خۆی کە ٨٧ ساڵ زیاترە زۆر بەجۆش عەودالی خوێندنەوەو نووسین‌وشیعر دانان‌و گوتنە ، ڕووخۆش‌و مەجلیس خۆشە لە سەردانێکدا لە کۆیە ، ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵیدا کرد ، بەنیازی ئەوەی لەڕێی (هاوکاری)یەوە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بناسێنم .

بەڕێز مەلا عاصی ووتی :

بەپێی دەفتەری نفوس لەساڵی ١٨٨٥ی زایینی هاتومەتە دنیاوە . ساڵی ١٣٢٦ی کۆچی شێعرێکی مەرحومم بۆ شێخ سەعیدی باوکی شێخ محمود داناوە کە لە موصل شەهیدکرا وە ئێستا لەوکاتەوە شیعرم ووتوە !.

● لە گوندی - تەلان - ناحیەی سوورداش هاتومەتە دنیاوە ، لەلای باوکم دەستم بە خوێندن کردوە ، دوایی لە مزگەوتی (حاجی جان) لەسلێمانی خوێندومە .

پاشان هاتومەتە کۆیە لەمزگەوتی (قامیش) خوێندومە دوای ئەوە سەفەر بەری بەسەردا هاتووە .

● وو هەزار بەیت شیعرم هەیە غەزڵو ئایینی‌و نیشتمانی ، بەر لەوەی شیعر دابنێم من شیعرەکانی سعدی شیرازی‌و حافظی شیرازیم لەلا پەسند بو وەلەو دواییەشدا هەندێ لەشیعرەکانی حافظم تخمیس کردوە .

هاوکاری : ماموستا کام شاعیر لاتان پەسندو باشە ؟

وەلام : ١ - فایەق بێکەس شاعیرێکی راست‌گۆ بوەر هەرچی بە دڵی‌داهاتوە بەدڵسۆزی‌و بەبێ ترس بەشێوەی شیعرو هەڵبەستی پر سۆزەدەری بڕیوە .

٢- عثمان عونی ، عەرەڵ‌وشیعرە نیشمانیەکانی خۆشن .

٣ - جۆبار : شیعرەکانی بە مەعناو خۆشن .

٤ - دڵزار : لە وەرگێڕانی چوارینەکانی بابا تاهێری هەمەدانیدا زۆر سەرکەوتوبوەو شیعرەکانی باشن .

٥ - یونس دڵدار : شیعرەنیشتمانیەکانی پر سۆزن

٦ - پێرەمێرد شاعیرێکی بەتوانا بوە .

هاوکاری : بۆ میللەتی کوردەمەدورو بێ‌کەسە ؟

وەلام : گلەیی لەبێ ئیتفاقی خۆمان دەکرێ !.. لەوکاتەی ئینگلیز هات‌و شێخ محمودیبوو بە حاکمی کوردستان ، من دۆستایەتی شەخسیم لەگەڵیا هەبوو ، وەک سەرنجم دەدا ، **پیاوێکی گەورەو دیندار بوو** ، زۆر دڵ ساف‌و دڵسۆز بو بەڵام لەبێ ئیتفاقی خۆمان

بروانە ل ٧

چڵی هەیتوە

بارەگای شەو ..
بە بن باڵی قەڵی بادا
پۆستەی مەرگی‌بۆ ئێستەگ
کان بەڕێ‌ئەکرد
تاریک‌وڕوونی بەیانی بە دە
ڕزی وەنەوز کفت‌ئەکرد
بارەگای شەو
ئەژنۆی - فەرهاد - ی ئە
شکان
لوتی قوڵنگی کول
ئەکرد
لەسەر چوارپەل سەمای
ئەکرد
ئاهەنگی دڵی کەڕەنای پڕ
لە جۆش‌وخرۆش ئەکرد :
« ئەژیم .... ئەژیم »
● ئەمری ... ئەمری
پووشووی زەردی سەر
مکڵی
بە تەنیا فویەک گڕ ئە
ڕی
ئەمری .. ئەمری
پیرەدارێکی قرچۆکی
بەرگەی هەڵپەی تەورم
ناگری
ئەمری ... ئەمری
- شیرین - گفتی ئەرخە
وانێ
بە بالای بەرزی خۆی
ئەبڕێ
فرمێسکی لە چاوی ئە
ڕێژی سەری پەلکە

ئەنوەر قادر جاف

بۆ مەرگی یارەکەی
ئەبڕێ
گەرووی زامێ .. دەنگی
نووساوی هەڵئەبڕێ :
کاتێ کە ئاگردانی
خەم
گۆڵی گڕو دڕکی دوکەڵ
ئەڕێژێتە ژووری ڕستا
نی پرلەتەم
گۆڵی سووری زامەکانم
پەڕەی گڕوپشکۆ ئەگرێ
کاتێ هەڵۆ .. هەڵۆی بال
ئاگرین ئەمرێ
مەڵی‌گریان .. لەهێلانەی
دڵم ئەفڕێ
لەسەر گەڵای سەوزی
زەیتوون
دیمەنی - شایی خوێناوی -
نەخش ئەکرێ
لەئەوێڵی - هەندرین - دا ..
کاروانی گومی شەهیدان
یەخەی ووشەی تاڵمان
ئەگرێ
کاتێ بیاوی هەڵۆئەمرێ
گەمەی گەرمی کۆترئەمرێ
بوکی نیرگز .. لەتابوتی
قوڕی ڕەشا
کە ژاوەی سەوزی بۆئە
کرێ
کاتێ پیاوی هەڵۆئەمرێ
مردن ئەمرێ ...
وەرزی بێبەر .. بەهارێکی
شیرین ئەگرێ ..

لاپەڕە : ٤

گەشتێک لەدەربەندی بازیانەوە بۆ مەڵەی تاسلوجە

شاخی پیرەمەگرون (دەربەندی قوڵەڕەش)

وەرگێڕ : ئەحمەد زێوار

ڕوباری (زەی بچووک)دادرێژ بووەتەوە . ئەم زنجیرەیە لە لوتکەی شاخی (بەنزاد)ەوە کە بەرزاییەکەی (١٤٠٠) مەترە ڕاست ئەبێتەوە کە لەسەرووی دۆڵێ (تەینال)ەوە پێوەندەی هەیە لەگەڵ زنجیرەیەکەم بەرەو سوێی باکور هەتا ئەگات بەزێی بچووک ، وە بەرزاییەکەی کەم ئەبێتەوە بۆ (٥٢٥) مەتر . وە لە (دەربەندی خان)دا ئەم بەرزاییەی کەم ئەبێتەوە بۆ (٤٥٠) مەتر ، ئەم بەرزاییەی دوایی ڕێگی بەرزی دەشتی شارەزووری دۆڵێ ڕوباری (تەینال) کە جەمسەرەکانی لەباکوری (دەربەندی بازیان)ەوە لێرئەبێتەوە ، ئەکەوێتە نێوان ئەم دوو زنجیرە هاورێکی‌یەی کە لەڕۆژئاوای لوتکەی (بەنزاد)ەوە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی دەربەندی ناوبراوەوە بەیەک ئەگەن. ئاوگیری (تەینال) دروست ئەکەن ، ئینجا دوڵەکە بەرەو باشوری‌ڕۆژهەڵات لێژ ئەبێنەوەدوایی بەرەو باشور ، پاشان بەرەو باشوری ڕوژئاوا ، پیش تەنگی‌ی (دەربەندە سوونار) وە دوا ئەوەی ڕوباری (تەینال) بەم تەنگی‌یەدا ئەروات‌و ئەچێتە (دەربەند باسەرە) ەوە ، بەردەوام ڕووەو باشور ئەروات پاش دەرچوونی لەم تەنگی‌یەی ئێ‌ی ئەڵێین (ڕۆدخانە) وە هەرەوها گاتێک بەتەنیشتی گوندی (طاووق)دا ئەروات پێی ئەڵێین ڕوباری (طاووق) .

کە لە (دەربەندی بازیان)ەو بەرەو ڕۆژهەڵات تێپەڕ ئەبین ، خومان لەیەکەم دول لە دۆڵەکانی شاخەکانی (زاگروس)دا ئەبینین ، کە دۆڵی (تەینال)یان (بازیان)ەو لێرەدا زنجیرەی دووەمی شاخەکانی ڕۆژئاوا لەبەردەماندا ئەبینین کە هاورێکی‌یە لەگەڵ زنجیرەی (قەرەداغ)دا کە ئەمیش لەنیوان ڕوباری (سیروان)و (دەربەندی بازیان)ەوە بەماوەیەکی کەم لەگردوتکەکانەوە ، وە ئەڵێ کە گوایا زنجیرەیەک ڕووری بچووک بووە لەگەڵ کەلاوەیەکی ترا کە ناوی (گەورەقەڵا)یەو ئەمیش لەلای چەپەوە لە نێوان گردەکان دایە ئەڵێ گومان لەوەدانیە کە ئەمانە پاشماوەی ساسانی‌یەکانن(١) . کوردەکان هەموو ئەو کەلاوە میژوییە کونانەی کە ئەکەونە سەر ئەو ڕێگای گواستنەوەی بەرەو ڕاوەنان‌دا ئەرون ، یان لە شوێنانی‌تر ، ئەگینرنەوە بۆ سەردەمەکانی پیش ئیسلام ، وە بە (گەورە) یا (گاور) ناوی ئەبەن ، وەکو (گەورە قەلا) کە لە بنەڕەتا مانای (قەلایەک کە لەلایەن گەبرەوە دروستکراوە) ئەگەیەنێت ، وە (گاورکرد) بەمانای (دەست کردی گاور) یا (دەستکردی گەبر)ەوە (گەبر) ناوێکە بەزەردەشتی‌یەکان ووتراوە .

وە ئیستا ئیمە بەهەموودلنیایی‌یەکەوە ئەتوانین بەدۆڵێ (تەینال)دا بڕوێن لەناو ئەو ناوچەیەدا کەپێی ئەڵین(بازیان) ئەو ناوچەیەی تا سەردەمێکی نزیک ناوبانگیکی ترسناکی هەبوو سامی ئەخستە دڵی‌ڕیبوارانەوە ، چونکە بەشاخەکانی‌یەوە بنکەیەکی قایم بوو بۆ تیرەی (هەمەوەند)ی بەهێزی شەڕانی نیشتەنی‌ی ناوچەی چەمچەماڵ ، هەر ئەوانەن کە ئەمڕۆ خەنجەروتفەنگەکانیان بە ئامێری کشتو کاڵی گوریوەتەوە ، بەهاوکاری‌لەگەڵ نیشتمانی‌یەکانی تردا دەستیان داوەتە کارکردن لەپینناوی بەختیاری‌و فەڕو چاکەی مەلبەندە خوشەویستەکەیان‌دا .

ئەو چیروکانەی لەبارەی ئازایەتی‌و پاڵەوانێتی‌ی ئەو تیرەیەو چاونەترسی‌یان ئەگێڕینەوە لەگەڵ باسی هیرشە گەورەکانیان ، بۆ تاڵان‌وبڕۆ کوشتارەکانیانەوە کە ئەمانە پیشەی ڕۆژانەیان‌بوو بی‌ماندوو بوون‌و نارەزایی دەربڕین ئەیان‌گرد ، زیاتر لە ئەفسانە ئەچێت .. لە ڕەوشتە جوانەکانیشیان ئەوە بوو کە بەهیچ جورێک توخنی ئافرەت نەئەکەوتن تەنانەت ئەگەر ئالتوون‌و گەوهەریشیان‌بڕبوایە وە بەپاک‌و خاوینی‌ی جل‌وبەرگیان ناوبانگیان دەرکردبوو .

دەست وەشاندنە ترسناکەکارامەیی‌یەکانیان تا ئیستاش وەکو پەند لە شارەعەرەبی‌یەکانی وەکو بەغداو موسڵ‌و بەسرەش‌دا دەماودەم‌ئەگێڕینەو چونکە سنووری هێرش‌و هەڵمەت بردنەکانیان دەشتەکانی بەغداو خانەقین‌و تا دەوروبەری زەهاوێش ، وە کرماشەو هەمەدانیشی گرتبوو ، دایکەکان بەناوهێنانی (هەمەوەند) منالەکانیان ئەترساند . هەرچەندە منالیش نەبووم ئەو ترسە دڵێ منیشی گرتەوە ، لەگەڵ دوو هاوڕێم‌دا شەوێکی ترسناکی زستانم بەسەربرد . سێ لاوبووین لەقوتابی‌یانی ئامادەیی‌ی سەربازی‌ی ئەوکاتە کە ساڵی١٩٠٤ بوو تەمەنمان چوارده ساڵان بوو ، وە بەبونەی‌دەرچوونمانەوە بۆ پۆلی دووەم ئەگەڕاینەوە بۆ سلێمانی تا مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لەناو کەس‌و کارمان‌دا بەسەر بەرین .

لە بەغداوە لەگەڵ کاروانێکی بچووکی کەردا دەرچووین هەریەکەمان سواری کەری خۆی بووبوو ، قاچمان لەگەڵ دوو تورەکەی پر لەکەڵ‌و پەڵەکانمان‌دا بەم لاولای کەرەکان‌دا شۆڕبووبووەوە . کاروانەکە بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژ لەکەرکوک مایەوە بۆ ئەوەی مەفرەزەیەک سەربازی دەستبکەوێ بۆ پاراستنی لەکاتی ڕۆیشتنیا بە مەلبەندی (هەمەوەند)ەکانا کە ناوچەی چەمچەماڵ‌و دولی بازیان‌و ئەو شاخانەبوو ئەکەوتنە ڕۆژئاوایەوە هەتا کۆتایی‌ی دامینی ڕوژئاوای کەبەرەو سلیمانی لێژئەبێتەوە .

مەفرەزەمان دەستنەکەوت ، بەڵام سەرکردەی سوپاگەی ئەوکاتەی کەرکوک توانی داوالەیەکیک لە سەرۆکی هەمەوەندەکان بکات کە لەوکاتەدا لەکەرکوک بوو ، تا دوو سواری یاوەری لەگەڵماندا بنێرێت بۆ پاراستنمان لەهەر دەستدرێژی‌یەک کە لە ڕێگا تووشمان ببێت ، ڕۆژێک پێیان ووتین کە بەیانی پێش‌هەتاو کەوتن دوو سوار لەبەردەرگای خانەکەدا ئامادە ئەبن ، ئێمە لەژوورێکی نەزمی سەرەوەی خانەکەدا بووین ، نەزمی ژیرەوەی تەویلەی وولاخی کاروان‌بوو .

کات نزیکەی شەشی ئیوارەبوو لەنان خواردن بووبوینەوە کە دووپیاوی بەسالاچووی بالابەرزی چوارشانەی پتەو لەبەردەممانا قوت بوونەوە ، لەڕوویانا دوو سمێڵی زل‌و دووچاوی بریقەدار سەرنجی‌ڕاکێشا ، هەردووکیان‌و تفەنگ‌و دەمانچەو خەنجەریان

بروانە : ل ٥

Institut kurde de paris

سینۆرێ یەونان وبلقار درێژ بونە • هنك دژێرێ رۆژ هلاتی یەکتیا سۆڤیاتی د دژی • تەنی ملەلەتێ کورد نافیرا ترکێ ئازەربایجان وترکی ترکیا دبری •ژلەوزرا ترکێ (طورانی) کمالیست خستبونە دایێ خوە کۆ ملەتێ کورد بزۆربکن

ترك • داوەکو ترکستانەکە مەزن لدارخن • لێ دقرنێ (٢٠) بیستا دەئف داحوازا پێك نایێ • ژ بەرکۆ زور نەما بکارتێ • مللەت هەمو شیاربونە •

خوینەر کە چاوی بەرافەی (ترك) بکەوی ، وا دیتە بیرێ کە ماموستا ووتاریکی نووسیوە دەربارەی میژووی تورك‌و جولانەوەی تورانەوە ، وە دورنیە لە بیر خوینەر بچیتەوە کە فەرهەنگی بەدەستەوەیە‌و ویستوێتی بزانی مانای ووشەی (ترك) چیە • ئەم ووشەیەك هەر وەك ئەوانی پێشو دەتوانرا بەچەند ووشەیەك رافەبکرێت •

بۆتەواو سەلماندنی ئەو باوەرەمان کە ـ ماموستا جگەرخوین زور دریژەی داوە بەرافەی ووشەکان ـ وا ووشەی (خانی) یش دەخەینە پێش‌چاو بەو شیوەیەی ماموستا رافەی کردووە •

(خانی)

نافو دەنگی شاعرەکی نافداری کوردە کۆ دوەلات پارێزی دەیەکەم مرۆڤە دکوردستانێ دە تاریخ‌و ژینگاریا سەبدایێ (خانی) دناف رویەلێ تاریخی میژوێ

کوردو هوزانی دەجیکی بلندگرتیە • دەما (خانی) بنافی وەلات پارێزی کانی دکرل (فرانسا) بکێراو لدێر وکەنشتا زکێ هەف دچراندن •

لێ مەخابن ! ملەتی کورد نە شیار واکادازبو بەشی نقیسینا

خانی نزانبو • بەرب نەوالا

بن دەستی فەبەرژێر دبو ع ـ (اسم اعظم شاعر کوردی) •

باسی خەبات‌و میژووی (خانی) کردووە کە هیچ پیویستی بەم باسە دریژە نەئەکرد • چونکە (خانی) لەفەرهەنگدا باس‌کراوە ، نەك لە میژوو یا لە ئەدەبدا • جاگەر ماموستا مەبەستی ئەوەبیت کە قوتابیانی بەشی کوردی بەم باسەدا (خانی) باش‌بناسن • شارەزایی پەیداکەن ، ئەوە ئەم باسە کەمە بۆ ئەو قوتابیانە • سەبارەت « خانی » ئەوان دەبێ زۆر بزانن ، نەوەك ئەم چەند دێرە • وە بۆ زانینی باسی « خانی »یش ئەدەب هەیە کەلەو زانستەدا دەتوانن باش بیناسن • فەرهەنگ ئەو ریگایەو ئەو توانایەی نیە بەدرێژی باسی هەموو شتیك بکات ، بەڵکو دەتوانی بەکورتی دەری خات کە « خانی » کێیە • بۆ نموونە دەتوانرا بنووسرین :

خانی ـ شاعرەکی کوردە ، ل قەرنا حفدا دما ، نقیسکارێ مەم ئو زینە •

لەو باوەڕەدام گەر ماموستا جگەرخوین رافەی « خانی » بەو شیوەیەی کەمن کردووەمە بیکردایە باشتربوو ، وەکەر خوێنەر بەو رافەیەدا باش بۆی ڕوون نەبیتەوە یا بیەوی پتر بزانی دەربارەی « خانی » ، ئەوە بەئاسانی دەتوانی‌بەماشای میژووی ئەدەبی کوردی بکاو ڕوونی بکاتەوە ـ ئەو شاعرە

(١) بڕوانە لاپەڕە (٩)

پاشماوەی : فەرهەنگی جگەرخوێن ••••

کێیە ، **کە لە سەدەی حەفدەدا ژیاوەو مەمو زینی نووسیوە •**

جگە لەو دریژەپیدانەی کە لە سەرەوە باسمان‌کرد، دەبینن لەهەندی شوێندا ماموستا جگەرخوین بۆ رافەی ووشەیەك هەڵبەستێکی دوور دریژی هیناوەتەوە • لەو باوەڕەدام پیویستە بەوەناکات بۆ دوزینەوەو تێگەیشتنی مانای ووشەیەك خوینەر کاتێکی دریژ بەربێتە سەرو بکەوێتە بیرێکی قوولەوە • هەروەها لەهەندی شوێندا دەبینین هەڵبەستێکی داوە بۆ رافەی ووشەیەك • نەك ئەو هەڵبەستە مانای ووشەکە ناکاتەوەو نیشان‌نادات ، بەڵکو بەپێچەوانەوە زور ئالۆزەو وەك مەتەڵێکی ایهاتووە و خوینەر دەخاتە بیرکردنەوە بۆ هەڵهێنان و تێگەیشتنی • لەبەر ئەوە فەرهەنگێ نووس دەبێ ئاگای لەوەبێ کەچی ریگایەك ئەسانترە بۆرافەی ووشەو بۆئەوەی خوینەر زوترو باشتر تێی‌بگات تا ئەو ریگایەبگرێت • لێرەدا مەبەستم ئەوەنیە کە رافەی ووشە بەهەڵبەست ناکریت ، بەڵکو دەڵیم دەکریت ، بەڵام بەمەرجێك بەدوو دێرێکی سادە کەبە جوانی تێیایدا مانای ووشەکە کرابێتەوە • نەوەك بەهەڵبەستێکی دریژ کە مانای ووشەکەی تێیادا دیارنەبێ و بێگەڵك جێگاداگیرکا لە فەرهەنگەکەداو کات لە خوینەر زەوت کات •

راستە ، ماموستا رافەی هەندێك ووشە بەکورتی نەکا ، بەڵام مەرج ئەوەنیە رافە هەر کورت بیت ـ بەڵکو مەرج ئەوەیە کە رافەکە بەنەواوی مانای ووشەکەی یەکالا کردبێتەوە ، خوینەر مانای ووشەکەی بۆ ڕوون‌بێتەوە • بۆ نموونە ، ووشەی «دینار»ی بەم جورەی خوارەوە رافەکردووە :

(دینار) ـ بیست دەرهەم •

بێگومان باشە کە خوینەر بزانی « دینار » بیست دەرهەم بەڵام بەم رافەیدا ناشکرانەبوو • کە دینار چیە • لەگەڵ ئەوەشدا خۆ دینار هەزار فلسە چوار چارەکە •••وە «دیناری» یویوغوسلافیش هەیە ، ئەی ئەو چون بەش ئەکرێت ؟••• کەروایە دەبوایە نووسەر ئەمانەش بنووسیت • بەڵام بۆ فەرهەنگ ئەمانە پیویست نین ـ بەڵکو پیویست ئەوەیەنیشان بدرێت کە « دینار » دراوی چ وڵاتێکە • هەرچەندە لەرافەی « دینار »دا ناتەواوی هەیە ، بەڵام تا رادەیەك ووشەی « دولار »ی باش رافەکردووە ، کەنووسیویتی : پارەئێ ئەمەریکایە •

رافەی ناریك‌و ناقۆڵا ، چ بەباسی بێسودو چ بەهەڵبەستی‌گرانو ••• نزیکەی لەهەموو لاپەڕەیەکی فەرهەنگەکەدا دەبینرێت • تارادەیەك ئەمە جێگای سەرسورمان‌نیە ، بەڵام لەچەند شوێنێکدا رافەی هەندی ووشەی کردووە کە هەڵەی وەها گەورە نەدەبوو بکرایە • بۆنموونە ، رافەی ووشەی « پالاس » لە « فەرهەنگا کوردی » دا بەم جورەی لای خوارەوە کراوە :

(پالاس)

ناقی ئوتیلەکێیە • ل گەلەك بازار ئەف ناف هەیە • ن کوردی‌و عربیە •

د ـ (اوتیل پالاس) •

ماموستا دەڵێ : « پالاس » ناوی میوانخانەیە • جا چۆن وەها مانای ووشە ئەکرێت ؟ ووشەوا رافە ئەکرێت ؟ گەر بەو چەشنەئ ماموستا جگەرخوین رافەو مانای ووشە نیشان‌بدرێت خۆ ئەشی «پالاس» کەناوی چایخانەو چیشتخانەو سینەماو •••• هتد بێت • خوینەر چاوڕوانی ئەوە ناکات لە فەرهەنگێکی نووسی کەبڵێ « پالاس » میوانخانەیە •••• بەڵکو چاوەڕوانی ئەوە ئەکات کە بڵێ « پالاس » چی‌مانایەك ئەبەخشێت • گەر بەگوێرەی رافەی ماموستا جگەرخوین‌بێت، ئەوە زوربەی ووشە بێ‌مانان • بەم جورە بووایە کە دانەری « فەرهەنگا کوردی » مانای ووشە ئەدات ، ئەوە ئەبوایە بڵێ مانای ووشەی «کوردستان»یش هەر بینووسیایە کە ناوی میوانخانەیە ، بۆ مانای ووشەی «مقتی»یش بینووسیایە ناوی گەرماوە ، بۆ ووشەی « سلیمانی »یش بینووسیایە کەناوی کەباب خانەیە •••هتد لەو فەرهەنگە کوردیانەی کە تاکو ئیستا دەرچوون لەم چەشنە ناتەواویانەم تیدادا نەدیوون •

ئەو هەموو ووشانەی کە پیویست نەبوو بکەونە ناو فەرهەنگەکەوەو کەوتوونەتە ناوی ، لەگەڵ ئەو رافەدور و درێژانەو هەڵبەستانەی کە بێ سودنووسراون‌لایبرانایە ئەوسا بەئاسانی دەتوانرا ئەو دوو بەرگەی « فەرهەنگا کوردی » بەیەك بەرگ لە چاپ بدرێت‌و چ بۆ باری‌چاپ‌و چ بۆخوێنەر باشتر بوو •

●

بۆرێزکردنی ووشەکان ئەو ریگایەی گرتووە کە هەندێ لە فەرهەنگە فارسی‌یەکانی کون لەسەری ڕویشتوون ـ واتە بەگوێرەی بیتی سەرەتاو کوتایی‌یە • ئەم ریگایە تارادەیەك ئالۆزەو دوڕینەوی ووشەگرانە • لەبەر ئەوەیە کە لە فەرهەنگەکەی ماموستا جگەرخویندا گەڕان بۆ ووشەیەکێ و خەمی بۆ هەڵناگرێ جا بڕوانێ شۆڕشگێڕترین چینی ئەمرۆی گەلەکەمان چۆن بیر دەکاتەوە •• ئایا هەستکردن بەو ئاسانە لەلایەن ئێمەوە چۆن دۆزەخی ئازارو رەش‌بینی دروست ناکات ؟

بەڵێ لێرەوە رەش‌بینی دروست دەبێت گە سەرچاوەکانیمان دۆزیەوە • وەهەرچاوەکەی (ئەو پاروە نانەی کەپێی دەڵێن پێویستی بە جوتیارو سەپان‌و ناشەوان‌و هەروەها « فەرهەنگا کوردی » تەنها فەرهەنگی کوردیی‌یە کە ئەم ریگا ئالۆزەی‌گرتووە • بۆ نموونە ، دەبینین لە فەرهەنگەکەدا (١٤٦)دایەو کەچی « روزی » کەئەبی لەپاش « ڕۆژ » بێت لاپەڕە (١٤٧) دایە ، «پولیس» لە لاپەڕە (١٧٢) دایەو « پولیس‌خانە » کەئەبی لەدوای ووشەی « پولیس » ەوە بێت لە لاپەڕەی (١٦٧) دایە ••• هتد واتە ئەم ریگایە بووە بەهۆی پاش‌و پیش‌خستنی ووشەکان •

هەرچەندە لە « فەرهەنگا کوردی »دا ناتەواوی‌و کەمو کوری‌و هەڵە زۆرە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتی بەکەڵك باش هەبە • گەلیك ووشەی پیویستلەناو فەرهەنگەکەدانراو زور ووشە جوان رافەکراون • **دیارە** کە ماموستا شارەزایی‌یەکی باشی هەبە لە زمانی کوردو لە کوردستاندا • میژووی کوردو کوردستاندا • مەبەست لەم ووتارە ئەوەنیە کە لەنرخی « فەرهەنگا کوردی » و لەنرخی ماموستا جگەرخوین کەم بکرێتەوە ، بەڵکو مەبەست ئەوەیەکە ئەو کەمو کوری‌یانەی لەکاری فەرهەنگ نووسینی کوردی‌دا هەن بخرینە بەرچاو تا فەرهەنگ‌نووسەکانمان سودی لێ‌ببینن بۆ ئەوە فەرهەنگانەی کە بەدەستەوەن • بۆ پیشخستنی ئەم زانستەش ئەو ریگەیە مان‌گرتووە کە لینین بەنجەی بۆڕاکیشیارەکانی « هەر زانستێك پیش دەکەوی‌و گەشەدەکا کەر لەسەر بناغەی زانینی مەردوم داڕێژرابێت‌و ، لەسەر بنکەی زەخنەو ڕوونکردنەوەو تێگەیشتنی هەموو ئەوەی کە کراوە لەسەر ئەو ودا هەلچنرابێت» (١٢)

---

(١٢) ئا • ك • بەروفکوف ، **لە تەجروبەی فەرهەنگ دانانداری (گوفاری فەرهەنگ نووس) ، موسکو ، ١٩٥٧ (بەروسی) ، ب١ ، ل١٤٠ •**

(١٣) ڤ • ئی • لینین مارکس ، ئینگلس ، مارکسیزم» ١٩٤٧ (بەروسی) ، ل ٤٥٧ •

پاشماوەی : دیسان لەسەر مەلا ئاوارە •••

پیالێکیان ئاو بێ نۆشی
یەکێك دەیگوت پوردڕۆ
یەك دەیگوت خوشکەزانم
مەواودی لەخۆم دەگرم
کە هات خورشیدی کچی
هاواری کرد دایە گیان
شەرتە لەپاش تۆ دایە
تا خەوم نەیە نەنوم
تا برسیم نەبێ نەخۆم
مەگەر هەرنەبێ ماستاو
مەگەر لەبەر هەزاری
جەندرمە ترسیان ڕێنیشت
جا پور فاتمی مردو
رزگاری بو لە مردن
داستانم هێشتا مابو
جێگەم چۆل و بیابانە
گەلی خۆشك و برایان
لە تەقسیرم ببورن
« ئاوارە »ی دەشت و کێوم

بە جاجم دایان پۆشی
یەکێك دەیگوت دایەڕۆ
ئێستەش هەز بەنەمانم
من لەپێش تۆدا بمرم
دەیدا لەسەر و پرچی
بێمرادت کردم لە ژیان
بکەم تەرکی دنیایە
تا بنێشتم نەبێ نەجوم
تا نەکەومە ڕێ نەڕۆم
دەنا قەت ناخۆم بەفراو
گوشت بکەم ژەهری ماری
یەك بەیەکێ نەگەیشت
لەسەر خۆی لادا پەتو
بۆ توتن پێوەکردن
داخەکەم ڕۆژ ئاوا بو
نیمە چرا و دیوەخانە
تکایە لەگشت لایان
ئەوەی نیزیك و دوردن
لەدوریتان پەشێوم

---

(١) لێرەدا بەزمانی پورفاتمەوە جەندرمەکانی بەسەرباز ناو بردون •

(٢) پورفاتم هەرکاتێك زۆرقسەی کردبێ و ماندو بوبێ ، فێی گرتوە و هەربۆیەش ئەوبۆ ئەوکارە دانراوە •

× ×

پاشماوەی : رەخنەی جەماهیری‌و •••

ئەمانە بەتەواوی تێبگەین‌و دەرێبڕن مەگەر ژیانی ئەوو بەشە پۆشنبیرە بتوانن دەربڕن‌کە لە ڕووی چینایەتی‌و باری ماددی ژیانیانەوە • وەك خۆیان بن یا نزیك بن لێیانەوە •

بۆ نموونە لە چیرۆکێك‌دا گەر باسی ژیانی لادێو مەسەلەی زەوی‌و چەوساندنەوەی جووتیارانی تیاکرا ، ئایا لەکاتی ڕەخنەلێگرتنیا پسپۆرەکانی ڕەخنە ئەتوانن چاکتر ڕەخنەی لێبگرن یا جووتیارێك ؟ بێگومان جووتیارەکە • بۆچی ؟ چونکە مەیدانی چیرۆکەکە لادێیە ، قارەمانانی چیرۆکەکە خەڵکی لادێن ، ناوەرۆکی چیرۆکەکە گرنگترین مەسەلەیەکی لادێیە کە مەسەلەی زەوی‌و زارو چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی‌یە

ئەو جووتیارەی ڕەخنەکە ئەگرێت خۆی لەواقعەکەدا ئەژی • هەموو لایەنەکانی ژیانی لادێ ، هەموو خووڕەوشت‌و ڕەفتاری لادێ ئەزانێت‌و شارەزایە ، زمانی خەڵکی لادێو مەنطقی جووتیاران ئاگادارە ، خۆی‌و بەهەزارانی وەك خۆی کە پەیوەندی پۆژانەی لەگەڵیانا هەیە پاڵە وانانی چیرۆکەکەن کە باشتر لەخۆیان ئەگەن تا خەڵکی تر ، هەروەها چوار وەرزی ساڵ‌و بەدرێژایی تەمەنی لەژێر باری چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی‌دا نرکەنرکی دێ • ئەم جووتیارە بێ هیچ گومانێك چاکتر ئەتوانێت ناوەرۆك‌و مەبەستی بەرهەمێکی ئەدەبی هەڵسەنگێنێ تا پسپۆرەکان کە لە چینێکی جیاوازن‌و لە شوێنێکی جیاو لە واقعێکی جیادان‌و ژیانیان زۆر جیاوازم لەژیانی‌جووتیاران چۆن پسپۆرێك ئەتوانێت هەمان هەستی جووتیارێك دەربڕێت لەکاتێکا کە جیاوازی ژیانی ئەوو جووتیارە کە ئاسمان‌و ڕێسمان بێت • ئەمە ڕاستی‌یەکە کە هەرکەسێك چاوشارکێ لەگەڵ واقعدا نەکات هەستی پێ ئەکات‌و زیرەکی‌و بەڵەیی ناوێت •

ئەو نووسەرانەی کە بوونی خۆشیان لەبوونی گەلدا ئەبینن لەبری ئاوڕدانەوەی تایبەتی لە (زەخیرەی ئەو شارەزاو پسپۆرانە)ی کە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبی (کاریان گردووە ، بە سەدان کتێب‌و ووتاریان خستۆتە ناو کتێبخانەکانی ، ڕێبازی فیکرو ڕۆشن‌بیری‌و زانیاری ئەم مەسەلانەوە) ••• بەڵێ لەبری ئەوە ئاوڕ ئەوە نەوە بۆ گۆڕینی ئەو چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی‌یە ، ئەو جەماهیرەی کە دروست‌کەری مێژووە ، ئەو جەماهیرەی کە بەرهەم هێنەری سامانی فیکرو ڕۆشن‌بیری‌و زانیاری‌یە، ئەو جەماهیرەی کە شارەزایان‌و پسپۆرانی ئەم بوارانە بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن و ڕەخنەیان لێبگرن ، ئەو جەماهیرەی کە ئەو شارەزایان‌و پسپۆرانە بۆ خۆیان دروست‌کردووە ، ئەو جەماهیرەی کە ئەو شارەزایان‌و پسپۆرانە بۆ ئەو جەماهیرە دروست‌کراون ، ئەو جەماهیرەی کە ئەو شارەزایان‌و پسپۆرانە بۆ ئەو جەماهیرە کاریان کردووە ، ئەو جەماهیرەی کە ئەو شارەزایان‌و پسپۆرانە بۆ ئەو جەماهیرە دەنووسن ، ئەو جەماهیرەی کە ئەو شارەزایان‌و پسپۆرانە بۆ ئەو جەماهیرە دەخوێنن ، ئەو جەماهیرەی کە ئەو شارەزایان‌و پسپۆرانە بۆ ئەو جەماهیرە دەڵێن

سوپاس

بۆ کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لقی هەولێر .

کۆمەڵەی ڕەوشەنبیری کوردی - لقی هەولێر بە بۆنەی یادی (٢٥) ساڵەی کۆچی دوایی مێژوو نووس و ڕۆژنامەگەری کورد بەهەشتی ماموستا (حسین حوزنی موکریانی) مامم لە ڕۆژی (٢٠-٩-١٩٧٢) دا لە هۆڵی گەل ئاهەنگێکی تایبەتی گیرا .

بەم بۆنەیەوە ئەومم لەسەرەوە بە پیویستم زانی بە ناوی خۆم و خانەوادەی موکریەوە سوپاسی کۆمەڵەی ڕەوشەنبیری کوردی - لقی هەولێر بکەم کە لەم دوواییەدا یادی ماممیان کردەوە بە تایبەتی ماموستایانی ڕەوشەنبیر کاک عبدالرزاق بێتوشی و کاک ئەحمەد شەریف و کاک ممتاز حیدری و کاک عبدالخالق سەرسام و کاک مەنگوری .

هەروا لە کانگای دڵیشەوە سوپاسی هەستی پاکی ئەوم هەموو دایک و خوشک و برا مامانە دەکەم کە بۆ بیرەوەری مامم ڕەنجیان کێشاوە . وە ئەوانەی بروسکەیان پێشکەش کرد بەتایبەتی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سکرتاریەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ ای تیکۆشەر کاک ئەنوەر عەبدوللا وە ئافرەتانی کوردستان و لاوانی لقی دووی هەولێر و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی و قوتابیانی بەشی کوردی زانستگای بەغدا ...

ئاواتەخوازم ئەندامانی کۆمەڵەی ڕەوشەنبیری کوردی لە ڕاژەکردن و خزمەتکردنی کەلەپووری نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی ڕەوشەنبیریکی پێشکەوتووانەی شۆڕشگێڕ و یادکردنەوەی ڕابەرانی کوردو هاودانی و پشتگیری کردنی ئەوانەی ئەمڕۆ لەمەیدانن بەردەوام بن .

کوردستان گیو موکریانی
لەبریتی خانەوادەی موکریانی هەولێر

وێنەیەک لە دەرەوە

لەکۆنەوە، ڤێنامیەکان ئەگەر یەکێکیان بمرێ ، ژنەکانیان سەرتاپا بەرگی سپی ئەپۆشن و دەمو چاویشیان بە ڕووپۆشێکی سپی دائەپۆشن و لەکاتی بەڕێ کردنی تەرمی کۆچ کردوەکەیانا بە خەمباری لەپێشیەوە نەڕۆن .

لەم دواییەدا ، نزیکەی ٢٠ هەزار ئەمەریکای لەشاری نیۆیۆرک خۆپیشاندانێکیان دژی شەڕی ناڕەوای ئەمەریکا لە ڤێتنام ڕێکخست ، ئەو زنانەی لەم خۆپیشاندانەدا بەشدار بون، ڕووپۆشی سپیان لەبەر کرد تاکو ڕوی پرئیشو ئازاری خێزانەکانی ڤێتنام لە ئەنجامی ئەو شەڕە ناڕەوایەی ئیمپریالزمی ئەمەریکا ئاگرەکەی هەڵگیرساندوە دەرخەن .

ئافرەتێکی هونەرمەند



● حەز ئەکات بچێت بۆ کوردستان و وەکو هونەرمەندێت ڕوخساری بە دنیا بناسێنێ ...

ئافرەتێکی هونەرمەند ... لە گۆشەیەکی پێشەوەی بەشی میسر لە پیشانگای بەغداد خاتو فتنە ەوعەن هونەرمەندی سلویت دانیشتووەو هونەری .

خۆی پێشکەش بە جەماوەری خەڵکی ئەکات .

دەستو پەنجەیەکی شارەزاو مقەستێکی بچوکو پارچە کاغەزێکی ڕەش بۆنەتە کەرەسەی ئەم کچە هونەرمەندە ، لەماوەی دەقیقەیەک کەمتر لەبەرچاوی تەماشاکەراندا ، سا ئەوکەسا ، سەرەکی دەوڵەت یا پاشای دەوڵەتێک یا هەر کەسێکی ئاسایی بن - وەکو خۆی ئەڵێت - هونەری خۆی پێشکەشیان ئەکات .

لێم پرسی : بەهوی کێوە ئەم بەهرەیەت دەستەکەوتووە ؟

وتی : بەهوی براکەمەوە کە هونەرمەندی تەشکیلیەو خاوەنی معهدی هونەرە جوانەکانە لە قاهیرەو ناوی ڕەشاد موەمنە .

پێم وت : لە کەیەکەوە خەریکی ئەم هونەرەیت ؟

وتی : چواردە ساڵە !

لێم پرسی : لە چەند پیشانگادا بەشدار بویت ؟

وتی : لە ٤٢ پیشانگای دەوڵەتان و ٣٨ی ناوخۆیی و ٢٥ی تایبەتی دا ، هەروەها لە پیشانگای نەتەوە یەکگرتوەکان لە پێناوی ساوایەتی و تەندروستی و پەنابەراو ئاشتی دا بەشدار بووم و چەند مەدالیاو شەهادەی ڕێز گرتنم وەرگرتوە .

پێم وت : هەر تۆ بەم هونەرەوە خەریکیت ؟!

وتی : نەخێر .. بەڵام لە هەمو کەسێک زووتر دەستم داوەتێ .

لێم پرسی : لە کاتکدا بە مقەست وێنەی پاشاو سەرۆکی دەوڵەتان دەر ئەهێنیت ناپەشۆکێریت ؟!

وتی : هونەرمەند هەقی بەسەر کاروفرمانی کەسەو نیە ، بەڵکو هونەرەکەم هانم ئەدات زیاتر باوەڕ بەخۆم بکەم و سەربەست تر بم ، ڕەنگە ئەوان بیەشوکین کە لە بەردەمی منا بێدەنگ ئەوەستن !

لێم پرسی : ئایا شارەزایی دەستو پەنجەو مقەستت بەسە ؟!

وتی : هەستی شەشەمیا هەستێکی تر یارمەتی ئەم شارەزاییە ئەدات .

لێم پرسی : ئەگەر لە بەشێکی وێنە دەرهێنانێکدا هەڵەت کرد چی ئەکەیت ؟!

وتی : ئەگەڕێمەوە ماڵەوەو ڕۆژێک ، دوو ڕۆژ سێ ڕۆژ ئەحەسێمەوە ، چونکە هاڵەکردن نیشانەی ماندو بونە .

لێم پرسی : چۆن لەعیراق گەیشتویت ؟

وتی : خەڵکی ئێرە باشن و حەز لەهونەر ئەکەن ، کچانی عیراق وەکو هەمو کچانی وڵاتە عەرەبێکان تەنیا بەیمەن پێشکەوتون .

لێم پرسی : ئارەزوی چی ئەکەیت ؟

وتی : حەز ئەکەم بچم بۆ کوردستان .... ئەورووپاو یونانو جێگای تر گەراوم .. بەخەیاڵی خۆم شاخەکانی کوردستان وەکو شاخەکانی ئەورووپاوایە .. هەر جۆرێک بێت ئەبێ هەر سەر لە کوردستان بدەمو ڕوخساری کوردستان بە دنیا بناسێنم .

- بەیامنێرێکی هاوکاری -

زانکۆ

ڕۆژێک لە ڕۆژان پۆلیسێک مامۆستاو خوێندکار لەسلیمانی لێک ئاڵابون و بەتوندی لەسەر وشەی (زانکۆ) موناقەشەیان دەکرد ، پاش هەراو هۆریایەکی زۆر هەمو هاتنە سەر بڕوای دوکتۆر کەمال فوئاد کە زانکۆی بەراست نە ئەزانی چونکە جێی جامیعەو دانشگا ناگرێتەوە ، کابرایەکی پیر قروقەپ لەوێ دانیشتبوو متەقی نەدەکرد وادیاربو هەر کوێی لەو هەراو هوریایە نەبو ، لەپڕ بەدەنگ هاتو گوتی ئەم قسانە چن ؟ بڕۆن شوکری خوا بکەن بڕۆن کڵاوی خۆتان هەڵاوێنو مەیگرنەوە ، بەسنەبو ناوی ئەم شوێنەیان نەنا « زانگە » ئەگینا هەر لەوتانەدەهات بەم سەرو سیماو ڕیشو سمێڵەوە ڕوی تێکەن .

پاشان لەسەری ڕۆییو گوتی من لەگەڵ دوکتۆردامو دەزانم (زان) فڕی بەسەر عیلمو دانیشی عەرەبیو فارسیەوە نیە، بەڵام بەتەنێ مەعنایەکی تری هەیە بۆچی نەتان بیستوەکورد دەڵی (فلان ژن لەسەر زان بو) یا فیسار (ژن تا سەر زان کاری دەکرد) « گەش » نیشانەی ئیسمی مەکانە کەوا بو زانگە لەسەر، ەر وەزنی ڕوانگەیانی جێگای زان .

یەکێک لە دانیشتوان گوتی ئاخری خێرێ مامە بەخوای توش لە پاڵەوە وشەیەکت بۆ داتاشین .

- ناصر کەمال -

بیرنکی ڕاگوزاری

● گەڵێک گەورە پیاوانی دنیای سەرسام کردوە .

● کێ ئەتوانی مانگی جارێک بەخۆیا بچێتەوە؟! جارێکی کەش ئەم پرسیارەم کرد .... وەووتومە ئێمە پێویستە ناوبەناو سەرنجێک لە خۆمان بەینەوەو بزانین چیمان کردوەو چیمان دەست کەوتوە ...

● ئەم مەسەلەی بەخۆداچونەوەیە بەلای منەوە ، زۆر گرنگەو جۆرە ئازایەتیەکە لەگەڵ خۆدا .

● بەڵام زۆر هەن ، هەمو (دوێنێیەک)ی ژیانیان نەخەنە قوڵای بیرچونەوەوە بایەختەنیا بەو ساتە ئەدەن کە تیایا ئەژین .... تا ئێرە قەی ناکات ... بەڵام لەمە سەیرتر ئەوەیە ... هەربەو چاوەش سەرنجی .. « سبەینێ »ی خۆیان ئەدەن ...

● ئەوانە ... کاتێ بەخۆیان ئەزانن ... «سبەینێ» بەجۆرێ روبەڕویان ئەبێت ... ئەیان خاتەبارێکی «سەرئێشەوە» ... بەتەواوی سەریان لێ ئەشێوێنێ ....

● ئایا ڕاستە هەر بۆ ئەوکاتە بژین ... کە تیایا ئەژین ...؟!

● دوێنێ چیە ... ڕۆیشت ؟!

● ئەی بۆ لەئێستەوە خۆمان بەسبەینێوە خەریک کەین ... هێشتا نەهاتوە !!

● بەلای منەوە ... ئەم جۆرە سەرنج دانە لەژیانو ئەوەی لەژیانا ڕوئەدات » ... بایەخ نەدانە بە « خۆ » ش نەک تەنیا بەژیانو بەمانا قوڵەفراوانەکەی ....

● باخومان تاقی بکەینەوە ... مانگی جارێ .. زۆر نە تەنیا مانگی جارێ ... ورد .. بەخۆمانا بچینەوە .. تا لە زۆرشت بگەین ... کە بەسەرمانا تێ ڕەبڕیوەو ... تێی نەگەشتوین ...؟!

عبدالله عباس

هونەرمەندێکی یاخی

« جیمی هاندرکس » ، یەکێکە لەهونەرمەندە ڕەشەکان لە ئەورووپاو ئەمەریکادا ناوبانگێکی فراوانی هەیە ، شارەزاکانی هونەری گورانیو مۆسیقا ئەڵێن ، ئەم ناوبانگەی هاندرکس لە ئەنجامی ئەو نوێکردنەوەیە دایە کە خستویەتیە هونەری گورانی پێست ڕەشەکانی ئەمەریکاوە .

لە کۆڕی هونەرمەندەکانی ئەمەریکادا ، بە دوژمنی گەورەی سیاسەتی ڕژیمی سەرمایەداری ئەمەریکا ناسراوەو پشتگیری خەباتی دژ بە جیاوازی ڕەگەزایەتی ئەکاتو بۆ ئەم مەبەستەو پیاهەڵدانی خەباتی گەلان لەپێناوی ئازادیو سەربەستیا گۆرانی ئەڵێ ...

ئەم هونەرمەندەو خێزانەکەی زۆر سزایان کێشاوەو ناڵاویان بەدەست ڕەگەزپەرستەکانی ئەمەریکای چەشتوە ، لەبەر ئەوە هەر کەپێی نایە دنیای هونەرەوە بەڵێنیدا هونەرەکەی بۆ هاندانی خەباتی ڕزگاری خوازی هەمو گەلانی دنیا بێ دژی چەوساندنەوەو ژیر دەستەیی توانیویەتی بۆماوەی سێ ڕۆژێ تەواو بەدەوری یاریگەی - بیتاوا - دا سوراوەتەوە کە لەو ماوەیەدا ٣٠٠ میلی بڕی وە بەبێ ئەوەی دەقیقەیەک ڕابوەستێ .

ناوبراو دوای ئەم کارەکرانە وتویە : -

- ئێستە ئەچم تێرئەخەوم تاکوبەیانی بتوانم بەپێ بچمەوە سەرئیشی خۆم .

گەشتی ئایندەی ئەپوللو بەرەومانگ

ئاژانسی کاروباری ئاسمانی ئەمەریکا هەفتەی ڕابوردو بڵاوی کردەوە کە بڕیار وایە گەشتی ئاسمانی ئەمەریکا - ئەپوللو - لە ٧ی کانونی یەکەمی ئایندەدا بەرەو مانگ بکەوێتەڕێ .

وە لەگەشتی ئەمجارەیدا سێ گەشتیەوانی تیا ئەبێ کە ئەمانەن ئوجین سرنانو هاریسون شمیدتو ڕونالد ئیڤانز .

ئاژانسەکەوتویە : ئوجین سرنانو هاریسون شمیدت لە سەعات حەوتو پێنج دەقیقەی ئێوارەی ١١ی کانونی یەکەم ئەگەنە مانگ ، وە ئیڤانز لەگەشتیەیە سەرەکێ کەدا چاوەڕوانیان ئەکات . لەلایەکی تریشەوە ئوجین سرنانو هاریسون شمیدت ٨٢ سەعات لەسەرڕوی مانگ ئەمێننەوە ، ئەوناوچەیەی لەسەری ئەنیشنەوە بە (ئورلیتراو) ناسراوەو زنجیرەیەک شاخو دۆڵوشیوە .

● لەڕەڕەوی سنور ●

● بە تەنیا .. بەدەوری جیهانا ئەسوڕێتەوە :

لاوێکی ژاپونی ، خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ ئەوەی گەشتێ بە دەوری جیهانا بکات بۆ ئەم مەبەستەش بەلەمێکی بچوکی ئامادە کردوەو ئەیەوێت گەشتەکەی لەماوەیەکی کەمترا تەواو بکات کە لەساڵی ڕابوردوا بەناوی لاوێکی ئینگلیزەوە تۆمارکرا ، ەماوەکەش بریتی بو لە ٢٩٣ ڕۆژ .

تەواو بەدەوری یاریگەی لەو ماوەیەدا ٣٠٠ میلی بڕی وە بەبێ ئەوەی دەقیقەیەک ڕابوەستێ .

ناوبراو دوای ئەم کارەکرانە وتویە : -

- ئێستە ئەچم تێرئەخەوم تاکوبەیانی بتوانم بەپێ بچمەوە سەرئیشی خۆم .

● ٣٠٠ میل بەبێ ڕاوەستان

گۆڤاری - الف باء - لە دواژمارە یا ئەم هەواڵەی بڵاو کردەوە . کە کابرایەکی کەنەدی ناوی - نیل لاتولیت - ، توانیویەتی بۆماوەی سێ ڕۆژێ تەواو بەدەوری گۆڕەپانی ئەسوڕێتەوە کە ئەوەش بەرامبەر بە ٣٠٠ میل ڕێگا ئەبێ .

خۆمتان پێشکەش ئەکەم

شیعری : لانگستون هیوز

وەرگێڕانی : عبدالله عباس

● لانگستون هیوز ، شاعیرێکی قوڵەڕەشی ئەمەریکایە بوە .

● ساڵی ١٩٠٢ لە جوبلن لەهەرێمی - فروری - لەدایک

● بەهوی پیست ڕەشیەکەیەوە زۆر سزاو تاڵاوی ڕەگەزپەرستەکانی ئەمەریکای چەشتوە .

● ساڵی ١٩٢٥ یەکەم پاداشتی لەسەر شیعری « قوڵەڕەشێک قسە ئەکات » وەرگرت .

● ساڵی ١٩٢٩ لەزانستگای لنکولن دەرچوە .

● لە مایسی ١٩٦٧دا کۆچی دوایی کردوە .

من قوڵە ڕەشم ...
ڕەشم ، ڕەشم .. هەروەکو شەو ..
ڕەشم ، هەروەکو قوڵایی ئەفەریقا ..

⊙○

کۆیلەیەک بوم ..
قەیسەر فەرمانی پێدام
بەردەرگاکەی گسک بەم
پێلاوەکانی واشنتۆنم پاک کردەوە ...

⊙○

کرێکاریک بوم :
« ئەهرام » بە بازوی من بەرزبوەوە ..
چیمەنتۆم بۆ خانوی «ولورث» گرتەوە ..

⊙○

گۆرانی بێژی بۆم :
بەدرێژای ڕێگا ...
لە ئەفەریقاوە تا جورجیا ..
گورانی خەمم ئەوتو
نومایشم ڕێکئەخست ..

⊙○

من شەهیدم :
بەڵچیکیەکان لە کۆنگۆ دەستیان بڕیمو ..
ئێستە تا مردن لە تەکساس دارکاری ئەکرێم ..

⊙○

من قوڵە ڕەشم :
ڕەشم ، ڕەشم ، هەروەکو شەو
ڕەشم ، هەروەکو قوڵایی ئەفەریقا .

⊙○

گۆڤاری ئەستێرە



بەم ژوانە گۆڤاری ژمارە (٢)ی ئەستێرە ، تاقە گۆڤاری ساوایانی کورد لە تازەترین شێوەو بەرگدا ئەکەوێتە بازاری چاپەمەنی کوردیمانەوە .. قربای کەون !

کۆڕێکی ئەدەبی لە هەولێر

یەکێتی نوسەرانی کورد - لقی هەولیر ، لەسەعات پێنجی ئێوارەی یەک شەممە ١-١٠-٧٢ کۆڕێکی ئەدەبی لەیانەی مامۆستایان ڕێک خست بەناوی « ماتماتیکو کیشی شیعر » . باسەکە لەلایەن کاک عەزیز گەردیەوە ئامادە کرابو . کۆڕەکە دوو سەعاتو نیوی زیاتری خایاند و ژمارەیەکی زۆر لە ئەدەب دوستان بەشداریان تیا کرد .

هاوکاری

ئەلئیتیحادی

ژۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە

لە دار الجماهیر دەرئەچێ و لە دار الحریە چاپئەکرێ

ژمارە (١٣٩)
٢١-١٠-١٩٧٢

نرخی ٢٠ فلسە
تەلەفون ٢٠٣٦٥

گرنگترین هەوال

یەمەنی دیموکرات ستایشی هەڵوێستەکەی حکومەتی عێراق ئەکات

عەدەن : ١٩-١٠ ئا٠د٠ع ، رویتەر : کاك علی ناصر محمد سەرەك وەزیران و وەزیری بەرگری کۆماری یەمەنی دیموکرات لە وتووێژێکدا لەگەڵ پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراق ، ستایشی هەڵوێستەکەی حکومەتی عێراقی کردوە دەربارەی گیروگرفتەکانی نێوان هەردوو ولاتی یەمەن ، وەوتویە ، ئیمە زۆر سوپاسی تەقەللا جوامێرانەکەی سەروك احمد حسن بکرو گەلی عیراق ئەکەین وە گەلی یەمەن هەرگیز لەوهەڵو کۆششە ئیجابیەی لەبیر ناچێتەوە ، لەلایەکی تریشەوە لەسەعات ٥ر٦ی ئێوارەی پێنج شەممەی رابوردو هەردو دەولەتی یەمەن بڕیاری شەڕ وەستاندنیان دا . وە رادیوی صنعاء وتبوی ، سەرەك وەزیرانی هەردوو لا بە نەلەفۆن قسەیان لەگەڵ یەکتری کردوە و بڕیاری تەقە وەستاندنیاز داوە .

شۆڕشگێڕانی گینیا بیساو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دائەمەزرێنن

فراوان کردنی کاروباری خوێندنی کوردی لە کەرکوك و ناوچەکانی دیالە

شۆڕشگێڕانی گینیا بیساو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دائەمەزرێنن

مۆسکو : تاس ، ئاژانسەکان ڕۆژی چوار شەممەی رابوردوو دکتور عزیز صدقی سەرەکوەزیرانی میسر دوای تەواو بونی سەردانەکەی یەکێتی سۆڤییەت ، گەڕایەوە قاهیرە . وە لە بەیاننامەیەکی دوو قۆڵیا کە ڕۆژی ١٨-١٠ لە قاهیرەو مۆسکو بڵاوکرایەوە وتراوە : یەکێتی سۆڤییەت چی لەدەستێ ئەیکات بۆ ئەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لەخاکی عەرەبی زەوت کراوا بکشێتەوە و دەستبەری مافی ڕەوای گەلی فەلەستین بکرێت .

یەکێتی سۆڤییەت وتویە ، بەپێی یاساکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و مافی ڕەوای دەوڵەتان بۆ دیفاع کردن لە سەربەستیان ، وڵاتانی عەرەب مافی ئەوەیان هەیە کە هەموجورە ڕێگایەك بگرنەبەر بۆ ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراویان بەیاننامەکە داوای لە هێزە ئاشتی خوازو وڵاتانی دنیا کردوە کە هەوڵبدەن لەپێناو جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەتایبەتی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە خاکی عەرەبی داگیرکراودا .

بەیاننامەکە وتویە سەرکردەکانی سۆڤییەت ، لیونید بریجنیف ، نیکولای پودگورنی ، ئەلیکسی کوسیگن سەردانی میسر ئەدەن .

وەزارەتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ

ڕۆژنامەی الثورە لە ژمارەی دوێنیبەدا بڵاوی کردەوە کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری داوە کە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ بکات بەیەك و لەمەودوا پێی بوترێ وەزارەتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ .

هەروەها ئەنجومەن بڕیاریداوە کە کاك عزت ابراهیم الدوری بکرێ بەوزیری ئەم وەزارەتە تازەیە .

شۆڕشگێڕانی ڤیتنام هێزەکانی سایگون تەنگەتاو ئەکەن

هانوی : تاس ، ئاژانسەکان ٢٠-١٠ : شۆڕشگێڕانی ڤیتنام لە پێڕێوە نزیکەی ١٠٠ جار هێرشیان بردۆتە سەر ئۆردوگاکانی حکومەتی سایگون و زیانێکی گەورەیان لێ داوە ، ئاژانسەکە ئەڵێ ئێستاش لە ناوچەیەك کە ٢٥-٣٠ کیلومەتر لە ڕووەوی سایگۆنەوە دوورە شەڕێکی قورس لە نێوان شۆڕشگێڕان و هێزەکانی حکومەتدا هەڵگیرساوە .

وە ئاژانسی دەنگوباسی ڤیتنام بڵاوی کردەوە کە تۆپە فڕۆکە شکێنەکانی ڤیتنامی دیموکرات ڕۆژی ١٧-١٠ پێنج فڕۆکەی تیژڕەوی ئەمەریکایی جۆری (ف ١١١)یان خستۆتە خوارەوە بەم جۆرە ژمارەی ئەو فڕۆکانەی ئەمەریکا کە لەسەر خاکی ڤیتنامی دیموکرات خراونەتە خوارەوە گەیشتونەتە ٤ هەزار فڕۆکە . وە بەپێی ڕاپۆرتێك کە لە سایگون بڵاوکرایەوە ، لە هەفتەی ڕابوردوا نزیکەی ٥٧٦ کەس لە هێزەکانی سایگون کوژراون و ٢٤٢١ کەس بریندار بون ، ٢٠٨ کەسیش بێسەروشوێن ون ، وە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە لەسەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی ڤیتنامەوە تاکو ئێستا ١٥٧٣٣٧ کەس لە هێزەکانی سایگون کوژراون و ٤١٥٠٩٢ کەس بریندار بون

لەلایەکی تریشەوە ڕۆژی ١٩-١٠ دوای گفتوگۆ دوو قۆڵیەکەی نێوان نگوین فان ثیوی سەرۆکی ڕژێمی سایگون و دکتور هنری کیسینجەری ڕاوێژکاری کاروباری ئاسایشی سەرۆکی ئەمەریکا ، حکومەتی سایگون لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندوە کە بە پێشنیازەکەی حکومەتی وەختی شۆڕشی ڤیتنام قایل نابێ ، دەربارەی پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی لە سایگوندا .

جەنگی دەزگا جاسوسیەکانی ئەمەریکا لە بەنگلادیش

دەکا : ئاژانسەکان : زیلور ڕحمن سکرتێری گشتی پارتی ڕابتەی عەوامی فەرمانڕەوای بەنگلادیش وتویە : ئاژانسی مخابەراتی ناوەندی ئەمەریکا ئاژاوەو هەراو هۆریا لەوڵاتا ئەنێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی شیخ مجیب الرحمن تەنگەتاو بکاتو ناچار بێ دەست لەو سیاسەتە بێلایەنەی ئێستای هەڵگرێ .

زیلور لەوتارێکدا کە ڕۆژی ١٧-١٠ خوێندویەتیەوە وتویە. لەم دواییەدا نوکەرانی دەزگا جاسوسیەکانی ئەمەریکا بەئاشکرا کەوتونەتە جمەوجۆڵ بۆ شێواندنی ئاسودەیی و ئاسایش و باری ناوخۆی وڵاتو تێکدانی ئەو ڕێڕەوە سوشیالیستیەی ڕژێمی بەنگلادیش گرتویەتیەبەر .

دۆستایەتی ڕەگەزپەرستانی ڕۆدیسیا و ئیمپریالیزمی پورتگال

مۆسکو : تاس ، ڕۆژی ١٥-١٠ ئیان سمیث سەرۆکی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ڕودیسیا بە سەردانێکی ڕەسمی چووبۆ پورتگال . وە لەو سەردانەیدا لەگەڵ کایانووی سەرەك وەزیرانی پورتگال دەربارەی چونیەتی بەرەنگاری کردنی بزوتنەوەکانی ڕزگاری هینەری ئەفەریقا گفتوگۆ ئەکەن .

ئاژانسی دەنگوباسی تاس ئەڵێ : پورتگال لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنانە ئەترسێ کە شۆڕشگێڕان لە مۆزەمبیق ، ئەنگولاو گینیا بیساودا ڕۆژبەڕۆژ بەدەستی ئەهێنن ، و ئیرادەی گەلی زامبابوی و خەباتە ئازادیخوازەکانی ڕودیسیای شێرزەو نارەحەت کردوە .

ئاژانسەکە وتویە : ڕای گشتی ئەفەریقا ئەم سەردانە بەپیلانێکی چەپەڵ ئەزانی کەدژی بزوتنەوە ڕزگارهێنەرەکانی ئەفەریقا ساز ئەکرێت ..

بارەی سیاسی تورکیا بەرەو کوێ ئەڕوات

ئەنقەرە : ئا٠د٠ع : بەپێی ئەو هەواڵانەی لە ئەنقەرەوە گەیشتون ، بڕیاروایە لەیەکەم هەفتەی مانگی داهاتوا حکومەتی تورکیا بەسەرۆکایەتی فرید میلین کۆبونەوەیەکی فراوان بکات بۆ لێکۆلینەوەی گیروگرفتو بارە سیاسی ناوخۆی وڵات وە لەم کۆبونەوەیەدا وەزیرو سەرکردەکانی هێزی چەکدارو سەروکانی چوار پارتە سیاسیەکە (دیموکراسی و گەلی جمهوری و عەدالەتو بڕوای نیشتمان)و سوپا سالاری تیا بەشدار ئەبن . وە ڕۆژی ١٦-١٠ میلین لەگەڵ سەروکی حزبەکانو ئەندامانی پەرلەمان باسی بارە سیاسی وڵاتی کردبو ، بڕیاریش وابو بەیاننامەیەکی سیاسی لەمڕوەوە بڵاوبکرێتەوە .

لەلایەکی تریشەوە ڕۆژی ١٥-١٠ نعیم تلو وەزیری بازرگانی تورکیا دەستی لەکار کێشایەوە بۆ نارەزایی دەربڕین دژی ئەو کۆمەڵە ڕەخنەیەی لە سیاسەتە ئابوریەکەی وەزارەتەکەی گیراوە .

ڕژێمی ئەردەن فرمانی خنکاندنی ٢٠ کەس دەرئەکات

عەممان ١٧-١٠ وفا: بەپێی ئەو هەواڵانەی لە عەممانەوە گەیشتون ، دادگای ئاسایشی دەوڵەتی ئەردەن حوکمی لەسێدارەدانی بیست کەسی داوە ، وە هەمان دادگا حوکمی گرتن بەدرێژایی ژیانی داوە بەسەر ١٥ کەسی ترا ، وە ١٠ کەسی تریش فرمانی گرتنی دە ساڵیان بەسەرا درأوە . وەواش زانراوە کە جێ نشینی ئەردەنو سەرەك وەزیران و تێکچوەو مەترسی مردنیان لێ ئەکرێت .

عەسکەری سەربەرشتی نەم محاکەمەکردنانەیان کردوە . هەروەها (وفا) وتویە : گیراوە سیاسیەکانی بەندیخانەی بیابانی (الجفر) بەهوی ناخۆشی باری بەندیخانەکەوە توشی نەخۆشی پێست بون . عزت ابوالرب و ابو هیثم و ابو أروی بەهوی ئەو ئازارەوە کە لە بەندیخانەکەدا ئەیاندرێت تەندروستیان بەیەکجاری تێکچوە و مەترسی مردنیان لێ ئەکرێت .

تەواو بونی گفتوگوی دووقۆڵی میسر و یەکێتی سۆڤییەت

مۆسکو : تاس ، ئاژانسەکان ڕۆژی چوار شەممەی ڕابوردوو دکتور عزیز صدقی سەرەکوەزیرانی میسر دوای تەواو بونی سەردانەکەی یەکێتی سۆڤییەت ، گەڕایەوە قاهیرە . وە لە بەیاننامەیەکی دوو قۆڵیا کە ڕۆژی ١٨-١٠ لە قاهیرەو مۆسکو بڵاوکرایەوە وتراوە : یەکێتی سۆڤییەت چی لەدەستێ ئەیکات بۆ ئەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لەخاکی عەرەبی زەوت کراوا بکشێتەوە و دەستبەری مافی ڕەوای گەلی فەلەستین بکرێت .

یەکێتی سۆڤییەت وتویە ، بەپێی یاساکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و مافی ڕەوای دەوڵەتان بۆ دیفاع کردن لە سەربەستیان ، وڵاتانی عەرەب مافی ئەوەیان هەیە کە هەموجورە ڕێگایەك بگرنەبەر بۆ ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراویان بەیاننامەکە داوای لە هێزە ئاشتی خوازو وڵاتانی دنیا کردوە کە هەوڵبدەن لەپێناو جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەتایبەتی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە خاکی عەرەبی داگیرکراودا .

بەیاننامەکە وتویە سەرکردەکانی سۆڤییەت ، لیونید بریجنیف ، نیکولای پودگورنی ، ئەلیکسی کوسیگن سەردانی میسر ئەدەن .

شۆڕشگێڕانی گینیا بیساو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دائەمەزرێنن

میستەر ئەمیلکاو کابول سکرتێری گشتی پارتی سەربەخۆیی گینیا بیساوی ئەفەریقا هەفتەی ڕابوردو لە کۆبونەوەیەکی لیژنەیەکی سەربەنەتەوە یەکگرتوەکانا وتی : بەم زووانە هەواڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بڵاوئەکەینەوە لەو ناوچانەی کە لە ژێر چنگی ئیمپریالیزمی پورتگالا ڕزگارمان کردوە . کابول داوای لە هێزە پێشکەوتنخوازو گەلو دەوڵەتانی دنیا کردوە کە پشتگیری خەباتی گەلەکەی بکەنو بەرەسمی حکومەتەکەی بناسن .

لەلایەکی تریشەوە کاك سالم احمد سەرۆکی وەفدی تانزانیا لە وتارێکدا کە لە کوبونەوەی نەتەوە یەکگرتوەکانا خویندویەتیەوە باسی ئەو بارە نا هەمواری - گردوە کە گەلانی مستعمرەکانی پورتگال تیایا ئەژین ، وە وتویە دوای بلاوکردنەوەی هەواڵی دامەزراندنی دەوڵەتی گینیابیساو وڵاتەکەی یەکسەر بەرەسمی دانی پیانەنی داوای لەوڵاتانی تریش کردوە کە لەم ڕووەوە چاو لە تەنزانیا بکەن .

وڵاتانی دەریای کاریبی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ کوبا ئەبەستن

تریندیداد : ئاژانسەکان : چوار وڵاتی دەریای کاریبی (جامایکا ، تریندیداد ، گویانا، باربادوس) هەفتەی ڕابوردو بڕیاریاندا کە پەیوەندی ئابوری و دیپلوماسی لەگەڵ کۆماری کوبای سوشیالیستدا دابمەزرێنن .

ئەم بڕیارەش لە بەیاننامەیەکدا ئاشکراکراوە کە ڕۆژی ١٥-١٠ دوای کۆبونەوەی پێنج ڕۆژەکەی هەر چوار سەروکی ئەم وڵاتانە لە تریندیداد بڵاوکراوەتەوە .

بەیاننامەکە وتبوی : لەپێناوی پتەوکردن و چەسپاندنی دەسەڵاتی سیەربەخۆیی نیشتمانیماندا **بڕیارمانداوە پەیوەندی دیپلوماسی و ئابوری لەگەڵ کۆماری کوبای سوشیالیستیدا دابمەزرێنین .**

کورتە هەوال

● **بانکۆك : ١٩-١٠ ئاژانسەکان سی و حەوتەمین خولی کونگریسی پەیمانی خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (سیتو) لەبانکۆك دەستی پێکرد . لەکونگریسەکەدا باسی کاروباری عەسکەری پەیمانەکە ئەکرێت .**

● **دمشق : ئا٠د٠ف : سوریاو ڕومانیا بڕیاریاندا کە پەیوەندی دیپلوماسی لەنێوانیاندا دابمەزرێنن .**

پاشەڕۆژی یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی کوریا

تۆکیو ئا٠د٠ف ڕویتەر ١٨-١٠ : میستەر چانگ بارك هی سەروکی ڕژێمی کۆریای خوارو هەفتەی ڕابوردو بەڕەسمی فەرەنسا کەوتەڕێ . وەواچاوەڕوان ئەکرێت کە لە پاریس لەگەڵ سەرۆك کیم ئیل سۆنگ یاخود لێ پرسراوێکی تری کۆریای دیموکرات چاوپان بەیەکتری بکەوێ .

سیئول بە تانکی تەنراوە

لەلایەکی تریشەوە ڕۆژی ١٧-١٠ سەروکی کۆریای خوارو بڕیاری داوە کە دەستوریەك بخرێتو کۆمەڵەی نیشتمانی هەڵوێشێنرێتەوەو چاپەمەنیو ڕۆژنامەکانیش بخرێنە ژێر چاوەدێری دەزگاعەسکەریەکانەوە . وە سەرچاوەیەکی ئاگادارلەکۆریای خوارو وتویە : دوو نیە ئەم بڕیارانەی سەرۆك چانگ بۆ ئەوەبێ کە لەکاتی چونیا بۆ فەرەنسا بارەی وڵات نەشێوی . ئەوەی شایانی وتنیشە ، تانگ و زرێ پۆشەکان شەقامو بەردەرگای داەو دەزگاو مەڵبەندە گرنگەکانی پایتەختو شارەکانیان تەنیوە . هێزەکانی پۆلیسیش ڕێگایان نەداوە قوتابیەکان بچنە زانستگاوە .

وە لە بیونگ یانگ ئاژانسی دەنگوباسی کۆریای دیموکرات وتویە : بڕیارەکەی سەرۆکی کۆریای خوارو سەبارەت بە دانانی حکومەی عورفی لەوڵاتدا بۆ پێپەستکردنی ئیرادەو خواستی گەلی کۆریایە ، ئەو ئیرادەو خواستەی یەکخستنەوەی ئاشتیانەی هەردوو بەشی کۆریا بەرەو سەرکەوتن ئەبات .

Institut Kurde de Paris

پێشخستنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کورد ئەرکی سەرشانی هەموومانە

سەرکردە گەورەکانی بزوتنەوە شۆڕشگێڕیە سەرکەوتوەکانی گەلان هەمیشە بایەخێکی تایبەتیو نرخێکی تەواویان بە بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لەناو گەلەکانیانا داوە چ پێش گەیشتن بە ئامانج وانە لەماوەی خەباتی ڕزگاریهێنەردا یا دوای ڕزگاربونو دەستخستنی دەسەلاتی سیاسی چونکە لەو ڕاستیە گەیشتون کە هوشیار کردنەوەی کۆمەلانی خەڵکو جۆشدانی خەباتی شۆڕشگێڕی لەکاتی خەباتی ڕزگاریهێنەراو هەڵمەزراندنی سیستەمێکی سیاسیو پتەوو ئابوریەکی گەشاوەی بناغەقایمدا بەندن بەرادەی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریەوە لەناو گەلاندا ، جگە لەوەی کە لە هەندێ وڵاتی دنیادا ئەم بزوتنەوەیە جگە لە ڕێڕەوە ئاساییەکەی ، هەندێ جار بە جۆرێکی تایبەتی جۆش ئەدرێتو تیژ ئەکرێت کە پێی ئەوترێت شۆڕشی ڕۆشنبیری . ئەم شۆڕشە ئایدیۆلۆجیەش هەر لە قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریەوە دەست پێ ئەکات تا جێگیرکردنی بیروباوەڕی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی سوشیالیستیو بەگژاچونی هەمو بیروباوەڕێکی درێ بە شۆڕشو هەڵگەڕانەوەیەك لە پێشکەوتنو ئاواتەکانی گەل . وە تاقی کردنەوەی گەلانی سەرکەوتو ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە تا ئەم بزوتنەوەیە ڕێڕەوێکی ڕاستو ڕێبازێکی دروستی هەبێت ئەوەندە بزوتنەوەی نیشتمانیو دیموکراتیو مرۆڤایەتی ئەناو هەر گەلێکدا پێشکەوتوو ڕێك و پێك و سەرکەوتوتر ئەبێت .

بێگومان ئەم هەڵسەنگاندنو بۆچونە چۆن بۆ گەلان پێوانەو کێشو تەرازوی پێشکەوتنو سەرکەوتنیانە هەروەهاش نەبێتە پێوانەی پێشکەوتنو بە ناوات کەوشتنی گەلەکەمان .

گەلی کورد سەبارەت بەوەی لەئەنجامی دەرفەتی میژویی تایبەتی خۆیەوە لەزوربەی گەلانی دنیا زیاتر دووچاری چەوساندنەوەی نەتەوایەتی چەند سەرە بوە ، لە هەمو گەلێك زیاتر پێویستی بەپێشخستنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری هەیە چونکە ئەم بزوتنەوەیە زوتر بەرەو ڕزگاریو جێبەجێکردنی ئاواتە نەتەوایەتیە ڕەواکانی ئەبات ، هەروەکو خێراتر لەبیروباوەڕی کۆنو فرۆفێڵی دوژمنانی دەرەوەو چینە چەوسێنەرەوەکانی ناوخۆ ڕزگاری ئەکات . ئاشکراشە کە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد بەهەمو شێوەکانیەوە هەر بە بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیرانەی فراوان لە نوچدانو شکستو لەناوچون ئەپارێزرێت هەروەکو ناوەڕۆکی کوردایەتی دژ بە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیشی بەم بزوتنەوە لەلادانو پوچەڵکردنەوە ئەپارێزرێتو پەرەی پێ ئەسێنیو گەشەی پێ ئەکاتو بەرەو سەرکەوتنی ئەبات .

هەمو ئەزانین کە لەم چوار ساڵەی دواییدا لەم بارەیەوە زەمینەیەکی باشو لەبار لە کوردستانی عیراقدا بۆ کوردی عیراق هاتۆتە کایەوەو چەند دەزگایەکی ڕۆشنبیری دامەزراوە کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ بەرەزامەندیو یارمەتی سیستەمی نیشتمانی دامەزراونو هەندێکی تریان لەئەنجامی ئارەزوی ئەدیبو هونەرمەندو نوسەرانی کوردەوەو تەنیا بەتوانای تایبەتی خۆیان هاتونەتەکایەوە . ئەم دەزگاو دەستەو کۆمەلانەش لە هەندێ کۆڕی ڕۆشنبیریدا چەند ئەرکێکی باشیان لەم بارەیەوە جێبەجێ کردوە . بەڵام سەبارەت بە باری سیاسی ئەمڕۆی گەلی کوردو کوردستانو باری سیاسی عیراقو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەو خەباتە نەتەوایەتیە دلێرەی گەلی کوردو تێکۆشانی پەرەسەندوی گەلی عیراق بەکوردو عەرەبو کەمایەتیەکانەوە درێ ئیمپریالیزمو سەهیونیزمو کۆنەپەرستی سەبارەت بە مانەو لەچاو ئەو ئەرکە گەورەیەی لەسەر شانی ئەم کۆڕو کۆمەلانەیە نەگەیشتونەتە ئاستی پێویستو چاوەڕوان کراو کە بێگومان دواکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە نەك هەر بزوتنەوەی نەتەوایەتیو چینایەتی گەلەکەمان بەڕەو دواوە ئەبات بەڵکو لە مەترسی پوچەڵکردنو لادانو هەڵگێڕانەوەشی نزیك ئەخاتەوە . لەوانەیە بەبیری هەندێ کەسدابێتو بڵێت ئەم بزوتنەوە ڕۆشنبیریەی بزوتنەوەیەکی ساوای تازە پێگەیشتووەو بەباشی یارمەتی نەدراوەو کەرەسەی سەرکەوتنی بۆ دەستەبەر نەکراوەو لەبەر گەلێ هوی تر ڕێگای پێشکەوتنو گەشەکردنی لێ گیراوە . هەرچەندە ئەم ڕایە لەمەیانی

بولاپەرە : ٤-

هەفتەی باسێک

گەلی گینیا - بیساو حکومەتی شۆڕشگێڕی خۆی دائەمەزرێنێ

خەباتە چەکدارەکەی گەلی گینیا - بیساو - بە سەرکردایەتی بەرەی رزگاری گینیا - بیساو گەشتونە پلەیەکی نوێی سەرکەوتنەوە، هێزە دەستدرێژ کەرەکانی ئیمپریالیزمی پورتوگال شپرزەکراون و بەشی زۆری ولاتیان پێ بەجێ هێڵراوە واتە بەشی زۆری گینیا - بیساو لە چنگی ئەو ئیمپریالیرمە درندەیە رزگارکراوە و دەسەلاتی شۆڕشگێڕانەی گەلی نیا دامەزرێنراوە لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنە مەزنەدا، گەلی گینیا - بیساو بڕیاری داوە کە لەو ناوچە رزگار کراوانەدا حکومەتی شۆڕشگێڕی خۆیان دامەزرێنن. وە ئەم نیازەی لەو وتارەدا ئاشکرا کرا کە سەرکردەی بەرەی ئاشیتخواز و رزگاریخواز کرد رزگاری گینیا - بیساو لەم کە دان بەو حکومەتەدا بنێن و خولەی ئێستای ئەنجومەنی بە حکومەتی شەرعی گەلی گینیا گشتی نەتەوە یەکگرتوە کاندا - بیساوی بزانن.

ئەم هەنگاوەی گەلی گینیا - بیساو بەتوندی لەلایەن گەلێک لە دەولەتانەوە پەسندکرا بەتایبەتی ولاتانی دژی ئیمپریالیزم لە ئەفەریقا، بۆ نمونە نوێنەری تانزانیا لە وتارەکەیدا لە ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکاندا پشتگیری تەواوی نیشانداو داوای لەهەمو ولاتانی دژی ئیمپریالیزم کرد کە ئەوانیش پشتگیری ئەم هەنگاوەی گەلی گینیا - بیساو بکەن.

سەرکەوتنی شورشە چەکدارە دژی خایەنەکەی گەلی گینیا - بیساوو هەمو گەلانی دژی ئیمپریالیزم کە دژی ئیمپریالیزم لە ئەفەریقا نمونەیەکی پڕ بایەخو بەکەلکن بۆ هەمو ئەو گەلانەی کە لە خەباتدان لە پێناوی سەربەستی و سەرفرازی و دواڕۆژێکی خۆشتردا.

سواره

لە سێیەمین خولی کۆنگریسی بازرگانیی بەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکانا کە لە ١٣ی نیسان تا ٢١ی مایسی ئەمسال لە سانتیاگۆی پایتەختی شیلی بەسترا، نوێنەرانی ولاتە تازە پێگەیشتوەکانی ئاسیا، ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین هەولێکی نەبەردانەیان دا بۆ ریسواکردن و ئاشکراکردنی ئەو زاوو زووتەی کولونیالیزم، ئیمپریالیزمەکان لە ولاتانی جیهانی سێیەمدا ئەیکەن، بەتایبەتی دەربارەی مەبدەئی بازرگانی و سامانی ناوەریاکان و یارمەتیدانی دارایی دەولەتان و قەرزدانەوە پارەی گران بەهاو چەندەمسەلەیەکی تر.

بە خەباتی بێوچان نازادی و سەرکەوتن بەدەست دێت

نوێنەری عێراق دوای تەواوبونی سێیەمین خولی کۆنگریسە کە بە پەیامنێریکی رۆژنامەیەکی وت (ولاتانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن).

ئەم وتەیەی هەرچەند لە ئەنجامی تاقیکردنەوەو بڕوای تایبەتی خۆیەوە هەلقوڵاوە لەگەل ئەوەشدا خواستی هەمو گەلانی دنیای سێیەم لەوتەکەیدا ئەنوێنێت.

ئیمپریالیستەکان، بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە ڕێڕەوی (یارمەتی و هاوکاری) دا دەستیان بەسەر شادەماری ولاتانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینا گرتوە، کەرەسەو مەوادی خاویان بەهەرزان لێ ئەکڕن و شتەو مەکو بەرهەمی پیشەسازیان بەگران پێ ئەفرۆشن و جگەلەوەی کە پەرچێوی لەگەشەکردنی ئابوری نیشتمانی ئەم ولاتانە ئەدەن. بێگومان ئەمەش هویەکی سەرەکییە کە ڕێگای ئیمپریالیستەکانی خۆش کردوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر ئەم ولاتانەدا بگرن و باری ئابوریان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە.

ولاتە تازە پێگەیشتوەکان، بەهۆی ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر لەژێر چنگی ئیمپریالیزمدا ناڵاندویانە، ئەسبتوندی داهاتیان بریتییە لە کەرەسەی خاو نارد نەدەرەوەو کرینی شتو مەکی و بەرهەمی پیشەسازی ولاتانی پێشکەوتوو وە هەندی لەم ولاتانە ئابوریەکی یەک لایەنیان (احادی) هەیە، کەبریتییە لەوەی یەک جۆرە کەرەسەیان هەیە، کە بۆ نارد نە دەرەوە بشێ ئەوەش بۆ گرانبەهایان (العملة الصعبة) دەستگیر بێ. لیرەدا ڕێگا بۆ ئیمپریالیستەکان خۆش بوە کە پەل بهاوێژنە ناو ئابوری دەرامەتی ئەم ولاتانەوە.

وە بەپێی ڕاپۆرتێکی بەتەوەیەکگرتوەکان دەرئەکەوێ کە نرخی ئەو کەرەسەخاوەی ولاتانی جیهانی سێیەم ئەیفرۆشن ساڵ بەساڵ کەمتر بۆتەوە، بەرامبەر بە گرانبونی ئەو شتومەکەی لەولاتە پێشکەوتوەکانیان کڕیوە، بۆ نمونە، لە ساڵی ١٩٧٠ لەچاو ساڵی ١٩٦٣ نرخی خورمای ٥ر١٤٪ و نرخی زیبو ١ر٣٪ و گەنم ٢ر٢٪ و کاکاو ٤ر٢٤٪ کەمبۆتەوە بێگومان ئەم بازرگانییە (تجارة) لاسەنگەشزیانێکی گەورەی لە داهاتو باری ئابوری ولاتانی تارە پێگەیشتوی ئاسیاو ئەفەریقا ئەمەریکای لاتین داوە.

بازرگانیەکی لاسەنگ

گۆڤاری ئیڤن گەلێ: بەتەنیا ولاتانی ئەمەریکای لاتین لەساڵی ١٩٦٦ تا ساڵی ١٩٧٠ نزیکەی ٢ر٧٠٠ ملیون دولاریان زەرەر کردوە وە هەر لە ساڵی ١٩٧٠ نزیکەی ١ر١٠٠ ملیون دولار زیانیان لێ کەوتوە. سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژ بەڕۆژ نرخی کەرەسەی خاوی ئەو ولاتانە نزم ئەبێتەوەو نرخی ئەو شتومەکەی لەولانە پێشکەوتوەکانی ئەکڕن گرانتر ئەبێ. هەروەها گۆڤاری ئیڤن تایمز وتویە: لە ئەنجامی بازرگانی نێوان ولاتانی جیهانی سێیەمو ولاتە پیشەسازیەکاندا لەساڵی ١٩٥٠ تا ١٩٦٥ زیانێکی ٤٠٠ر١٣ ملیون دولاری لە ولاتانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین کەوتوە.

لەم سالانەی دواییدا ولاتە تازە پێگەیشتوەکان هەولیکی نەبەردانەیان داوە بۆ گەشەپێکردن و بەرەوپێش بردنی پیشەسازی نیشتمانی و ناردنە دەرەوەی بەرهەمە پیشەسازیەکانیان وەکو پێستەو چەرمو ڕایەخو ڕیس بۆ ئەوەی بەتەنیا هەوکەرەسەی خاو نارد نەدەرەوە سەرچاوەی داهاتیان نەبێت، بەڵام باجو گومرگو ئەو مەرجانەی ئەمەریکاو ولاتە (پەرەسەندوەکان) لەسەر ناردنی ئەم شتومەکەیان داناوە پەرچێوێکی گەورەی نە بازرگانی دەرەوەی ئەم ولاتانەداوە.

هەروەها ئەمەریکا بازاری ئەم ولاتانەی پرکردوە لە شتومەکو بەرهەمی پیشەسازیەکانی، ئەمەش دۆخی بازرگانیو ئابوری ئەم ولاتانەی ئالۆزانەوەو گەشەکردنی پیشەسازی نیشتمانیانی تێکداوەو ئاڵوگۆڕێکی گەورەی لە جالیرەدا ئەم ولاتانە دروست کردوە، بازرگانیەو ئاڵوگۆڕکردنەوەی ئەم لاسەنگی ولاتانی تر وەربگرن هەرچەندەش ئەم قەرزە لە ئیش ئەگەڕێن. وەئێستا ٤٠٠ هەزاری تەواویان لە ناو شارەکاندا بەشوێن ئیشی کەم نرخدا ئەگەڕێن بەڵام ئەوانەی تر سەرەڕای ئەو چەرمەسەریو هەژاریو کەساسیی تیایان زەوی یەکانیان بەجێ ناهێڵن ئەمەش وایان لێ ئەکات کە زۆریان خوو بدەنە خواردنەوە. یان توشی نەخۆشی میشەکو عەسەبی ببن وەیان خۆیان بکوژن.

زۆر ئاشکرایە کە ئەمەریکای ڕەگەزپەرست هەوڵ نەدات هێندەبەکان بکاتە «مەسەلەیەکی فولکلوری» وە هەموکەس واتێبگەیەنێت کە ئەو هێندیە سوزانە لەبڕانەوەو لەناوچونان بەڵام ئەمەپێچەوانە یەکی واقعیە چونکە ئێستا ژمارەیان میلوێکو بەرەو زیادی یەک ئەرۆن کە ٥ر٢ جار لەزیاد بونی زمارەی تێکڕا زیاترە، بەڵام ژیانێکی سەختی پڕ ناسۆر ئەبەنە سەر بێبەشن لە کەمترین پێویستی ژیان، وەکو ئاوی خواردنەوەی پاک کارەباو هۆزەکانی هاتوچۆ وەئەوخانوبەرەیەی کەهەیانە کەلکی ئەوەیان پێوە نیە مرۆڤ تیا بژی. بۆ نموونە بەکارهێنانی کارەبای خیزانێکی هیندی لە ٢٥٪ی بەکارهێنانی کارەبای خیزانێکی سپیە جگە لەمەش ٦٠٪ ئەو ئاوەی بەکاری دێنن پیسەو بەکەلکی خواردنەوە نایەت. وە هەروەها کرێ و ڕۆژانەیان زۆر لەهیمی سپیەکان کەمترە.

بزوتنەوەی لاوانیان

پێگەیشتنی بزوتنەوەی لاوانی هیندیە سورەکان لە ئەمەریکاو کارکردنیان لەپێناوی مافە نەتەوایەتیە ڕەواکانیان و لەپێناوی مانەوەی نەتەوایەتیدا وەشان بەشانی بزوتنەوەی زنجیەکان و بزوتنەوەی سپیە پێشکەوتنخوازەکان هێزو گوڕێکی نوێی پەیداکردووە وەوای لێهاتوە زیاتر پەرە بستێنێ و هەمو کومەلانی خەلکی چەوساوەو زۆرلێکراوی ئەمەریکا دژی چیمارازی ڕەگەزایەتی و زۆرو ستەم بگرێتەوە.

ئاژانسی ئورینت پریس - بیروت

خۆپیشاندانی هیندە سورەکان لەئەمەریکا

١٢-١٠-١٩٧٢ نوقوستی نیویورک

تیرە جۆربە جۆرەکانی هیندە سورەکان لە ئەمەریکا دەستیان بە خۆپیشاندانێک کردوە بەرەو واشنتون بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی دەسەلاتدارەکانی ئەمەریکا کە مافەکانیانی پێشێل کردوە ئەم خۆپیشاندانەش لە لایەن ٢٠ ڕێکخراو لە وانەی کە پێناوی پاراستنی دانیشتوانی ئەسڵی قارەی ئەمەریکادا تێ ئەکۆشن ڕێکخراوە.

خۆپیشاندەرەکان بە شارەهەرە گەورەکانی ئەمەریکادا بەرەو واشنتون ئەکەونەڕێ. نوێنەرانی هیندە سورەکان لەم خۆپیشاندانەدا دیسانەوە دەربارەی مافە خوراوەکانیان ئەدوێن، وە باری ناهەمواری ژیانو گوزەرانی خۆیان بیر خەلکی ئەخەنەوە، وە بە پێی ئەو شتانەی بەرەسمی دەولەت لەسەر هیندە سورەکان نوسراوە ئەمانە لە هەمو کەمایەتیە نەتەوایەتیەکانی ناو ئەمەریکا خراپتر ئەژین. لە سێ بەش دو بەشیان لە ناوچەپو کەنارەکاندا ئەژین و نیوەیان بێئیشن، وە هەروەها ٧٥٪ زیاتریان زۆر هەژارو بێدەرامەتن.

کوێرەوەری هیندە سورەکان لەکۆمەڵی ئەمەریکادا

ستەمو زۆری ئەمەریکاییە ڕەگەزپەرستەو دەستدرێژ کەرەکان وەنەبێ هەر لەدەرەوەی ئەمەریکا بێت، بەڵکو بەهەمان شێوەی دڕندانە ناو ئەمەریکاخۆیشی گرتۆتەوە، چونکە سروشتی ڕژێمی ئەمەریکا دوژمنی گەلانە لەناوەوەو دەرەوەی ولاتدا.

سەبارەت بەچەوساندنەوەی زنجیەکان لە ئەمەریکادا ڕەنگە شتێک بزانین، بەڵام هیندیە سورەکان کە خاوەنی کۆنی خاکی ئەمەریکان، بەڕۆژی ئەوەمان لەسەر بیستوەتو ئەوەمان دیوە کە لە فیلمو نوسینە ئەمەریکاییەکاندا پیشاندراوە زۆرمان لەوفیلمانە دیوە کە «ئەمەریکاییە شارستانیەکان» چۆن «وەحشیەکان» قەڵاچۆ ئەکەن! بێگومان لەو فیلمانەدا هیندیە سورەکانی کە بە «وەحشی»و دەستدرێژکەرو دڕندە دراونەتە قەڵەم. بەڵام لەو فیلمانەدا ئەوەندەی ڕاستە کە پیشانی نەدابێ چۆن ئەو نەتەوەیە لەلایەن سپیە داگیرکەرەکانو دانیشتوانی هیندیدا. دۆزینەوەی قارەی ئەمەریکا بو بەهۆی ئەوەی کە دەرگا بۆ ئیستیعماری ئابوری بخرێتە سەرپشت، چونکە ئەو داگیرکەرانەی لە ئەوروپاوە گەیشتنە ئەمەریکا بونە خاوەنی زەوی بە هەمو خێرو بەرەکەتیەوە، لە ٢ ملیار فەدان زەوی تەنیا ٩ر٢٪ی بەهیندە سورەکان بڕا کە دانیشتوانو خاوەنی خاکەکەن ئەویش لەو زەویە بەیارانەی کە بەکەلکی کشتوکاڵ نایەت.

وە لەگەڵ داگیرکردنی ئەو زەویانە لەلایەن سپیەکانەوە جەنگی گەورەو قورس ئەقەوماو خەلکی بەکۆمەڵ تیا لەناو ئەبران، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هیندیەکان بەتوندی بەرگریان لەمانی خۆیان ئەکردو هەوڵی پاراستنی مالو خاکی خۆیان ئەدا.

داگیرکەرە سپیەکان لەپاڵ کوشتنی بەکۆمەڵدا سیاسەتی هەڵخەڵەتاندنو درۆزنیان گرتبو، بۆ نمونە سالی ١٨٩٠ (٣٠٠) هیندی لەخێڵی (سیۆ) لەشەری «ئەژنۆی بریندار»دا کوژراوە کە زۆربەیان ئافرەتو منداڵ بوون. هەروەها خێلەکانی شیروکی توشی داگیرکردن، تالانو کوشتن بوون (٤) هەزاریان هەر بەوە لێ فەوتا کە سپیەکان بەناوی یارمەتییەوە جڵوبەرگیان بەسەرا داپەشن کردن کە نەخۆش بکەوێ و بەرگە میکڕۆبی ئاوڵەی پێوە گرابو.

وە ئەمەش بەیەکەم جەنگی بەکتریۆلۆجی لەمێژوودا نەقەڵەم ئەدرێت ساڵی ١٤٩٢ ژمارەی هیندە سورەکان ١٠ میلیون بو بەڵام بەشەڕو کوشتنی بەکۆمەڵ لەساڵانی سەدەی نۆزدەهەمدا هاتبونە سەر دەیان هەزارێک هەمو هیندیەک لەهەمو ساتێکو شوێنێکدا مەترسی کوشتنی لەلایەن ڕەگەزپەرستە سپیەکانو ڕێکخراوەدرندەکانەوە لەسەربو کە لەسەرانسەری ئەمەریکا بلاوبوەوە.

کۆچ کردنی هیندەکان

ڕژێمی ئەمەریکا هیندە سورەکانی زۆر ناجوامێرانە ئەچەوسێنێتەوە تا تەنانەت نایەلن بەزمانی خۆیان بخوێنن وەناچاریان دەکەن منالەکانیان بنێرنە قوتابخانە تایبەتیەکان ئێستا نزیکەی ٦٠٪ی منالی هیندەکان لەو جۆرە قوتابخانە تایبەتیانەدا ئەژین کە نەبەزمانی خۆیان ئەخوێنن و نەماوەشیان ئەدرێت کە سەوکارەکان بێتە دیدەنیان. هیندیەکانیش ناچار لەناو ئەم سیاسەتە ڕەگەز پەرستانەیە بار ئەکەن بۆ شارو دێ بۆ خێزانێکی سپیە جگە

لەژێر پەردەی یارمەتیدا ئەیاندڕێتی، بەڵام ئەوەندەی تر پاریان قورستر ئەکات، سوو سەلەمێکی زۆریان ئەخرێتە سەرو لەژێر باریا ئەنالێنن.

لە ئەمەریکای لاتینا

دکتور سلفادور ئەلێندی سەرۆکی حکومەتی شیلی، لەکاتی دەستپێکردنی سێیەمین خولی کۆنگریسی بازرگانیو پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکانا وتبوی:-

دانیشتوانی ولاتە تازە پێگەیشتوەکان لە ٦٠٪ی دانیشتوانی دنیان کەچی داهاتیان ١٢٪یە، وەتویە.

ولاتانی ئەمەریکای لاتین لەساڵی ١٩٥٠ تا ١٩٧٠ نزیکەی ٣٩٠٠ ملیون دۆلاریان وەرگرتوە، وە لەهەمان ماوەدا ١٢ر٨٠٠ ملیون دۆلاریان داوە، یاخو بەشێوەیەکی تر ناوچەکەمان هەر دولاریکی وەرگرتبی ٤ دۆلاری داوە. وە وتویە: لەشەڕی دووەمی دنیاوە. ولاتانی جیهانی سێیەم لە کاروباری بازرگانی دەرەوەدا ١٠٠ر٠٠٠ ملیون دولار زەرەریان لێ کەوتوە.

ئەوی ڕاست بێ تاوەکو ولاتە سەرمایە دارەکان گەشەیکەنو دەستیان بڕوات ولاتانی تازە پێگەیشتو هەژارو کەم دەرامەتتر نەبن.

دیقید سینگ سەرۆکی وەفدی گویانا وتویە: پێشکەوتنو پەرەسەندنی ولاتە ئیمپریالیستەکان نیشانەی تالانکردنی خێروبێری مستەمەرەکانی پێشوبانە).

لە دە ساڵی ڕابوردوا ولاتانی تازە پێگەیشتو، کە بەزۆری نەوتو قاوەو کاکاو زیبو لاستیک (مطاط) ئەنێرنە دەرەوە، خەباتێکی سەختیان کردوە دژی ئیمپریالیستو مونوپولیەکان.

ولاتانی خاوەن نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینا بە تێکۆشانی بێوچان وایان لە کۆمپانیا مونوپولیەکانی نەوت کردوە کە بەچۆکا بێن. نرخی نەوتە کە زیادبکەنو باجێکی باش لە داهاتی کۆمپانیاکان ئەسەنن.. سەرەڕای ئەمەش، لەم ساڵانەدا بزوتنەوەیەکی گەرمو گوڕ هاتۆتە کایەوە بۆ میللیکردنی ئەوو داوو دەزگا پیشەسازیانەی بەدەست سەرمایەدارە مۆنوپولیەکانەوە بوە.

Institut kurde de paris

کە «شەونامە»کەی پەشێو بە رۆژ ئەخوێنینەوە!

سامی ڕۆژهش

ماوەیەك لەمەوبەر ، سێیەم کۆمەڵە هۆنراوەی شاعیری لاو (عبدالله پەشێو) لەژێر سەرناوی (شەونامەی شاعیرێکی تینو) وەك کۆڵەگەنمێکی سەوز لەم وەرز قاتەی کتێبخانەی کوردی‌دا سەری‌هەڵدا .

بەراستی پێم ستەم‌بو ، سێیەم کۆمەڵە هۆنراوەی دەنگێکی زوڵاڵی وەك کاك پەشێو توشی هەمان چارەنوسی کتێبە کوردیەکانی تربێت .. بۆیە بەش بەحاڵی‌خۆم ، قۆڵی ڕەحمەو لێکۆڵینەوەم لێهەڵمالی بەنیازی ئەوەی دیوانەکە بخرێتە بەر لێدوانو لەسەر نوسین .

مەسەلەی شیعر دەربڕیو ، کە ئەمیش ئەوەیە : بڕوام وایە شیعر زادەی ساتێکی تایبەتی‌یە کە شاعیر پێی‌دا دەڕوا .. شیعرو مومارەسەی ڕۆژانەی شاعیر لێك‌جیاناکەمەوە) .

ناکۆکی ئەم هەڵوێستە لەوەدایە کە بەشی یەکەمی (بڕوام وایە شیعر زادەی ساتێکی تایبەتی‌یە کە شاعیر پێی‌دا دەڕوا) ئەوە ڕایە میسالیەمان بۆ دوپاتکەنەوە کە بڕوای وایە شیعر (ئیلهامێکە)و لەساتێکی (تایبەتی جیاواز نە ساتەکانی‌تری ژیانی شاعیر، لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی دێتەخوارێ .. بێگومان ئەم ڕایە دەمێکە پووچ کراوەتەوە .. دکتۆر عیزەدین خۆیشی یەکێکە لەو ڕەخنەگرانەی دژی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەن .

بەشی دووەمیشی (شیعر مومارەسەی شاعیر لێك جیاناکەمەوە) هەڵگەڕانەوەیەکی تونده لەرووی یەکەمی ڕاکەرە .. چونکە ئەم بەشەدا (ساتی تایبەتی) بایەخی نامینێ و (مومارەسەی ڕۆژانەی) شاعیر دێتە پێشەوە ، وە ئەبێتە سەرچاوەی زادەی شاعیر . (مومارەسەی ڕۆژانەش) ساتە گشتیەکانی شاعیرن نەك ساتە تایبەتی‌یەکانی وەك لەپێش دا وتبوی جا بەشێو لەم ناکۆکیەدا نەیتوانیوە ئەوەمان بۆ ساغ بکاتەوە کە ئایا لە باری کام سەرنجەوە بەماشای شیعر ئەکات ؟ بێگومان پێش‌ئەم ساغ‌کردنەوە گرنگەش ناشێ شتێکی لەو بابەتەی دکتۆر عیزەدین پێی وتوە .. پێی بڵێین !

٢ - ڕەخنەیەکی هەرە زەق تائێستا لە ڕۆمانتیکیەکان گیرابێ ، ئەوەیە کە خۆیان هەتا ناخ لەناو تاقی‌کردنەوە (ذاتیەکانیانا) نقوم‌کردوە . نایانەوێ سەر لەم قاوغە تەنگەبەرەوە دەربهێنن و ڕووبەڕووی واقیع بوەستن ئەمە نەك هەر ڕەخنەیەکەو لێیان ئەگیرێ .. بەڵکو خۆیان شانازی بەم خەڵوەت گرتنەی خۆیان ئەکەنو بەمەرجێکی سەرکەوتنو بوونی ڕێبازەکەیانی ئەزانن ڕەنگە ئەم ناڕازی بوونەیان بەواقیع خاڵیکی ناوکۆییان بێت لەگەڵ شاعیرە شۆڕشگێڕەکانا .. بەڵام ئەوخاڵە ئێجگارزۆرەی لێکیان جیائەکاتەوە لەم شاعیرە شۆڕشگێڕانە ئەوەیە کە ئەوان لەگەڵ پچڕانیان لەواقیعەکە .. پەیوەندی‌ی مانەوەی خۆیان لەگەڵ خەیاڵو خەوبینەو ذاتدا دروستئەکەن .. وەك چۆن کاك پەشێو لەشیعری (ژانی شەوانی کەندال)دا خۆی لەواقیعی پڕ مەینەتەو ناهەمواریی گوندی کەندالدا پچڕاندوە ، وەلەباتی ئەم پچڕانە پەیوەندیەکی لەگەڵ خەیاڵو دووداڵی دروست‌کردوە .

ئەتوانم .. ئەمشەو ..
ژانەکەم
بکەم بەڕستە بازنێك ..
بازنێك .. خەونی مەچەکی
خانزاد بووبێ !
شاعیرێك .. دای‌نەڕشتبێ
، بۆ شاژنێك !
بەڵام دوو دڵم .. نازانم
بۆ کام مەچەك لەدایك‌بن
بازنەکانم ؟
لەدوای ئەوەی ...
کۆتری مەچەکی سپی‌ی
خۆشەویستم
بێ‌مان ئاوابی .. بەکڕی
..
لەشەقەی باڵی‌دا ... فڕی
بەڵام لەلای شاعیرە
شۆڕشگێڕەکان‌دا .. پچڕانی
هەمو سەرەگوریسێکی
پەیوەندیان بەواقیعەکەوە ..
ئەبێتە هۆی دروست‌بوونی
پەیوەندیەکی زۆرتر قەبەتر
وەك بەشێکی ئێجگار کاریگەرو
کە ئەمیش پەیوەندی‌ی
دژایەتیەکی شۆڕشگێرانەیە
جا .. کاتێ لەدیوانەکەی
پەشێودا . بۆ شوێنێ ئەم
پەیوەندیە شۆڕشگێڕانەیە
ئەگەڕێین .. ئەبینین لەچەند
شوێنێکی کەمی پچڕپچڕدا سەر
لەروە سەلبیەکەیەوە دەردێنێ
- ئەم ڕوە سەلبیەش دکتۆر
عیزەدین بەرقی شاعیرانەی
ناو ئەبا - وەك .

برام شیرکۆ ...
راست ئەکەی تۆ ..
دوو هەزارو پێنج سەد
ساڵە
ئەنوین .. ئەخۆین ..
لەسەر درۆ !

بەڵام کە لەم ڕوە سەلبیەی ئەم جۆرە پەیوەندیەش وردئەبینەوە ... نەبینین لەلایەکەوە ... ساکارو سادەن لەلایەکی تریشەوە ... هەنا هاتون بەپێی‌بەراوردی شیعرەکان کەم بونەتەوەو بەشیعری ڕۆمانتیکی ئابلۆقە دراون .

٣ - بێگومان - پێویستە دینامیکی شۆڕش - لەمەفهومی زانستیەکەی‌دا فیکریکی زانستی‌ی پێشکەوتنخوازی گونجاو لەگەڵ گیانی سەردەم بێ هەموو جموجۆڵێکی ئەم شۆڕشەش ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستی بنچینەی ئەم فیکرەیێ ... شیعری شۆڕشگێڕانەش وەك بەشێکی ئێجگار کاریگەرو فێری ڕویشتن نەبووە لەکاتێکا خەڵك هەموو گەورە بوون !! -

ئەو هێڵە تۆخەی ئافرەتو مەسەلەکانی‌تری لە - بتی‌شکاوو فرمێسك‌وزام - دا لە یەکتری جودائەکردەوە .. درێژ بۆتەوە بۆ ناو - شەونامە - ش ..

ئافرەت لەلایەکی ئەم هێڵە-ا هەڵتوتاوەو قاوغە تەنگەبەرە ڕۆمانتیکیەکەی جارانی خۆی یاراستوەو - یەك دیو - یەکەی بەجێ نەهێشتوە ..

ئێستاش جۆری جولانەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا .. هۆی داگیرسانی ڕۆژانەوەی شیعری پەشێوە .. (ڕوخۆشی و ڕوگرژی .. ئاشنایەتی و زویری .. بەیەك گەیشتن و بەیەك نەگەیشتن)ی لەگەڵ پەشێو .. سنووری ژانی شاعیرانەی پەشێومان بۆ دیاری‌ئەکات .

لە دەستمدێ ..
کات ژمێری کامەرانیت
بوەستێنم ..
لەدەستم دێ ..
ئەلقەی پەنجەت پێ‌فڕێ‌دەم
نامەی بەختت بسوتێنم !

- پەشێو - هەندێجار .. وێستویەتی ئاسۆی دنیای ئەم ئافرەتە فراوان‌بکات بۆ چەند ساتێك هێڵە تۆخەکە بشکێنێ:

خۆشەویستم ..
نامەکانم بسوتێنە ..،
ئەو هۆنراوەی بۆت نوسیبوم
سێدارەی بۆ داهەژرێنە ،
دڵگیرمەبە ..
لەلای ئێوە .. نەك تۆ ،
پیاویش
لەسەر وشەیەکی باڵدار
قۆڵبەست ئەکرێ ..
ئەدرێ لەدار !

بەڵام ئەم هەوڵدانانەی پەشێو .. سەرکەوتنێکی دیاریان نەهێناوەتەدی .. چونکە ئافرەتەکە هەر یەکەی دیوی و (مجرد) یەکەی پێشوی خۆی ماوەتەوە .. واتە .. نە دەرەوەی ڕووداوە شیعریەکەدا جولاوەتەوە ، نەك مادەی ناوەوەی ئەم ڕووداوە بووبێ .

بڕوانە ل ٧

چەند بۆگەیەك لە

ئازارەکانی داسۆلینکۆف

- ١ -

کە ژایەڵەی چپەی گەرمی
خۆشەویستی‌ی
دەستگیرانەکەم ئەبیسم
لە قوژبنی بەندیخانەی ئازارەوە
کارۆانەکەم ڕێ وێڵ ئەکات ،
سەری ماندووم
لەتاوێرو تاشەبەردو ڕێگا ئەدات ،
کارەساتی لەیادنەچووم
بۆ ملیۆن جار سەرهەڵئەدات

-٢-

بۆ کوردستان
سروودێکی تازە ئەڵێم
کە ئاوازی براکانی فەڵەستینی لەگەڵدایە ،
هەڵبەستێکی نوێ دائەنێم
وشەی قبتنامی ئێدایە ..
کە شەو داهات
بۆ منداڵان چیرۆکێکی وا باس‌ئەکەم
کە کەمبۆدیا ، ئەریتیریا ،
ظەفاریان ڕێبناسێنم ،
ناوی گیفارا لەبەرکەن ...
سروودەکەم ، هەڵبەستەکەم ، چیرۆکەکەم :
بۆ کوردستانە ... کوردستان ..!!

-٣-

هاوڕێکانم
هاوینێ بوو ،
شارەکەمان خەمی نۆشی
تاسەی لەدایك‌بوونێکی تازەو بەگوڕ
چاوی منداڵەکانی ئەوروژەمانی
دائەڕۆشی ،
گریان لەدەمانا گۆڕا
بوو بە خۆشی
کە هەواڵی گەشتنامەکەی
چوار ڕێبوارێ
ڕێگای ولاتمان پڕدرا
لەکاتێکا گریان لەدەمانا گۆڕا ،
بوو بە خۆشی
هاوینێ بوو ...
حوزەیران بوو

-٤-

هاوڕێکانم ...
پاییزێ بوو
شارەکەمان مێزووی تازەی
بۆ خۆی نووسی ،
لەبەردەرکی سەرای شاری
بێفرمێسکا
نوێنێ خەوتنەان هەڵواسی ،
خەوبینینەمان
کەژاوەکەی خۆی بێبك‌شکان
هاوڕێکانم ...
قەتارەی سال بەشوێن یەکا
ملیان‌ئەنا ،
دیسانەوە پاییزێ‌بوو
دیاری‌ی دەستمان
بۆ منداڵان
تفەنگێ بوو ،
کەوتینە ڕێ
بۆ هێنانی نەورۆزێکی بێمێسەدار
بۆ لووتکەکەی پیرەمەگروون

-٥-

هاوڕێکانم ..
بەهارێ‌بوو
لەسەر سیروانێکی بەرئاو
کاروان خستی ..

-٦-

گەورەکانم ..
گەورەکانی ئەم ولاتە ..
زستانێ‌بوو
لەناو نوێتی گەرمتانا بێ‌ئەکۆشان ،
زستانێ‌بوو کە نەیانهێشت
پێڵاوەکانیشیان ڕەنگ‌کەین ،
پەلیان گرتین
لەم ولاتەدەریان‌کردین ..
گوێم ایێ‌بگرن ،
بۆچی پلارم تێ‌ئەگرن !؟
دەزیان کردین
چونکوو لاتین ،
چونکوو گشت‌ێ‌دەسنەلاتین ،
چونکوو .. چوونکوو
بێسنەنگەرین ..

- أنور شاکەلی -

فراوانی ئەم جموجۆڵە لەروانکەی ئەم فیکرەوە هەڵقوڵاوێ‌و ئیبداعەکانی خوی لەژانی ئەوەوە داهێنابێ .

بەڵام کە سەرتاپای (٢٣) شیعرەکەی - شەونامە - ئەخوێنینەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە تەنیا - ٩ - پارچەیان توانیویانە بەجۆرێ لە جۆران لەکۆتو پێوەندە ڕۆمانتیکیەکە ڕزگاربن تەنانەت لەم - ٩ - شیعرەش ڕائەمینێن چوار- چێوەی یەکێتیەکی ئایدیۆلۆژی‌ی شۆڕشگێڕانەیان پێوەنابینین .. تەنیا یەك پارچەیان نەبێ :

پێ‌ناکەنم
تائەو ڕۆژەی هەژارەکان
ماڵی خەندە ڕاوئەکەن
بۆلێوی لادێ‌و شارەکان
پێکەنین تاکە شیعرێکیش
پێوانەی دیوانێکی (٢٣)
پارچەیی نیە ..

●

کاتێ لە جیهانا ..
ڕۆمانتیکیە سەوزوسورەکەی
- شەونامە - دێنە دەرەوە
هەست بەچوونەپێشەوەیەکی
پەشێو - ئەکەین ... بەڵام
کاتێ لەم چوونە پێشەوەیە
وردئەبینەوە ئەبینین لەلایەکەوە
نەیتوانیوە سنووری قۆناغی
- بتی‌شکاو - ەکەی پێشڕی
ڕەت‌بکا .. لەلایەکی تریشەو
چوونە پێشەوەکە زۆرتر ڕووە
هونەریەکانی - ڕوخسار - ی
شیعرەی گرتوتەوە .

.. نەك ناوەڕۆکو ڕوخسار
وەك یەکێتیەك ، کە تەباشای
پشتەوەی ئەم ڕوخسارە
پێشکەوتووە ئەکەین .. ئەبینێ
ناوەڕۆکی شیعری پەشێو هێشتا
گاگۆڵکی ئەکات
فێری ڕویشتن نەبووە
لەکاتێکا خەڵك هەموو گەورە
بوون !! -

ئەو هێڵە تۆخەی ئافرەتو
مەسەلەکانی‌تری لە - بتی‌شکاوو
فرمێسك‌وزام - دا لە یەکتری
جودائەکردەوە .. درێژ بۆتەوە
بۆ ناو - شەونامە - ش ..

ئافرەت لەلایەکی ئەم هێڵە-ا
هەڵتوتاوەو قاوغە تەنگەبەرە
ڕۆمانتیکیەکەی جارانی خۆی
یاراستوەو - یەك دیو - یەکەی
بەجێ نەهێشتوە ..

ئێستاش جۆری جولانەوەی
لە ژیانی ڕۆژانەدا .. هۆی
داگیرسانی ڕۆژانەوەی شیعری
پەشێوە .. (ڕوخۆشی و
ڕوگرژی .. ئاشنایەتی و زویری
.. بەیەك گەیشتن و بەیەك
نەگەیشتن)ی لەگەڵ پەشێو ..
سنووری ژانی شاعیرانەی
پەشێومان بۆ دیاری‌ئەکات .

لە دەستمدێ ..
کات ژمێری کامەرانیت
بوەستێنم ..
لەدەستم دێ ..
ئەلقەی پەنجەت پێ‌فڕێ‌دەم
نامەی بەختت بسوتێنم !

- پەشێو - هەندێجار ..
وێستویەتی ئاسۆی دنیای ئەم
ئافرەتە فراوان‌بکات بۆ چەند
ساتێك هێڵە تۆخەکە بشکێنێ:

خۆشەویستم ..
نامەکانم بسوتێنە ..،
ئەو هۆنراوەی بۆت نوسیبوم
سێدارەی بۆ داهەژرێنە ،
دڵگیرمەبە ..
لەلای ئێوە .. نەك تۆ ،
پیاویش
لەسەر وشەیەکی باڵدار
قۆڵبەست ئەکرێ ..
ئەدرێ لەدار !

بەڵام ئەم هەوڵدانانەی پەشێو .. سەرکەوتنێکی دیاریان نەهێناوەتەدی .. چونکە ئافرەتەکە هەر یەکەی دیوی و (مجرد) یەکەی پێشوی خۆی ماوەتەوە .. واتە .. نە دەرەوەی ڕووداوە شیعریەکەدا جولاوەتەوە ، نەك مادەی ناوەوەی ئەم ڕووداوە بووبێ .

بڕوانە ل ٧

« بایەخدان بە لایەنە سیاسی‌یەکانی هەر کارێکی ئەدەبی‌و بەستنەوەیان بە ڕێڕەوی کۆمەڵایەتی‌یەوە کارێکی ڕیزۆە » بۆچی بێتو ئەوقسانە هەمووی چەندی بەچەندبێت ؟

ئەدەبو سیاسەت دوو مەفهوومن کە بەیەکەوە گرێ- دراونو یەك کار ئەکاتە سەرنەوی تێ . بابزانین چۆنو بەچ شیوەیەك : بۆ ئەوەی لەمە بگەین چاکتر وایە مەیدانی هەریەکەو سەرچاوەکەی دەست نیشان بکەین .

سیاسەت بریتی‌یە لە خەباتی چینایەتی‌و کارێکە کە چینەکان پێی هەڵئەسن لەپێناوی دەست بەسەراگرتنی دەسەلاتی سیاسی‌دا . سیاسەت هەرگیز لە چینایەتی جیا ناکرێتەوە سەبارەت بەوەی خۆی لەگەڵ پەیدا بوونی چینەکانا هاتۆتە ژیانەوە . هەر لەوکاتەوە سیاسەت هەیە کە چینەکان پەیدا بوون وەتا ئەو کاتەش هەر ئەمێنێت کە چینەکان بمێنن .

سیاسەت شیوەیەکی سەرەکی‌یە لە شێوەکانی سەرخانی کۆمەڵ کە ژێرخانی کۆمەڵ - واتە مەرجە ماددی- یەکانی ژیانی ئابوری کۆمەڵ - چۆنی‌یەتی‌یەکەی دەست نیشان ئەکات .

لینین لەم بارەیەوە ئەڵێت « سیاسەت دەربڕینێکی خەستی ئابوری‌یە » ، ئەمانا سیاسەت ئاوێنەی بەرژەوەندی ئابوری چینەکانو خەباتی چینایەتی‌یە . لینین بەتوندی چووە بەگژ تیوری‌یە بورژوازی‌یەکاندا کە سیاسەتی لەخەباتی چینایەتی جیا ئەکردەوەو گەلی لەودیو کەوانەی سیاسەتەوە دائەنا . « سیاسەت بەپێی تێگەیشتنی بورژوازی‌یەکان لە دنیادا ، هەروەك نە ئابوری جیا ئرابێتەوە وایە . بورژوازی- یەت ئەوی‌ووت : ئەی‌جووتیاران ئیش بکەن بۆ ئەوەی بژین ، ئەی کرێکاران ئیش بکەن تا نە بازارپدا هەرچی‌یەك پیویستە بۆ ژیان دەستەبەر بکەوێت ، بەڵام سیاسەتی ئابوری ئەوا فەرمانڕەواکانتان بەڕێوەی ئەبات . بەڵام ئەمەوانی‌یە ، سیاسەت پیویستەمەسەلەی گەل بێت ، مەسەلەی پرولیتاریا بێت » ، (قسەیەك لە کۆبونەوەی دەزگاکانی ڕۆشنبیری سیاسی گشتی‌ی روسیا ، هەڵبژاردەکانی لینین ، بەشی دووەم لەبەرگی سێ‌یەم ، خانەی پێشکەوتن ، موسکو ١٩٦٧) . سیاسەت ، پەیوەندی نێوان چینە کۆمەڵا- یەتی‌یەکان ، بەو پەڕی فراوانی خۆیەوە ، ئەگرێتەوە .

هەڵوێستی هەر چینە ، بیروڕای هەر چینە لە هێلێکی سیاسی دیاری‌کراودا خۆی ئەنوێنێ . چینێکی بێ خەتی سیاسی لەدنیادا نی‌یەو نەك هەر ئەوەبەڵکو هەر تاکێکیش بیروڕاو هەڵوێستی چینێك هەڵئەگرێتو سیاسەتی چینێك پەیڕەوئەکات - تەنانەت ئەگەر هۆشی سیاسیشی نەبێت . بۆیە بیروڕای هەر نووسەرێکیش کە لە نووسیندا دەری‌ئەبڕێت بیروڕای تایبەتی‌و سەربەخۆ- نی‌یەو دووڕە پەڕێز نی‌یە لە کارتێکردنەی کە زۆرانبازی چینایەتی ناو کۆمەڵ ئەیکاتە سەری ، بەڵکو نووسین کە بیروباوەڕ دەرئەبڕێت ڕۆاڵە- تێکی بەرژەوەندی چینێکی دیاری‌کراوەو شوێنی نووسەر دیاری ئەکات لە زۆرانبازی چینایەتی گۆمەڵدا .

سیاسەت بەو جۆرەی چینە کۆنەپەرستەکان تێی‌ئەگەن تەنیا (پیشەی) دەستەیەکی هەڵبژاردەیە لە پیاو ماقوولانی وولاتو ئەو ئەرکەیە کە ئەوان ئەی‌گرنە ئەستۆی خۆیان

بڕوانە ل ٧

فوئاد قەرەداغی

شیرکۆ حوکمی ئەوەی داوە کە ئەو ڕەخنانە لادانێکی ئەنقەست بووە لە ڕاستەشەقامی ڕەخنەو بەلاڕێدا بڕاون . ئەم حوکمدانە هەر قسەکەی پێشوومان دووپات ئەکاتەوە کە ڕوانگەیی‌یەکان لەژێر پەردەی بەربەرەکانی کردنی « دەربەرەگایەتی ناو نووسین »دا ئەیانەوێت خۆیان دەربەرەگی ناونووسین بن . بەم حوکمدانە جارێکی تر ڕوانگە- یی‌یەکان ڕەخنەگرتنیان ڕەت- کردەوەو قایل نەبوونی خۆیان نیشاندا بەرامبەر هەر ڕەخنەیەك ئاڕاستەیان بکرێت . ئەمە حوکم دانێکی موتلەقە بەوەی ڕەخنەگرەکان لە ڕاستە شەقام لایاندەوەو ڕوانگەیی- یەکان تاکە سوازی شەقامەکەن هەروەك ئەوەش ئەگەیەنێ کە ڕەخنەگرەکان ملیان لە لاڕێ‌یەك ناوەو ڕوانگەیی‌یەکانیش ڕاستە ڕێگاکەیان گرتۆتە بەر .

ڕوانگەیی‌یەکان مەبەستیان لەلادانی ئەنقەست‌و لاڕێ- چی‌یە ؟ ئەوەی سەرنج بداتەوتارەکە تێ ئەگات کە مەبەستی ڕوانگەیی‌یەکان لەچەوهەردا ڕەخنەی سیاسی‌یە ، چونکە جگە لەوە هیچ شتێکی کە لەئارادانی‌یە

ڕوانگەیی‌یەکان کە بڕوایان بەوە هەیە ئەدەبو سیاسەت دوو شتی زۆر لەیەك جیاوازنو پەیوەندی‌یان بە یەکەوە نی‌یە ، نەیان توانیوە - تەنانەت لەم ووشانەشدا کە ویستویانە پاشقولێکی بێ لەخەڵکی بگرن - ئەمە بشارنەوە . ئەوەتا هەر لەو چەند ووشەیەدا دانبەوەدا ئەنێن کە ئەوان (ڕوانگە) نایانەوێت بچنە سەر ئەدەبو لاڕێ‌یە (واتە ڕەخنەی سیاسی ڕەخنەگرەکان) ، وە بە ناشکراش ئەوە ئەڵێن کە بە (کاری سەرەکی) خۆیانی نازانن ! بەم پێیە لای ئەوان وایە سیاسەت بۆ سیاسی‌یەکان بێت‌و ئەدەبو هونەرپش مۆنکی ئەدەبو هونەرمەندەکان بێت‌و بەس . جا کە ڕوانگەیی‌یەکان نایانەوێت بە«لاڕێ»ی سیاسەت‌دا ببڕێن‌و بەکاری سەرەکی خۆیانی نەزانن ئەبێت ئەوەی بەڕوانگە ئەیڵێن کە « بایەخدان

فراوان کردنی کاروباری بەڕێوە بەرایەتی خوێندنی کوردی

بەپێی جێبەجێ کردنی یاسای تازەی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی پەروەردە بڕیاردرا لەسەر دانانی جێگری بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو لە مصطفی ماموستای قوتابخانەی پارێزگای نەینەوا ، وە بۆ ئەم ناوەندی بەردەرەش کرا بە مەبەستە کاك مصطفی محمود جێگری بەڕێوەبەری پەروەردەی گشتی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی پەروەردە بڕیاردرا لەسەر دانانی جێگری نەینەوا بۆ ئیش و کاری خوێندنی کوردی وە هەروەها بڕیاردرا کە بۆ فراوان کردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دور جێگری تر لە شارەکانی دیالەو کەرکوك دابنرین

بەپێی ئەم بڕیارە چەند فەرمانبەرێك لە بەشەکانی بەرنامەو کتیب و هۆیەکانی فیرکردن و پەروەردەی هوبەری وەرزش و نارد و هاتن (الصادرة والواردة)، تایپرایتەرو چەند کاربەدەستێکی تری هەمە جۆرە لە هەردوو شوێنەکانا دابندرین .

کۆمپانیای پیالە دروست کردن لەعیراقا

کاك قاسم العریبی سەرەکی دەزگای گشتی پیشەسازی بڵاوی کردوتەوە کە ئەم هەفتەیەدا کۆمپانی گشتی پیشەسازی شوشە دەست ئەکات بە پیالە دروست کردن .

ناوبراو ووتویەتی : کۆمپانیەکە ئەتوانی سالی ١٥ ملیون پیالەی زەرکەنت و ساکار دروست بکات کە بەشی پێویستی دانیشتوانی وڵات ئەکات .

وەهەروەها ووتویەتی چاوروان ئەکەین کە لە مانگی داهاتوا بەرهەمی کۆمپانیەکە بکەوێتە بازارەوە و دەستەی بە ٢٠٠ فلس ئەفرۆشریت .

دانیمارك ملیۆنێك تەن نەوتی عیراق ئەکڕێت

کومپانی (کریستا)ی دانیمارکی ئامادەیی خۆی پیشاندا و بۆ ئەوەی ملیونێك تەن لە بەرهەمەکانی نەوتی عیراق لە وەزارەتی ئابوری بکریت .

دابەش کردنی زەوی لە شەنگار

لەم دواییەدا ٦ هەزار و ١٧٣ دۆنم زەوێ لەقەڕای شەنگار بەسەر ١١١ ماڵە جوتیارا دابەش کراوە .

ئەوەی شایانی باسە لە ناوچەکەدا دەست کراوە بە دامەزراندنی کۆمەڵەی هەروەزکاری کشتوکاڵ .

بانگەوازێکی یەکێتی ماموستایانی کوردستان لقی سلێمانی بەبۆنەی ڕۆژی ماموستایانی کوردستانەوە

ئەی جەماوەرانی ماموستایانی تێ گۆشەر :

گەر بەوردی سەرنجێك چوارلای جیهانی ئەمڕۆ بدەین، زۆر بە ئاشکرا بۆمان دەرئەکەوێ کە ماموستا دەورێکی یەکجار بااڵو گرنگی هەیە لە گۆڕانو پێشخستنی مرۆڤایەتیو لە ڕاپەڕین، هوشیار کردنەوەو هاندانو بەشداری کردنی جەماوەرانی گەالنی جیهان دژی ستەمکاری و داگیرکردنو ئیمپریالیزمدا ، ماموستایان بە حوکمی ئەوەی کەرتێکی ڕۆشنبیرو زۆربەیان لە ناوجەرگەی چینە چەوساوەکانەوە چاویان هەڵهێناوە بۆیە کارێکی ئاسایی یە کە لەزۆربەی ئەو وڵاتانەی ئالای شۆڕشو بزوتنەوەی نیشتمانیان هەڵگردوە . هەمیشە لە ریزەکانی پێشەوەدان و جێگەیەکی دیاری کراویان دەست نیشان کردووە لە گەشە کردنو گۆڕاندنی جەماوەرانی گەلەکانیانا لەبارێکی کۆنو پەك کەوتەوە بەرەو ئاسۆی ژیانێکی بەختیاری و بۆی .. ماموستایانی کوردستانیش بەجیاوازی بیرو باوەڕو ئایدیۆلۆجی یەتیانەوە هەر لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانی لە کوردستانا لەبەر نزیکیان لە ڕۆڵەکانی گەلە کەماندا هەمیشە لە ریزی پێشەوەی پارتو کۆمەڵە سیاسی یە پێشکەوتنی خوازەکانی کوردستانا دەوری مێژوویی خۆی بینیوە وەك پێویستە ئەرکە پیرۆزەکانی نیشتمانیان بەجێ هێناوە ، لەئەنجامی ئەمەدا دووچاری گرتنو دوور خستنەوە و دەرکردنو کوشتن بوون ، بەاڵم ئەمانە هیچیان نەیان توانیوە کاری لێ بکەنو ڕێگەیان پێ بگۆڕێ ، بەڵکو بەوپەری گیانی لە خۆبوردنەوە خەباتی پیرۆزی خۆیان دڕێژە پێداوەو قوربانیان پێشکەش بە شۆڕشو گەلەکەیان کردووە ، ئەمەش هەر تەنها مۆڵکی پارتێك و کۆمەڵێك نەبووە بەڵکوو هەموو پارتە پێشکەوتن خوازەکانی کوردستان کاروانی شەهیدانیان پێشکەش بەخەباتی خۆیناوی گەلەکەیان کردووە ماموستا حسیب محمد امین پش کە ماموستایەکی کوردستانی بوو یەکەم شەهیدی شۆڕشی ئەیلولی ٩٦١ی کوردستان بوو کە لەڕۆژی ٩ تشرینی یەکەمی ٩٦٢ دا لەشەڕێکی پاڵەوانانەی پێشمەرگەدا گیانی پاکی بەکوردستان بەخشی بەمەش مافی یەکەم ماموستای شەهیدی وەرگرت لە ڕیزەکانی شۆڕشاو ڕۆژی شەهیدبوونەکەی کرا بە ڕۆژی ماموستایانی کوردستان ، بەم بۆنەیەوە یەکێتیمان هەڵزارەها چەپکە گوڵی ڕێزو خۆرمەتی ماموستایان پێش کەش بەگیانی پاکیو گیانی هەموو ماموستایەکی شەهیدو هەموو شەهیدێکی ئەم نیشتمانە ئەکات و بەڵێنیان بۆ تازە ئەکاتەوە کەپەیامی پیرۆزیان بەجێ بهێنێو لەخەباتی خۆیناوی گەلدا دریغی نەکات .. هەربەم بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی لە هەموو ماموستایانی دڵسۆز ئەکەین و داوایان لێ ئەکەین کە گیانی پاکی ماموستا حسیب هانیان بدات بۆ ئەوەی زیاتر دڵسۆزی و گیانی لەخۆ بوردنیان جۆش بدات بۆ پێ گەیاندنی نەوەکانی ئەمڕۆو داوا ڕۆژ بەپەروەردەیەکی نەتەوایەتی پێشکەوتن خوازو ڕۆشنبیری یەکی شۆڕش گێڕانەبۆ پێ گەیاندنی نەوەیەکی خاوەن بیروباوەڕی ئەوتۆ کە بتوانێ ئەرکی پێشخستنی گەڵو

نیشتمان هەڵبگرێ لە پاشەڕۆژدا داوایان لێ ئەکەین کە گیانی یەکێتیو برایەتی لە ریزەکانیانا دروست بکەن بۆ کەڵکو سوودی وڵاتەکەمان ، هەمیشە خۆیان پرچەك کەن بەڕۆشنبیریو گەڕان بەشوێن زانیاریدا ، دڵسۆزبن لەگەڵ قوتابیانو کەس و کارو نیشتمانەکەیانا داواش لە ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان ئەکەین بەگشتی لە کاربەدەستانی نیشتمانیو میریو قوتابیان بەتایبەتی کە بەچاوێکی ڕێزەوە سەیری پلەی ماموستا بکەنو ئەو نرخەی شایانێتی ، خۆیان دوور بخەنەوە لە ڕەنجانو سزای ناباجێ و کەم کردنەوەی نرخی ئەو سەربازە نەناسراوەی کە بەچرای مێشکو دەروونی لە شەوەزەنگی تاریکیدا ڕێگەی نەوەکانی ئەمڕۆ و دوا ڕۆژ ڕوناك ئەکاتەوە .. بەم بۆنەیەوەش داوا لە کاربەدەستانی میری ئەکەین کە هەوڵ بدەن باری ئابووری ماموستا چاکتر بکەنو نەهەندێ اجراءاتی ناالەبار دوور بن وەك گواستنەوەو سزای بەئارەزو دوور لەلێ کۆڵینەوەو خواستی خۆی ، هەروەها داوا ئەکەین کە سپاردەکانی کۆنگرەکانی نەقابەی ماموستایانی عیراقو یەکێتی ماموستایانی کوردستان زوو جێبەجێ بکەن سەبارەت بە چاککردنی ژیانی ماموستا و پاراستنی مافەکانیان ..

بۆی یادی ڕۆژی ماموستایانی کوردستان

سەربەرزی و نەمردن بۆ شەهیدانی ماموستایان و هەموو شەهیدانی کوردستان و عیراق

یەکێتی ماموستایانی کوردستان لقی سلێمانی

٩ تشرینی یەکەم ١٩٧٢

ڕاخوازی دانیشتوانی سلێمانی

بە ئیمزای ٢٣٧٢ کەس لە جەماوەری شاری سلیمانی یەو ئەم سکاڵانامەیەمان بۆ هاتو، کە ئاراستەی کاربەدەستانی بەرزی وڵات کراوە ، وا لە خوارەوە (هاوکاری) ئەیخانە پێش چاو .

ئیمەی جەماوەری سلێمانی ، بەدەست گرانی کرێ خانووەوە توشی تەنگو چەڵەمەیەکی زۆر بووین ، کە ڕاستەوخۆ کاری کردوتە سەر ئەو دەستکەوتەکەمەی دستمان کەکەوێت .

ئەم گیروگرفتە یەکیکە لەو گیروگرفتە گەورانەی بە پەلە چاوەڕێی چارەسەرێکی مەوزوعیو قوڵ ئەکات ، چونکە بەیوەندی هەیە بە ژیانی دەیان هەزار هاوڵاتیەوە کە کرێیەکی زۆر لە سەر حسابی پێویستیەکانی ڕۆژانەیان ئەدەن .

لەبەر ئەوە داوا ئەکەین یاسایەکی نوێ بۆ کەم کردنەوەی کرێ خانو دابنرێت ، وەدامەزراوێکی گشتی بۆ چاوەدێری کردنی خانو پیك بێت ، گومانیشی تیا نیەچارەسەری ئەم گیروگرفتە کە ژمارەیەکی زۆری جەماوەری گەلی عیراقمان بەدەستیەوە ئەنالێنێ هەنگاوێکی گرنگ ئەبێت بۆ پشت گرتنی بڕیاری میللی کردنی بەعەت .

٢٣٧٢ کەس

لە جەماوەری شاری سلێمانی

هاوڕێ

ئامادەکردنی : محمدصدیق امام

پاڵەوانیەتی ئاسیا لە لەش جوانیدا

وەکو زانراوە لە ئێوارەی ٢٠ ئەم مانگەدا یەکێتی وەرزشی لەش جوانی کۆرێك لە هۆڵی گەل ڕێك ئەخات بۆ هەڵبژاردنی ئەو وەرزشکارانەی عێراق کە لەیاری لەش جوانیدا لە پاڵەوانێتی ئاسیاو دنیادا بەشدار ئەبن ، وە کاك احمد سالم ئەندامی لیژنەی بەرزی ڕێکخستن وتویە ، وەرزش کارەکانمان جێگای هیواماننە کەلەم گرەوەدا سەربکەون . بۆمان دەرکەوت کە زوربەیان خاوەنی گیانێکی بەرزو بروایەکی پتەون .

کلای و ڤۆسر

محمد علی کلای پاڵەوانی پێشوی دنیا لەبۆکسێندا لەگەڵ بوب فۆستر پاڵەوانی دنیا بڕیاریان داوە لە ٢١ی تشرینی دووەمی ئایندەدا لە شاری ستیتلاین لە هەرێمی نیڤادا یاری بکەن بۆ بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتی دنیا لەبۆکسێندا . یاریەکەش لە هۆڵی وتێلو ساهارا ئەبێو بەتەلەفزیون نیشان ئەدرێ . وە کلای وتویە لەوبڕوایە دایە کە لە هەشتەمین گیمدا بەسەر فۆستر ا زاڵ ئەبێو لێی ئەباتەوە ، وە ئەگەر هاتو سەرکەوت ئەوا ٢٥٠،٠٠٠ دۆلار وەرئەگرێ بەاڵم کە فۆستر بردیەوە ئەوا ١٢٥،٠٠٠ دۆلار وەرئەگرێ .

گۆشەی تەندروستی

- گرانەتا -

دکتۆر نەوزاد

- ٢ -

● خۆپاراستن لە نەخۆشی گرانەتا بەم ڕێگایانەی خوارەوە ئەبێت :-

١ - جیاکردنەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانەی تایبەتیدا کە بۆ نەخۆشیەکە دروست کراوەو هیچ جۆرە نەخۆشێکی نری تێدا نەبێت . وە لەوخەستەخانەیە چارەسەری نەخۆشەکە ئەکرێ تا بەتەواوی چاك ئەبێتەوە ، وە پیسایی خوێنی نەخۆش فەحس بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا میکرۆبی نەخۆشیەکەی تیا ماوە یان نا پێش ئەوەی لە خەستەخانە بچێتە دەرەوە .

٢ - کۆلاندنی شیرو پاك کردنەوەی ئاوی خواردەوەو شتنەوەی سەوزەو میوە بەو دەرمانەی کە میکرۆبەکە ئەکوژن .

٣- چاودێری کردنی زێراپو ئاوەڕۆ لەو ناوچانە کاربەدەستانی تەندروستی یەوە ، وە هەوڵدان بۆ تێکەاڵو نەبونیان لەگەڵ سەرچاوەکانی خواردنەوەدا .

٤ - خۆ کوتان لەدژی ئەم نەخۆشیە . هەندیك لە میکرۆبی نەخۆشی گرانەتا بەڕێگایەکی تایبەتی لاواز ئەکری وەئەم میکرۆبانە بەهۆی دەرزی لێدانەوە تێکەڵ بە لەشی ئادەمیزاد ئەکرێ وە لەناوخوێنی ئەو کەسەدا جووت بەرگری کردنێك پەیدا ئەبێ دژی میکرۆبەکە ، بۆ ئەوەی ئەگەر جارێکی تر میکرۆبی ساغی نەخۆشیەکە چوە ناو لەشەوە ، بەهۆی ئەم بەربەرەکانیەوە پەك بخرێت . وەئەم کوتانە ، واڵە لەشی ئەوکەسە ئەکات کە بۆ ماوەی ٣-٥ ساڵ بتوانێ بەرهەڵستی ئەم میکرۆبە بکات .

● چارەکردنی نەخۆشیەکە : لەپێش دۆزینەوەی دەرمانی (کلۆرۆمایستین) ، ئەوکەسانەی کە توشی بەخۆشی گرانەتا ئەبون زۆربەیان لەناو ئەچون . بەاڵم پاش ئەوەی دەرکەوت ئەم دەرمانە میکرۆبی ، سالمۆنێللا - ئەکوژێ ، ئیستە چارەسەرکردنی زۆر ئاسان بوە . لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی توشی دێن ئەخرێنە نەخۆشخانەی تایبەتیو لەژێر چاودێری پزیشکی تایبەتیو کلورومایستین بە شێوەی دەرزی یان بەشێوەی گۆلاج ئەدرێت بە نەخۆش ، وە لەگەڵ ئەم دەرمانەدا هەمو جۆرەکانی ڤیتامیناتی پێویست بدرێت بە نەخۆش وە ئەبێ خواردەمەنیوا بخوات ریخۆلەکانی نازار نەدات وەکو شلەمەنی ، سەرەڕای چاودێری کردنی نەخۆش بۆ ئەوەی ئەگەر هاتو دیواری ریخۆلەکانی کون بوو بەپێی پێویست عەمەلیات بکرێت .

کورتە هەواڵ

● لەکۆمەڵەی هەرەوەزکاری موان لە سەیدسادق لەپارێزگای سلێمانی دوو قوتابخانەی سەرەتایی کراوەتەوە .

وەهەروەها جیگایەك بۆ چالاکی کومەڵایەتی نواندن لە کۆمەڵەی هەروەزکاری سنکێر کراوەتە .

● **وەزارەتی پەروەردەداوای لە بەڕێوەبەرایەتی یەکانی قوتابخانەکان کردوە کە لێدانی قوتابی لەلایەن ماموستاکانەوە یاساغ بکرێت چونکە ئەم جۆرە سزایە ڕێگایەکی زانستی نیە بۆ پەروەردەکردنی قوتابیو پێویستە ڕێگایەکی باشتر بگیرێت بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە .**

● وەزارەتی پەروەردە بڵاوی کردەوە کە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٣ - ٩٧٢ (٨٢) قوتابی لە قوتابخانەی ئامادەیی کشتوکاڵی زاخو وەرگیراوە .

● **ئەو لیژنە تایبەتیەی کە لە پارێزگای هەولێر پێکهێنراو داوای کردوە ئەو کارگەیە شەکرەی کە بڕیارە دروست بکرێت لە شاری هەولێربێت نەك لە هەربر ، لە بەر ئەوەی ئەو جێگایانەی چەوەندەری لێ ئەکرێت لە شاری هەولێرەوە نزیکترەو ڕێگاکەش خۆشترەو بۆ ناردنیش بۆ کارگەی شەکرە دروست کردنی موسلیش هەر هەولێر ئاسانترە .**

● ئاوەدان کردنەوەی ژوورو چەند ڕۆژی لەمەوبەر لە خوارەمەنیانەی لە بەرنامەی دەوڵەتانەوە بۆی هاتبو ، بەشێکی بەسەر ٧٢٦ ماڵە لادیی لێ قەوماوادا بەشر کردوە لەو مالانەی لەمەوپێش دووچاری کارەساتی ڕابوردوی ژووروی وڵات بون .

پاشماوەی : خەباتی وڵاتانی تازە

پار حکومەتی شیلیو لیبیاو عێراقو سوریاو چەند وڵاتێکی تر چەند کومپانیای نەوتو زیبویان میللی کرد کە لەمەوبەر بەدەست کۆمپانیا مونوپولیەکانی ئەمەریکاو ئنگلیزەوە بوە .

تاوەکو چەوساندنەوە ئازاردان بمێنێ ، خەباتی تێکوشانیش هەرئەمێنێ ، لەم سەردەمەماندا وڵاتانی تازە پێگەیشتو خەباتێکی ناولو نەبەردانە ئەکەن دژی ئە راوورووتەی ئیمپریالیزم دەستی داوەتێ ... وەلەپێناوی سەربەخۆیی و پەرەپێدانی ئابوری و پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانەکانیانا .

لەگۆڤاری - بناء الصین - ەوە وەرگیراوە

پێشخستنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کورد

ئەرکی سەرشانی هەموومانە - پاشماوە

پێشکەوتنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریدا چاوی لێ ناپۆشرێت، نرخێکی تایبەتی هەیە بەاڵم بەهیچ جۆرێك ناتێت ببێت بە بیانوی ئیش نەکردنو خۆ دزینەوە لە مەیدانی پێشخستنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریدا وە ئەو دەستەو کۆمەڵەو دامەزراوانەی ئەمڕۆ لەکایەدانو ئەوانەی یەکسەر بە دەزگاکانی میری یەوە بەستراون یا تایبەتیو سەربەخۆن ئۆبالێکی مێژویی گەورەیان کەوتۆتە ئەستۆ کە نەگەڵو نە مێژو لە سستیو کەمتەرخەمیو خۆ دزینەوەیان چاو ئەپۆشێت .

تاقی کردنەوە مێژوییەکان ئەو ڕاستیەیان سەلماندوە کە هەر گەلێك پشتی بە توانای تایبەتی خۆی نەبەستێو چاوی بڕیبێتە دەستی گەلانی تر هەمیشە پاشکەوتوو سەرگەردانو ڕەنجەڕۆ بووە وە بەپێچەوانەی ئەمەشەوە پشت بەخۆ بەستنو خۆ لە پشت بەخەڵك بەستن دورخستنەوە بۆتە مایەی سەرکەوتنو گەشەکردنو بە ئامانج گەیشتن .

بۆیە نوسەرو ئەدیبو هونەرمەندانی کوردو هەمو دەسەاڵتدارانی کۆڕی ڕۆشنبیری ڕوبەڕوی ئەرکێکی گەورەی وەها بونەتەوە کە چارەنوسی سەرکەوتنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی نەتەوەکەمانو خەباتی ڕەوای دژ بە ئیمپریالیزمو سەرخستنی کوردایەتی یەکی ڕاستەقینەی سەر بە جەماوەری فراوانی گەلی کوردی پێوە بەستراوە .

بێگومان هەمو کوردێکی نیشتمان پەروەرو پێشکەوتن خوازو تێکۆشەر لەپێناوی دامەزراندنی دوا ڕۆژێکی بەختیاردا بە دڵێکی پڕ هیواوە چاو ئەبڕنە ئاسۆی ئەم بزوتنەوە ڕۆشنبیریەو چاوەڕوانی ئەوە ئەکەن گەلی کوردیش شان بەشانی گەلی عەرەب لە عیراقدا دڕێژە بدات بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی لەپێناوی دامەزراندنی ژیانێکی ئاسودەو بەختیارو دور لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو چینایەتی ، خەباتێکی موتوربە کراو بە بیروباوەڕی پێشکەوتن خوازو کارێگەرو تاقی کراوەوە تێبکۆشێت و ئەم تێکۆشانەی پشت بەستو بێت بە بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری ڕاستی سەر بە جەماوەری فراوانی کوردو کوردستانەوە .

institut kurde de paris

لاپەڕە : -٤-

دکتۆرێت تایێ کوردی و راپۆرتێت دکتۆرایێ !!

صدیق ئامێدی

ژکەڤن وەرە داخازیە کا مللەتێ کورد ئەو بوو کوردستان پیچەکا روناهیێ ببینیتو و بسەربەستی کورێت وێ بئەزمانێ خو بخوینن و بسپوربن دهەمی رەنگو ئاوایێت زانینو تێگەهشتنێ دا نەمازە شەهرەزاو بسپوربن دمێژو تورو ئەزمانێ کوردی دا داخزمەتا مللەتێ خوبکەن .

ئەبو تشتەکێ کێم ژئومێدو هیڤیا وی هاتەڤە دەمێ شورشا ١٤ی تیرمەها بەمر بشکڤتی ، ئەو شورشا تاکو قوناغەکێ دیموکراتیە تلعراقێ بەلاڤ کری و زۆرداریا نەتەوایەتی کێمتر کری وریدایە گەنجو لاوێت کورد بئەزمانێ خو بخوینن و گەلەک شاکردێت کورد ژی ڤرێکربە دەرڤەی عیراقێ بو خوێندنێ هندەکا ژوان شاکردا تورەو زمان و رێزمانا کوردی و مێژویا کوردی خویندو بوونە بسپورتێداو وەکی زڤرینەڤە بو وەلاتی گەلەک ژوان لتایێ کوردی ژکولیجا ئادابێ لدانیشگا بەغدا هاتنە دامەزراندن و باهرا پتر ژکێماسیێت تایێ کوردی چارەسەرکرن و پەیسکا تایێ کوردی براستی بلندترکرڤ ژلایێ زانستیڤەو پێنگاڤەکا فرهە بو پێشڤەبرن .

بەلێ سەرڤێ چەندێ اگەلەک کێماسیێت دیژی مان و نەهاتنە جارەسەرکرن ، دکتورێن تایێ کوردی دشێن نەهێلن و چارسەربکەن ، کێماسیەک ژوان کێماسیا ئەوە ، هەر دکتورەکی ژوان راپورتەکا دکتورایێ (أطروحە) یاهەی و یا پێشکێشی لێژنەکا پسپور کری بووەرگرتنا دکتورایێ .

چو گومان تێدا نی نە ئەڤ کتێبە بئاوایەکی زانستی یاهاتی یە نڤیسینو دپەیسکا زانستیدا ژنافکێ ، ئاواکی و ، رێزکرنا مادەی یابلنده ، ئەڤ توخمە کتێبە لسەر مێژو رێزمانو تورێ کوردی ناکو نهو نینن ، نەبعەرەبی نەبکوردی و هندی بێژی مللەتێ کوردێ پێدڤی فان کتێبانە ، نەمازە نڤیسەفانو شاگردێت تایێ کوردی ، بەرڤێ چەندێ یافەرە سەیدایێت دکتور ، ئوطروحێت خو وەرگێرنە سەر زمانێ عەرەبی ئان کوردی و چاپبکەن داموللەت ووجێ ژێ وەرگریتو ببنە هاریکاریت بزافا پێشکەفتی خازا زانستی لوەلاتێ مە .

براستی گەلە کەس پر یارا هندێ دکەنو پرسیارا فێ پشت گوهێ خو هاڤێتنێ دکەن .. نەخاسمە پشتی ئەڤکە رادزیا دکتور تایێ کوردی بتنێ وەرگێرانا ببینیت .

- عمر الطالبی - دئەطروحا خوداکری ژلایێ برادەر - عبدالله احمدی - دگوفارا - الادیب المعاصر دا خەلک گەلەک ئاخڤتنێت نەدجهێ خودا دبێژن لسەر ئوطروحێت دکتورێت تایێ کوردی ، زبەرڤا چەند ئەگەرێت مە گوتین یافەرە دکتورێت مە بڤی کاری مەزنزابنو ئەو فەرمانا لسەر وانە بجهێ بینن هەرچەندە هندەک زیبانێ ژلایێ پارەی ڤە بووان تێداهەبیت .

یابێدڤی یە ئەم بێژین کو بتنێ سەیدایێ دکتور - عزالدین مصطفی - ی ئوطروحا خویا وەرگێرایە کوردی ، بەلێ ئەوی ژی ژگای هەر کوزیا نیشادای جوکو ئوطروحا وی گەلە بەرفرهترو مەزنترە ژئەڤا وی چاپ کری .

براستی فەرمانا دکتورێن سەروکانیێت پێدڤی تێدا ببینیت .

بسەرهاتیەک

هەرجەر عەلی ژ گوندێ بامەرنێ ئەف کورتە سەرهاتیە یا بومە ڤریکری ، دێ بەلاڤ کەینو هیڤی دکەین هەر بومە چێروکو چیڤانوکا ڤرێکەت ، بلا گازندا ژمە نەکەت بەلاڤکرن بڕێزە . هەجەری گوت :

نانێ تەمبەلو بێ کەسپو بەطالا لچ جها نینە ، هەر ژ باژێرێت ڕوژ ئاڤا هەتایت ڕوژ هەلاتێ یێ نەکەت ناخوت ، بەلێ هونەر نینە ئێک پیچەکێ بکەتو ئێک گەلەکێ ، هەرێک دێ باهێ زەحمەتو ماندیبونا خو خوت و وەرگریت ، ئەوێ چ کارو کەسپێ نەکەت و دخوت ، دیارە ئەو ژدەڤێ ئێکێ دی دزیرڤەدگریت ، ئەونەیێ وی یە ئەو باهێ زەحمەتا ئێکێ دی یەدگەهیتە وی . دمالەکێد خەسیەک هەبو یاچەلەک ، یاشول زان ، یاشەهرەزا یاقەلس ، چەند سەرێت مروڤا لوێ مالێ هەبان دا هند ئامانیت گرارێ ڕوی کەت هەکە شول کربا ژوان بێ وێ ڕوژێ چ شول نەکر با چ نەدایێ ، دا مینیتە برسی وێ ڕوژێ بلا مێهڤان ژی با ، جارەکێ بابێ بیکەکا وێ هات داسەرا کچا خو دەت ، هندەک مێویژ بو کچاخو کرنە بنێ چانتکێو ڕێکا خو گرت چو داسەرا کچێ دەت ، گەهشتە وێرێ ئێڤاری ، ڕونیشتە خارێ حەتا مروڤیت مالێ هەمی ڤەکجەمیانە مال ، کچێ زانی کو خەسوی چ نادەتە بابێ وێ ، و ئامانێ وی ڕوی ناکەت خەسێ پسیارا مروڤیت مالێ کر کت - کت کا هەرێکێ چ شول کریە ! هەرێکێ شولێ خو بو گوت ، چ بێ گوت خەسێ ئامانێ وی بێ گلولێ ڕوی کر ، بابێ کچکێ مالوی ددنانی ، بو دەمێ نڤستنێ . قویسێن ژ زکێ مێرکی هات ژبرسا دا ڕابو چانتکا خو ژ کەلەمی ڤەکرو مژیلیا خولێو ڕێڤت خوکر ، ڕوژا پاشتر سەحارێ هەرێک چو سەرشولێ خو بوئێفار جارەکادی هەمی ڤەجەمیانەڤە ، کچکێ زانی کو وێ ڕوژی دێ وەکی دوهی بیت ، کچک ڕابو بەزی چو مستەکا دەرمانکا ئینان کرنە بنێ هاوونی و هاوون دا دکوشا بابێ دا گوتێ : بات .. فان دەرمانکا بقوتە ئەز دێ چمە د تانا کوڕێ خو مێرکی لدەرمانکا کرە حنگین ، بووەختێ شیڤ ڕوی کرنی ، خەسێ پسیارا هەمیاکر کاکێ چ کریە ، بەحسی بابێ کچکێ نەکر ، ئامانێت هەمیاڕوی کرن داڕابیت ، کچێ گوتێ : ئەز خدام .. بابێ من ژی دەرمانکێت قوتایین خەسیی زڤڕی گوت : کەلی مروڤاکێ دیتە ڤەکو ئی میهڤانی دەرمانک قوتاین ..!هەمیا گوتێ : مە ێدیتی دەرمانک کربونە هاوونی ، خەباتا وی بو دقوتان .. گوت : مێهڤان وەرە ئامانێ خوببە .

هەجەر عەلی بامەرنی

پارچەک ژ فولکلۆرێ کوردی ..

مەئمورێ کۆنا

عبدالله محمد دهوکی

مێرکەکی ژنەک هەبولوەلاتەکی ، دبێژن لوێ وەلاتی گوهورینەک چێبو ، بو ولهەمی جهێت وەلاتی کرەشەهیانەو داوەت ، وانژی دەستی دا و دائرە پاقژکرن ژێت کەڤن ، وێت فەقیر بەلنگاز ئینانە جهێ وان ، ژنا مێرکی گوتە مێرێ خو ، دێ هلو ڕەبەنا تو ژی هەرە نک کاربەدەستێد نوی بەلکی شولەکی بدەنە دەستێ نە ، ئەم مرین ژبێ حالێدا ، تو ژی وەکی هەڤالێت خو .. تو چ ژ وان کێم ترێ ! غەدر بەما .. هەرێک دێ گەهیتە مافێ خو بەلکی گەلەک ژوان کاربەدەستا دوستێد تەنە ، تو ژی هەر لڕێزا وانی ، تویێ شەهرەزای .. یێ عاقلی .. تە چو خرابی نەکرینە ، هەکە چاکیەک تە ڕێچێیبیت دسەر بێ حالیا تەڕا تە یاکری ، ێت زۆرداری دکرو یێ فەقیر دئێشاندن باری ئابوری ولاتانی تازە نەمان ، مێرکی زانی چحالە .. زانی کو هەرتشتەک نەلجهێ خویە ، زۆرداریا مای بەلی بڕەنگەکێدی ، تەعدایا هەی بەلێ بکارەکێ دی ، میرەک دزانیت کو کاربەدستێد نوی چپاکی بعاقلمەندو شەهرەزایا نینە ، وان ئەو دڤێن یێ نەدەنە سەر ڤەسا وان . ڕابو هەکە بدلەکی و هەکە بهزارا ڤەستا کاربەدەستەکی کر ، کو نیاسینو دوستایەتی لنابەینا وان هەبو بەری بهێتە جهێ سەر فەرمانەدەراتیتی کاربەدەستی ژێ شەرمکر چنکو حالێ وی دزانی و چجهە نەمابون کو هەڤالێ خو دانیتێ کاربەدەستی گوتێ : دێ هەڤە من تو کریە (مەئمورێ کونا) وی ژی گوتێ : برا ڤێجار مەئمورێ کونا چیە !!! کاربەدەستی گوتێ : چی کونا تو گازی کەیێ دێ جابێ لتە دەتو دێ بو تەبێژیت کا چ بسەری هاتیەو چ تێدانە . باوەر نەکر گوت : دیارە فی دڤێت خو ژ بەلا من خلاس کەت وی ژی بخو منەت ژێ گرنن ، و ڕێکا خو گرت قەستا مالا خوکر یێ داماى ، بڕێڤە کونەک دیت یالبەر ڕەحێ ڕێکێ .. گوت : دا بجەڕبینم

دڤان روژادا چل روژ دبورن بسەر مرنا هوزانڤانێ مەزن وەلات پەرێست ، خەبانکەرێ دل پویلاو شورشگێرێ گیان ئاکرێ کورد ، دوژمنێ زوردارییێو رەگەزپەرێسێ ، دوستێ دلسوژێ مروڤایەتیێ کوڕێ ئەمەکداریێ کوردستانێ - قەدری جانێ - مەزن .

ئەڤرو بڤێ بوونو بیرەوەریادلکوزیزینو جەرگ ڕپ رەوشەنبیرێن کورد یافەرەیافەرە سوزو پەیمانا نوی کەن .. ژبو وەلاتو مللەتێ خو ، ژبو گیانێ مەزنێ قەدری جانی .. کو ئەم هەتا دلێ مە ژێدانێ دکەڤیت دوێ ڕێکا پیروزا قەدری جان لسەر چوی نەمژی لسەر بچین .. ژبو سەرکەفتنا مللەتێ کورد .. ژبو سەرکەفتنا هەمی بنەدەستان .

ئەم نەئەوین بێن روندکادبارینن ، وەلێ هەر ئێک ژمە دڤێ ئەو بیتیێ کو نەهێلیت تڤەنگا شەهیدی بکەلەمێ دیواریڤە بمینیتە هەلاویستی ... بەلکی دگەل بژکینا سینگی هەڤالەکی دڤێ هەرگاف ئەم ئەوبین بێن کو دەهان سینگا پێشکێتش دکەن . ئەز باوەر دکەم ئەڤە ژی خوزیەکا قەدریجانیێ یە ناڤێ قەدری جانیی یێ راستە (عبدالقادر عزیز جانە) ١٩١٦ز لگوندێ - دێریک - ژ نزیکی چیایێ - مازی - لسەر سەروکانیێت روپبازێ تیرلەی دجلە - لکوردستانا بزۆری بتورکیای ڤە گریدای ێرهانیێ سەردنێ هەر لوێری یاخویندیو لباژێرێ - ئەزمیرێ لخاندنگەها ماموستایاخویندیو یێ بوویە ماموستا، لباژێرێ ، ئەنتاکیەو ئەسکەندەرونە ماموستایەنیا کری .

هەر ژوی دەمێ کو سوخۆ - قوتابی - بوو دگەل بزاڤا پیروزا کوردایەتیێ یێ تێکەل بووی و دەورەکێ دیارێ دیتی . پشتی شورشا کوردی لبن پێن رەشێن شمو فینیزمێ کینو کەربا داگیرکەرا برەنگەکێ جەرگ بڕێ وەسا هاتیە هوبرکرنو پەلخاندن کوهەتا مروڤایەتیی مابیت ژرویرەشیا خوین مێژێن شوڤینیست دێیا دلپرخوینو ئاخ ددلدا بیت ، قەدری جانێ مە دگەل هەڤالێ خوێ سەردەمێ خاندنو سوختەیێ - رەشید - کورد - مشەخت دبنو لسوریێ ئاکنجی دبن .

لباژێرێ جزیرێو شامێ دکەفنە کارو نان پەیداکرنی ، دگەل خەباتەکا گەرم ژبوخزمەتکرنا هیڤیو ئارمانجێن مللەتێ خو .

قەدری جان ئەندامەکێ چەلەکو هشیارو ببزاڤێ جڤاتا - خویبوون - ێ بوو ، هەڤالەکێ راستێ جڤاتا - هیبوا - و پارنا دیموکراتیا کوردستانا عیراقێ بو ، لسالێن ١٩٥٠ - ١٩٥٧ز سکرتێرێ چڤاتا - پێشڤەچوون - ێ بو کو جڤاتەکا رزگاری خازێت کوردێن کوردستانا بسوریێڤە گرێدایە .

پشتی ڤێ چەندێ - قەدریجان - دگەل هندە هەڤالێن خو ژژیانا پارتا بەتیێ بدویرکەفتن ، وەلێ دمەیدانا کوردایەتیێدا دبەردەوام بوون لسەر خەباتا خو .

پشتی شورەشکا ١٤ تیرمەها پیروز لعیراقێ دگەل رەوشەنبیرێن خەباتکەرێن کورد لسوریێ هاتنە عیراقێو دگەل بزاڤا کوردایەتیێ رەوشەنڤانیێ لعیراقێ تێگەل بووەنڤە . دسالێن ١٩٥٩ - ١٩٦١ گەلەک نەخوشی دیتنو وەکی شورشا کوردستانێ دەست پێ کری ، قەدریجان هەڤالەکێ ئەمەکدارو دلسوژێ شورەشێ بوو .

قەدریجان گو شەهسوارەکێ قادا خەباتا مللەتێ مەبوو ژبو بجێئینانا هیڤیو ئارمانجێنوی پێن پیروزو بداد کوڕێ شەڤێن تاریو ڕوژێن نەخوشو زیندانێن رەشو لێدانو ئێشاندنو دەرەبەدەریێو نەهامەتیێبو ، کوڕێ خەباتا

قەدری جانەکی وەفەرکی

مصدق توفیق

پیروزا بەلنگازو وەلات پارچە بوو .

شەهسوارەک بو دناڤ قادا نڤیسینێدا . هەر ژبچویکینیا خو یێ شەیدابو بنڤیسینێڤە ، هەتا چویە بەرەحما خودێ روژا (٩)ێ ئابا ١٩٧٢ێو هاتە ڤەشارتن لناڤ مەزارێ (کوڕستانا) شێخ خالد نەقشەبەندی لکوردستانا سوریێ . هوزانڤانێ مە روان کەسان بو ئەڤێن باوەرن ببزاڤو خەباتا مللەتێ کورد هەیو سەرکەفتنا مللەتێ کورد هەر یالبەر چاڤا بو .

هوزانڤانێ نەمر پشکداریو هاریکاری دبزاڤا ساخ کرنا تورو ئەدەبێ کوردیدا کریە لهەمی دەڤەرێن کوردستانا پارچە پارچە .

هوزانێن هوزانڤانێ نەمر قودیکەکا تژی روناهیو روهنی بو ژژیانا مللەتێ کورد ، چنکو قەدریجان دناڤبەرا جەرگێ شورەشێدا ێژیو تێکەلیا بزاڤو خەباتا مللەتێ کورد یاکری لهەمی دەڤەراو یێ دگەل ژاریو ژویریا مللەتێ کوردو ئاریاناوی بویە . دیسا هاریکاریو پشتگیریا پالەو جوتیارو هەمی رێنجبەرا یاکری دژی زوردارو دەرەبەگا هەروسا ئێک ژوان بو نەڤێن باوەری بهندێ هەی کو ئەو ئەدەب یێ بسەرکەفتیە ئەوێ بوموللەتی دهێتە نڤیسینو مللەت تێ بگەهیت .

مرنا هوزانڤانێ قەلەم تڤەنگ زیانەکا گەلە بو بتورو ئەدەبێ کوردی کەفتیو چونا وی شوینا خو هێلا دبزاڤ وخەباتا مللەتێ مەیێ کوردێ ێدڤی هەروسا قەدری جانی دەستەکێ درێژو بلند هەبو دنڤێسینا گوتارو فەرهەنگ و دنقشتێن کوردیدا وەکی : داستانا بارزانی ، ئەلفو بێیا کوردی ، چێروکا شڤانێ کورد ژزاراڤێ فرەنسی وەرگێرایە هەروسا . دیوانەک یاهی سالا١٩٥٧ێ وا چاپ گری ژبلی شەهرەزایاوی دزمانێ تورکیو عەرەبیو فرەنسیدا .

پرسیار :

کێژ شاعرێ کورد کارکریە سەر بیرو هزرێن تە لنکتە چ رێبازەکا ئەدەبی یادروستە ؟

بەرسف :

یاراست وەکی من دەست بڤەهاندنا شیعرێ کری من چو تشتەک لسەر ئەدەبو شاعرو تورڤانێن کورد نەدزانی ، ئەڤە چەندەکە ئەر لدوی خویندنو ڤەکولینا ژیانو ڤەرێژا شاعرێت کورد دچم . لنک من وەرەیێ شەهرەزایێ دئەدەبێ کەڤنێ کوردیدا پەیدانەکەتو یێ گەلە نەخوینیتو ئەدەبێ کوردبی باش وهەرەسا ئەدەبێ بیانیا نەیاسیت قەتو قەت بابیە شاعرو تورڤانەکێ بسەرکەفتی ژلایەکی دیڤە ، ژبەرکو ئەڤین ئەگەرا ڤەهاندنا شیعرا بوو لنک من پترینو راسترین بەسنەک ژبو شیعرێت من ئەوە کو دکلاسیکی نەو هندێ جارا گیانەکێ رومانسیێ یێ تێدا ، بەلێ راسترین رێبازەکا ئەدەبی لنک من وەرە ، رێبازا واقعی - ریالستی - یە . ئەڤ رێبازە خزمەتا مللەتێ مە دکەت .

بڤێ چەندێ ئەو چەند گوتنێن دگەل براەر خەلیلی مە کرین بدویماهی هاتن و ئەڤ چەند پەیتە ژشیعرا وی پێشکێشی خویندەڤانێن هێژا دکەین .

بلا بێت ئاگرێ دوژمنی ،
بەرامبەری ئاگرم
بلا بدەن ژەهرا چێکری ، تێ ژ کوردم نامرم
بلا بێن دووهزار پێکڤە ،
بەرامبەری حازرم
چونکو ئەز گەنجەکێ کوردم
لەش بپلاو ئاسنم

دگەل براەرێ شعر

دۆست خەلیل دهۆکی

ئەڤ چەند گوتنەرەش بەلەک نڤیسێ هاوکاریێ (مراسل هاوکاری) لمویسل - صدیق ئامێدی - دگەل براەرێ شعردوست - خەلیل محمد دهوکی - بێت کرین بپەژنو رامانا هاندانا تشجیع لاوێن کورد ژبو نڤیسینو خویندنا زمانێ خویێ زکماکو بو دیارکرنا وان براەرێن لدوی شیانا خودمەیدانا ئەدەبی دا دجەنگن .

براەر - خلیل - لاوەکەژوان لاوێن ژدل دڤێت خزمەتا توریێ کوردی بکەتو بوڤێ چەندێ رێکا شعردانانێ یاگرتی . ئەم هیڤیدارین لپاشەرۆژەکا نزیک برایێ - خەلیل - ببیتە شاعرەکێ بناڤودەنگو سەرکەفتی .

هاوکاری

پرسیار :

برایێ خەلیل کەنگی تە دەست بڤەهاندنا شیعرێ کریەو ئەگەرا ڤێ چەندێ چبوو ؟

بەرسف :

ئەڤینیا وەلاتیو ئەڤینیا شوخەکا گیان حوری ئەگەر هندێ بوو شیعرێ بنڤیسم لسالا ١٩٦٧ێ من دەست پێ کر هینگێ ڤەهاندنا شیعرا لنکمن رەنگەکێ لێکئینانێ بوو ، وەلێ نوکە ئەز دزانم شیعر چیەو چەندا بلندەو هێدی - هێدی تێدگەهم کو هەمی لێکئینانەک شیعر نینە ، هەر چەندە شیعرێ سەلیقەو کێشو سەنگیەکا تێدا هەی کو لێکئینانێ دەست پەردی لدیوانانەو ئەدێ گازی کەمێ دی تە جەندێت پونیشتی لدیوانانە دێ هەوە گوهلێ بیت کا هێ کچک چ بێژیت کچک نینا پشت پەردێو میرکی گازی کرێ گوتێ : تە چەند میر

حەیڤی

لناڤ باغێ ڤێ بەهەشتێ
کەنگی ئەز دێ بخو ژێکەم
×
ئەی دەلالێ ، ئەی شرینێ
نێ ئەڤە چەند هەیڤو سالە
هەتا کەنگی هەرا سالی
ماتو دوستی ژان دوژمنی
من گوتە گەلە جارا
بەسە دلی بێتشینە
لژیانێ تو قیانی
تو هیڤیا هەمی لاوانی

گولا من سوربوو گەهشتێ
دوژمنا هەمیا ژی دویرکەم
×
دێ دەرمانکە ڤێ برینێ
دلی بووتە نالە - نالە
ئەی ئەڤینیا ئەڤی دلی
تو ئەڤینی ژان سوتنی
گوهنەدە گوتیا بەیارا
لەو تژی کولو برینە
تو رەوشا هەمی کچانی
نێچیرڤانا دلێت وانی .

نەوزاد زێباری

institut kurde de paris

بخچینەی هونەری جوانە

شێرزاد نانەکەلی

پێناسینی هونەر

ناتوانین ڕاستەو خۆ پێناسینی هونەر بخەینە ڕوو، چونکە جیاوازیەکی زۆر هەیە لەمیانی هونەرو پێناسینی نووسەرە هەرە بەرزەکانی جیهان، بەچەندەها جۆری جیا جیا پێناسینی هونەریان کردووەو لێکیان داوەتەوە، هەندێک دەڵێن: هونەر جموجۆڵێکی داهێنانی کرداریو بەرهەمێکو بیریە.

هەندێکی تر دەڵێن: هونەر بەرهەمێکی ڕازاوەی مرۆڤایەتیە کە جوانی و داهێنان پێکی دێنێ.. کەوابێ هونەر جوانیە بەلام بەچ قۆناغێکدا تێ دەپەڕێو ئامانجی چیە.. یا بە شێوەیەکی تر بڵێین: مەبەستە لە هونەر چیەو جۆرەکانو هونەر چین؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، پێویستە بزانین هونەرمەند کەسێکی ساکار نییە بەڵکو ئادەمیزادێکە لەسەر شانۆی ڕۆژگارا تاقی کردنەوەی خۆی بینیوە.. ئاوات و چارەنووسی خۆی بە هونەرەوە تووند بەستۆتەوەو سەرکەوتنی خۆی لە نیۆ چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانی کۆمەڵایەتی گونجاندووە.. ئەو ئازارو ئەشکەنجەی کە دێتە سەر ڕێگای ژیانی، یا ئەو بیروسۆزەی دەروونی، کاری دەکاتە سەر ئەندیشەو خەیاڵێ ئینجا خۆی دەخشێنێتە سەر بەرهەمەکەی.. هەموو هەڵوێستێکی لە ژیاندا ئەبێتە مایەو سەرچاوەی داهێنانی هونەری.. لەهەر چرپەیەکی بیستراوو هەستێکی نەبیستراو الهژیاندا نیگاری لە دەریای خەیاڵیاتی هونەرمەند ئەنەخشێنێ، لەجریوەی چۆلەکەیەکی جوانو دیمەنی تەقەڵا دانو باڵوە شانی ئاوازی گەرمو شادی ساز ئەکا.. لە سەختیو دژواری نان پەیدا کردنا چیرۆکی بەربەرەکانی دەنووسی شۆڕشو خەباتی مرۆڤایەتی لە پێناو ئازادیو خۆشبەختی دا! ئەکا بە مارسو سیمفۆنیای گەلان.. ئەمانە هەموو کار دەکەنە سەر هونەرمەند، هونەرمەندی ڕاستەقینەش بەسۆزو هەستوونەوە دڕووست کردنی، لەوشتانەی کە لەژیانی ڕۆژانەی بەرەنگاری بێگیرێ.. چونکە ئەو ئەرکەی دەبێو هەستی پێ دەکاتو ئەو هەموو پەنگاوە گەرەلوولانە لەبەر هەمێکی ڕازاوە پێش کەش بەمرۆڤایەتی دەکا.. بەم جۆرە جێگای شایستە بەخۆیو لەمێزو لەنێو دڵی خەڵکا بۆ خۆی دەکاتەوە.

ئاشکرایە ئەو هونەرمەندە ئەم شوێنو لاپەرە تەلایینە بۆ خۆی داگیر دەکات کە بەرهەمێکی تازەو بەهرەدار پێش کەش بکات.. ئەك لەشوێنی خۆی گێرە بکار لاسایی هونەرمەندانی تر بکاتەوە..

پێشینان وتویانە: نەتاو بەفو گەرم ئەبێو نە کەسیش بە هەواڵە هەوا سەر ئەکەوێ... کەواتە بەم جۆرە ڕازاوەی دەربڕینی هونەری بە کەڵک شایان تەرازو سەنگی برخی بەرهەمی هەر هونەرمەندێکە، هەرواش بەم جۆرە دەردەکەوێ داهێنانی جوانی بنچینەیەکی بنەڕەتو هەرە گرنگە بۆ سەرکەوتنی هەر بەرهەمێکی هونەری.. بەمەرجێ سەرچاوەی کەرستەو بیرو خەیاڵاتی هونەرمەند جیهانی ڕوو داوو سروشت بێ نەك خەیاڵاتی پڕوپوچی بێ مایە. چونکە لەڕاستیدا هونەر کردارو بەرهەمێکی مرۆڤایەتیەو پێویستە پەیوەندی نەپچڕاوی لەگەڵ کۆمەڵدا هەبێ.. بێ گومان ئەمە هەموو جۆرو ڕشتەکانی هونەر دەگرێتەوە.

هونەرو کۆمەڵ

کاتێ هونەرمەند ئەتوانێ جێگای خۆی لەجەرگەی میللەتی بکاتەوە کە بە باشی دەوری خۆی لەسەر شانۆی ڕاستی بگێڕێ.. چونکە ئەو ئەرکەی ئەکرێتە ئەستۆ گەلێ زلترو گەورەترو پێڕۆزنرە لەوەی کە بەخۆشاردنەوەو لادانو کۆڵدانو چۆکدانو لاساکردنەوە ببیاتە سەر..

ڕەنگاورەنگ ئەرازیتەوەو چاو لەبینینی تێر نابێتو بۆنی خۆشیشی زاخاوی میشك ئەداتەوە، هەرکە هاوینیش دێت لە کاتیکا سەوزایی لەڕۆژئاوادا نابینرێت ئەم دولە هیشتا هەر پارچەیەکی سەوزی جوانە کە لەجوانیو وزشەیدا بەهاری (گەرمیان)ی ناگانێ.. لەدووری (٥) کیلومەتر لە ڕۆژهەلاتەوە گردێکی دەستکرد هەیە کە پێی ئەڵین (گردی گۆپاڵە) وەکو پاڵپشتیکی هەمیشەیی بۆ قولەی (دەربەندی بازیان) وەستاوە.

لەخوارووی ڕیگاکەوە ڕیزیك گردۆلکە لەزنجیرەی یەکەم جیابووەتەوەو هاوریکێیە لەگەڵیا دەڕێژیەکەی نزیکەی (١٢) کیلومەترە، دێیەك ئەکەوێتە دامینی باکووری ئەو گردۆلکانەوە پێی ئەڵین

بروانە ل ٧

گەشتێك

لە دەربەندی بازیانەوە بۆ مەلەی تاسلوجە

وەرگێڕ: احمد ڕێبوار

هەستو هۆشم لەدەستدابوو، شلەژابووم و لەبارێکی زۆر ئالوزو خراپبووم، نەمئەتوانی بە دڵنیاییو بەردەوامی بنووم، نووستنەکەم پچڕپچڕ بوو، چونکە لە قسەکانیانا وتیان کە نیرەی (هەمەوەند) هەرچی لەسەر پشتی کەرێێت خۆیان بەخاوەنی ئەزانن، بیرم لەبەیانی ئەکردەوە کە چۆن کارمان ئەکەوێتە ژێر دەست ئەم دوو جەردەیە، لەوکاتەدا کە لەسەر پشتی کەرەکان ئەبین، باوەڕم وابوو کە شتێکی بێجێیەوڕێ تێناچێت بمانکوژن لەگەڵ ئەو باوەڕەشمدا، سام هەر بەردەوام وەکو مۆتەکە سواری کۆڵم بووبوو. بیری ترسناك یەك لەدوای یەك لەمیشکما ڕیچکەیان ئەبەست. تۆ بڵێی یاسا خێلەکییەکەیان بەسەرماندا بسەپێنن وئەو کەڵوپەلەی بەپشتی کەرەکانەوەیە ببێەن بۆ خۆیان؟ پاش ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانما ئەو شەوەمان لە پەژارەو دەروونیی ئالۆزا بەسەربرد، بەیانی زوو بەپێی داواکردنی خاوەنی کەرەکان خۆمان ئامادەی ڕویشتن کرد.

کە چینە نهۆمی خوارەوە دوو سوارەکەمان بینی لە بەردەرگای خانەکەدا خۆیانو ئەسپەکانیان ئامادەبون هەر کە ئیمەیان بینی بە سڵاو پیشوازیان لێکردینو بە هەموو ڕێزێکەوە قسەیان لەگەڵ ئەکردین، دیمەنیان ئەوەی دەرنەئەخست کە هیچ خراپەیەکمان بەرامبەر بکەن، بە پشتیوانی خوای گەورە ڕێی کەوتین.

لەڕیگا هەردووکیان کە لەپیشی کاروانەکەوە ئەڕویشتن وهەر خەریکی «سەبیل» کیشانبوون، لەو کاتەدا کە باڵەکەمان لەدێی (قەرەهەنجیر)ی هەمەوەند نشین خست بۆ پشوودانی ئیوارە کەلەوکاتەدا لەناو دۆڵەکەی باشوری ڕیگاکەدا بوو، بەهەرەشەو گورەشەی هەمەوەندەکان گوێزرایەوە شوبنیەك لەسەر ڕیگای کەرکوك چەمچەمال کە ئێستا ڕیگاکە بەناویا ئەروات، هەردوکیانمان بانگکرد بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆ بخۆن لەو خواردنەی کە پێیمانبوو. ئیوارەی ئەوڕۆژە گەیشتینە چەمچەمال وەبۆ بەیانی بەجێمان هێشت:

(چەمچەمال) هەمەوەندەکان ئاوەدانیان کردووەتەوەو ناویان لێناوە پیشئەوەی کوچ بکەن بۆ ئەم نیشتمانەی ئێستایان، لەکوتایی سەدەی هەژدەیەمەوە یان لەپیش ئەوکاتە شەوە وەکو خۆیان لەلێن لەئێرانداً (هەمەدان) گەورە شاری ناوچەکەیان بووە.

کە هاتینە ناو دەربەندی بازیانەوە، باران بە خۆڕی دەستی کرد بەبارین، ناچاری گردین پەنابەرینە بەر دێی (کانیشەیتان)، هەر ئەودێیەیە کە مستەر ڕیچ باسی کردووە، لەوێ ژووریکمان بەکرێ گرت پیشەکەی بە چیغ گیرابوو. بەڕاستی دووشەوێزۆر ناخۆشمان لەوێ بەسەربرد ژنومناڵەکانی ماڵەکە بەگوردیان دانەئەناین هەرچەند بومان ڕونکردبوونەوە کە ئێمە کوردی سلیمانیینو بەکوردیەکی ڕەوانیش قسەمان لەگەڵ ئەکردن، ئەویش بەهۆی جل وبەرگەکانمانەوە کە بەڕگی سەربازیبوو، ڕق و ناڕەزایی خۆیان بەوە دەرئەبڕی کە پێیان ئەوتین (ڕۆمی)، لەگەڵ هەموو ڕاژەکردنو یارمەتیدانیکمانا لیشاویك جنێویان بۆ ڕۆمیەکان ئەنارد. کوردەکان لەو سەردەمەدا بە عوسمانیەکانیشیان ئەوت (ڕۆمیەکان) لە ڕۆژهەڵاتدا ئەمە ناوبانگیان بوو چونکە جێنشینی سەلجوقییەکان بوون لە (ئەناضول)دا کە بەمەلبەندی (ڕوم)ەکان ناسرابوو، لە هەردووکیان (واتە عوسمانیەکانو ڕۆمەکان) جێنشینی ئیمپراتۆری ڕومی (هیرەقل) بوون کە شارەزووری خایوور وێران کرد وشارو دیهاتەکانی سووتاند لەگەڵ پایتەختەکەیدا لەشوباتی ساڵی (٦٢٧)ی زایینیدا، لەکاتی گەڕانەوەیاڵە شەڕی (خوسرەوی پەرویز) لەنزیك (بەراز الروز) و (شارەبان)ەوە.

هەتا بڕۆین ئەچینە زەویەیەکەوە کە جیاوازە لەوەی لەڕوژئاوادا بەجێمان هێشت، لەکاتی بەهارا بەرگێکی سەوزی جوان ئەپۆشێت کە بەگوڵی مرۆڤایەتی دەخاتەسەر ئەستۆی خۆی. بۆ ئەوەی بەکردار هەموو شتێکمان بۆ ڕوون بێتەوە لە پەیوەندی سروشتو هونەردا ئەم هۆنراوەی گۆران - دەخەینە ڕوو کە جوانیو سروشتی تێکەڵاوکردووە بۆ وەدەس هێنانی هونەرێکی جوانو ڕەنگین لەجوانی سروشت، جوانی خرپەی ئەو خەیاڵاتانەی شاڵاوی ڕەنگینی ئەوەو هونەرەیان بۆ هێناوە:

بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە،
لەباخچەی بەهار گوڵم چنیوە،
شەونمی درەخت لەڕووم پژاوە،
لەزەردەی زۆرکەل سەرنجم داوە
پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرامبەر بەخۆر
هەتاوی نەورۆز مانگی جۆ درەو
زۆرها تونو چوون بەڕۆژو بە شەو

هونەرو جۆرەکانی

تا ئێستا ئەوەی بۆمان ڕون بۆتەوە: هونەر گەوهەرێکی ڕواڵەتێکی باڵای جموجۆڵەی مرۆڤایەتیە. بە شێوەیەکی کورت هونەرە سەرەکییەکان ئەگرێن بە پێنج بەشەوە:

١ - هونەری ووتە یاگوتن: هەڵبەستو، چیرۆك، پەخشانی هونەری کە ئەمەش ئەوەتە چوارچێوەی سروشتو کۆمەڵ.. بە هیچ جۆرێکیش ئەو شتانە نەبیا پەیوەندی بەخۆیەتیەوە نیەیە هەروەکو هەندێ کەس وای تێدەگەن.. بەڵکو ڕۆنی بێناسینەکەی (بیکۆن) ئەمەمان بۆ دەردەخا کە دەڵێ: (هونەر ئەو مرۆڤایەتیەیە کە بە سروشت بەستراوەتەوە) کە وابێ هونەر هەروەکو لەسروشت جیاناکرێتەوە پەیوەندی پچڕاوپشی بە کۆمەڵەوە هەیە.. هونەر بەشێوەیەکی گشتی لەچوارچێوەی سروشتو ئاوێنەدا دەژی، لەاڵاوەی مرۆڤایەتی پێچ ئەخواتەوە، لەو کاتەدا چاڵاکی هونەرمەند هەموو کەلێنێك پڕ دەکاتەوە.. بو هەموو دەربڕینێکی جوانو ئاشکرا، لەکاتێکا هەموو ئەرکو فەرمانی مرۆڤایەتی دەخاتەسەر ئەستۆی خۆی. بو ئەوەی بەکردار هەموو شتێکمان بۆ ڕوون بێتەوە لە پەیوەندی سروشتو هونەردا ئەم هۆنراوەی گۆران - دەخەینە ڕوو کە جوانیو سروشتی تێکەڵاوکردووە بۆ وەدەس هێنانی هونەرێکی جوانو ڕەنگین لەجوانی سروشت، جوانی خرپەی ئەو خەیاڵاتانەی شاڵاوی ڕەنگینی ئەوەو هونەرەیان بۆ هێناوە:

بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە،
لەباخچەی بەهار گوڵم چنیوە،
شەونمی درەخت لەڕووم پژاوە،
لەزەردەی زۆرکەل سەرنجم داوە
پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرامبەر بەخۆر
هەتاوی نەورۆز مانگی جۆ درەو
زۆرها تونو چوون بەڕۆژو بە شەو

هونەروسروشت

ووتمان کە هونەر دەرخستێکی جوانکاریە لەهەڵوێستی مرۆڤایەتیو سروشت، ئەمە هەڵوێستانەی کە دیاری کراون لە چەند دۆخێکی نقوومبوو لە ڕیشەی بنەڕەتیدا.. کە ئەمەش ئەوەتە چوارچێوەی سروشتو کۆمەڵ.. بە هیچ جۆرێکیش ئەو شتانە نەبیا پەیوەندی بەخۆیەتیەوە نیەیە هەروەکو هەندێ کەس وای تێدەگەن.. بەڵکو ڕۆنی بێناسینەکەی (بیکۆن) ئەمەمان بۆ دەردەخا کە دەڵێ: (هونەر ئەو مرۆڤایەتیەیە کە بە سروشت بەستراوەتەوە) کە وابێ هونەر هەروەکو لەسروشت جیاناکرێتەوە پەیوەندی پچڕاوپشی بە کۆمەڵەوە هەیە.. هونەر بەشێوەیەکی گشتی لەچوارچێوەی سروشتو ئاوێنەدا دەژی، لەاڵاوەی مرۆڤایەتی پێچ ئەخواتەوە، لەو کاتەدا چاڵاکی هونەرمەند هەموو کەلێنێك پڕ دەکاتەوە.. بو هەموو دەربڕینێکی جوانو ئاشکرا، لەکاتێکا هەموو ئەرکو فەرمانی

بروانە ل ٧

شاعیر و شۆڕش

حەیدەر نانەکەلی

بێگومان شاعیری شۆڕشگێڕ هەر بەتەنها ئەو شاعیرە نییە کەوا لەبارەی شۆڕشەوە بنووسێتو قسەبکاو بەس، بەڵکو ئەو شاعیرەیە کە لە ژیانی شۆڕشگێڕایەتیدا دەژیتو تاقی کردنەوەکانی بەچاو دەبینێ، هەمیشەش لە مەیدانی موناقشەدا ئامادەبو گەرمەی هەمو کارەساتێکی شۆڕ - شگێڕانەی بەلاوە ژیانێکی.. شۆڕشگێڕن کە خۆین لە گیانی گیان فیدایی یە، خۆشەویستی شۆڕش ئەو ئامادەییە ڕاستەقینەش ئەو ئامادەییە کە لە مەیانی جەنگو گیان بەختکردنو پێش مەرگایەتیدا دەردەکەوێ، چونکە خۆشەویستی ڕاستەقینە، سۆزێکی سروشتی بەهێزو بەجەرگە بۆ ئیلتزام بون لەو کۆزە گەرمە، بەدەروونێکی فراوانو هەستو بیرێکی پاکی شۆڕشگێڕایەتی، لە ڕێگای وەدەس هێنانی ئامانجە بیرۆزەکانی، لە چوارچێوەی پاراستنی مافی نەتەوایەتیو ئەو ئامانجە دیارکراوەی کە هەڵی بژاردووە. پەیوەندی شاعیر بە شۆڕشەوە لە کاتێکا یەك دەگرێتەوە، کە شاعیر ناقی کردنەوەی شۆڕش بەچاو ئەبینێو ئەکەوێتە قالبی کارەسات، لە هەمان کاتا شاعیر توانای جیابوونەوەو ئاڵۆگۆڕ پێکردنی بە دەستەوە نامێنێتەوە بە هیچ جۆرێك ئەگەر بە شێوەیەکی (دەرەوە) یی بێت یا دروشمێبێت، هەروەها شاعیر هەرگیز بەتەواوی بە دروستبونی شۆڕشەوە نانوسێت بە جۆرێکی شاراوەو نهێنی بەڵکو زۆر ئاشکراو دڵێرانە خۆی ئەکوتێتە باوەش شۆڕشو تێو نیشتمان پەروەری و دڵسۆزایەتی بتوانێت خەباتی گەرمی بەڕێتە سەر، هەمیشەش لەسەر ئەو خەباتە سوربێت پێچ لە هیچ تەگەرەیەك نەخواتەوە کە لە شۆڕشا بەرەنگاری دەبێت، هەروەها بەبیروباوەڕێکی هەڵبژاردراوی سەربەستانەو دڵسۆزانە هەستی بە ئەرکی سەرشانی کردبێو خۆی خستبێتە قالبی ئەرکۆشانە، لەگەڵ ئەوەشا کە پێویستی بەشارەزاییەکی زۆرە لەو ڕێچکە دوورو درێژەی کە ئەڵی بژاردووەو هەوڵی دۆزینەوەی ئامانجەکانیو دیارخستنی چارەنووسی گشتی، هەمیشەش لەگۆڕینەوەو ئاڵۆ وێڵ کردنی بیروباوەڕی خۆیا بێت لەگەڵ شۆڕشگێڕانیتروپەیوەندی برایەتی لەگەڵ بەهەستێت بۆ ڕۆشەن کردنەوەی هەمو تاریکی یەکو ڕوخانەوەی هەمو کۆسپو تەگەرەیەك لە

بروانە ل ٧

هەرچی بچێنیت ئەوە ئەدرویتەوە

لە گەنجینەی ڕابودومانا:-

ئەگێڕنەوە لاوێکی تازە پێگەیشتو لەگەڵ مامەیەکی ڕیش سپیدا ئەبن بە هاوڕێو چەن فرسەخێك ڕێگا ئەبڕن.. تا ئەگەنە سەرکانیو ئاوێك ئینجا بۆ حەوانەوە لە سێبەری داری سەرکانیەکەدا دانەنیشن و پاشماوەی ئەو باسانە تەواو ئەگەن کە لەڕیگادا سەرەتاکانیان دامەزراندبو..

مامەی ڕیش سپی لەناکاو هەناسەیەکی دوورو درێژ هەڵ ئەکێشێو وەکو بیەوێ پەشیمانی لە ڕابوردوو یەکیا دەربڕێ بەدەم هەناسەکەوە:

- ئای ڕۆژگار.

● **مامە گیان ئەو هەناسەیەت بۆچی هەڵکێشا.**

- تاوانێکم هاتەوەیاد کەلە کاتی لاوێتیما کردومە.

● حەزئەکەم بۆم بگێڕیتەوە.

- تازە چو.. بێگوناه ئەو کابرایەم بەو دەردە برد.

● بو بەمەراق لەدڵما تووبی و خوا ئەگەر بوم نەگێڕیتەوە.

- هەرزەکار بوم... ئەی لاویەتیم بوو.. شەووم بەبێ خەو ڕۆژ ئەکردەوەو ڕۆژم بەبێ خوراك ئەبردەسەر.. تابڵێی سەرەڕۆ بوم.

● ئەی..

- لە تافی لاویا وەکو ئێستای تۆ لەگەڵ مامەیەکی ڕیش سپی وەکو ئێستای خۆم بوین بەهاوڕێو چەند وچانێکمان لە ڕیگاکە بڕی گەیشتینە سەر ئەم کانیو ئاوە..

(لاوە کە لێڕەدا پەنجەی خۆی گەستو موچڕ کەیەك بە لەشیا هات).

- تێی مامە گیان.. جاچی بو؟ چی ڕویدا؟

- بە کوڕی خۆم بڵێم.. ئەوکاتە سەردەمی دەرەبەگایەتیو دزیو پیاو کوشتنو مال سوتاندن بو.. پیاو بە تاوانەوە خۆی هەڵ ئەکیشا.. چەکی ئەو سەردەمەش خەنجەر، گوپاڵ بو.. سەری گۆپاڵەکەش بزمار ڕێژ کرا بو..

- سەر گوزەشتەیەکی خۆشە وا دیارە.

- مامەی ڕیش سپی هاوڕێم ئیستەش نازانم خەڵکی کوێ بو بەڵام ناوی مام زۆراب بو..

(لاوەکە موچڕکەیەکی تری بە لەشا دێتو سەرەتای باسەکەی بۆ ڕون ئەبێتەوە.. بەڵام خۆی ئەگرێ).

- مامەگیان چۆن زۆانی سەردەمی لاویت ئاوا لە یادە.

- کوڕم تاوان لە بیر ناچیتەوە.

- دەی فەرمو.

- بە بڕای خۆم بڵێم.. مام زۆراب شتێکی پێچڕاوەی لە پشتا بوو هەرچەند نەم ئەزانی چیە بەڵام بە پارەی تێ ئەگەیشتم(١).

(لێرەدا لاوەکە گرژی دای ئەگرێو وەکو یەکێ بیەوێ دەستی تۆڵە درێژ بکا.. بەڵام خۆی ڕائەگرێ).

- مامەگیان من گێڕانەوەی ئەم جۆرە سەرگوزەشتانەم زۆر پێ خۆشە..

- مام زۆراب ویستی ئاوبخواتەوە، دەستەکانی نایە سەر ڕوی ئەسپەکەو لە سەر چوك دەمی نایە ناو ئاوەکە.

لاوەکە شڵپزە بوو...؟! ئێش لە دەرونیا ئەجما).

- منیش شەیتان سەری لێ شێواندم و کەوتم بە تەماعەوە، بۆ ئەوەی ئەو کیسە پارەی لەپشتی بەستوە لێی بسێنم تا هێزم تیا بو گۆپاڵێکم بەسەری مام زۆرابدا کیشاو میشکی تێکەڵ بە ئاوی کانیەکە بو..

● (حەمەلاو دوژمنی خۆی بۆ ئاشکرابو، چونکە زۆر جار دایکی ئەمەی بۆ گێڕابووەوە کە باوکی لە سەر فلان کانی و ئاو بەم جۆرە کوژراوە.. بەڵام دانێ گرت بە خویا.

- باشە پارەکەت لێ کردەوە

- کە دەستم برد بۆ نوێشەبەرەکەی پشتی تەماشا ئەکەم گلۆلە بەنەو تمەس بۆ لای جۆلاێ ئەچێ..

(حەمەلاو بۆ تۆلە سەندن لەختێك بیری کردەوە).

- مامەگیان حەددم نیە بڵێم وانیە.. بەڵام چۆن ئاو بەو جورە ئەخوریتەوە؟

- کوڕم ئەگەر باوەڕ ناکەی فەرمو تەماشام کە.

(مامە وەکو بیەوێ سەرەتای تاوانەکەی بسەلمێنێ).

لەپڕ سەری چوو بەناوەکەداو بەلادا کەوتو بۆچی مامەپیرە ئەشەرمازاری و ئازاری دەروون دڵی ڕاناوەستی و نامریت! بەمجورە مامەپیرە کونایی بەژیانی هات.

(١) لەو سەردەمەدا پارە لەکیسە ئەکراو ئەیان بەستە پشت چونکە پارە لە زیو دروست ئەکراو پارەی قاقەز نەبوە.

برهان قانع

institut kurde de paris

بۆخزمەت کردنی بەرژەوەندی- یەکانی گەل ! چینە خوێنمژە- کان لە سەرانسەری دنیادا هەوڵ و تەقەلا ئەدەن کە بە جەماهیر بسەلمێنن کە سیاسەت کارێکی ئیداری ڕووتە کە پسپۆڕی تایبەتی خۆی ئەوێت بۆ بەڕێوەبردنی وە بەم هۆیەوە ئەیانەوێت مەسەلەی خەباتی چینایەتی خاموشی بکەنەوە (مۆرفین) لەگەل بدەن . بۆیە حوکمێکی بێوێژدانانە نادەین ئەگەر بڵێین هەرکەسێک ، هەر نووسەرێک لەو مەیدانەدا کەتیا ئەنووسێت هەوڵی بەنچ کردنی جەماهیر بدات و سیاسەت بە مەفهومە زانستی یەکەی نەخاتە ڕوو بەلکو بیرۆڕاو قسەکانی چینە چەوسێنەرەوەکان بڵێتەوە ، خۆی هەڵ ئەخلیسکێنێ بۆ ئەو شوێنەی کە ئەو چینانەی لێ ڕاوەستاون وە بەکردەوە لە خزمەتی ئەم چینانەدا ئەبێت .

لای ئێمە بەدوو جۆر سیاسەت لێک ئەدرێتەوە (مەبەست لەو دوو جۆرە ئەو جۆرانەیە کە باون) . هەیدێک سیاسەت بە درۆو دەلەسە تێ ئەگەن . « سیاسەت مانای درۆکردن » ، ئەمە جۆری تێگەیشتنی گۆڕەپەرستانە لە سیاسەت کە خەڵکی سادەش لەڕووی هوشیار نەبوونیەوە ئەیڵێنەوە . وە لە واقعدا ئەمە لایەنێکی ڕاستی تایبە چونکە چینە کۆنەپەرستەکان وەهای تێ ئەگەنو درۆو دەلەسەو هەڵخەڵەتاندن ڕێبازیانە . بەڵام سیاسەت لای چینە شۆڕشگێڕەکانی گەل بەپێچەوانەوەیە ، سیاسەت لای ئەمان ڕاستگۆیی یە چونکە ئەم چینانە هیچ بەرژەوەندی یەکیان لە درۆکردنو فرتو فێڵ کردندا نیە . چینە شۆڕشگێڕەکان بەڕەچڕی سیاسەتی ساختەبازی گۆڕینەپەرستان بەڕاست گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی ئەدەبەوە . وەتەنها سیاسەتی ڕاست گۆڕینی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینەیە کە دەڕگای دنیایەکی بێ چەوساندنەوەیان بۆ ئەخاتە سەربشت . بۆیە ئەرکی نووسەرەکانی گەلە کەبچن بەگژ سیاسەتی درۆو ساختەی دوژمنانی گەلدا و بێووچان جەماهیری گەل هوشیار بکەنەوە و سیاسەتی ڕاستەقینە سیاسەتێک بەدەن کە بەرژەوەندی ئەوان تێدا بێت و هەڵوێستێکی سیاسی نەبێت .

ئەدەبو هونەر وەک بەشێکی بڕ ژیان ، ئەو ژیانەی کە چەندین ناکۆکی جیاجیای تیایە کە ناکۆکی سەرەکی تیایا ناکۆکی نیوان سروشتو مرۆف وە مرۆڤو مرۆڤە کە خۆی لە خەباتی چینایەتیو کارکردن نە بەرهەمهێنان دا ئەنوێنێت .

ئەدەبو هونەر وەک بەشێکی سەرخانی کۆمەڵ تێشکدانەوەو ژیانی مادەی کۆمەڵەو ژیانی کۆمەڵایەتی ئادەمیزاد سەرچاوەیەتیو کەرەسەکانی لە نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەڵ ئەهێنجێ . بەرهەمەئەدەبیەکان واقع لە خۆیانا بێچەوانە ئەکەنەوە . ئەدیبو شاعیرو نووسەرەکان هەر یەکە واقعێک دەرئەبڕن بەڵام تێشکدانەوەی واقع لە بەرهەمەکانیانا بەپێی چۆنێتی یەتی تێگەیشتنیان ئەبێت لە واقع هەروەها لەڕووی سیاسیەوە ئەو واقعەسیاسەتی چینێک دەرئەبڕێت . هەر وەک خۆشەویستیو ڕقبوونەوە کە دوو لایەنی بەرهەمە ئەدەبیەکانن شەقڵێکی چینایەتی بەخۆیەوە ئەگرێتو بەڵای چینێکا دائەشکێنێت .

بەڵام ئایا ئەو جیاوازیەچی یە کە لە نیوانی سیاسەتو ئەدەبدا هەیە ؟ سیاسەت، ئەدەب ، پەیوەندی نێوانیان پەیوەندی نێوان شتێکی گشتیو شتێکی تایبەتی یە . نەسیاسەت لەڕاستی هونەردایەو نە هونەریش لە ڕاستی سیاسەت- دایە . ئەوەی سیاسەت بە هەموو شتێکدا بێتو نەدەبو هونەر بەپێویست نەزانێ مانای وایە شتە گشتیەکە ئەخاتە شوێنی شتە تایبەتیەکە . ئەگەر بڵێین ئەو زۆربەیە سەر بە سیاسەتی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵ نین ئەوا مانای وایە کە چینەکان نەماونو خەباتی چینایەتیش لە ئارادا نیە ، یا ئەوەتە هەیدێک لەو خەباتە چینایەتیەدا هەن (ئەوانەی کە حزبایەتی ئەکەن) خەڵکی تریش کە حزبی نین چینایەتی لە نیوانیاتا نیەو دورە پەرێز ڕاوەستاون لە خەباتی چینایەتی .

حزبایەتی کارێکە کە بە خەباتی چینایەتیەوە بەستراوە وەتا ئەوکاتەی چینەکان بمێنن حزبایەتیش هەر ئەمێنێ چونکە حزبایەتی خەستترین شیوەی کاری سیاسیەو سیاسەتێکی هوشیارانەیە . ئەوانەی کە لەهەر حزبێکدا بن ، هوشیاریان بۆ بەرژەوەندی چینایەتی چینەکەیان کۆیان ئەکاتەوە . وەگەر لە هوشیار- یشەوە نەبێت بەکردەوە لەڕیانی حزبایەتیانا بەرگری لە بەرژەوەندی چینێک لەچینەکانی کۆمەڵ ئەکەن . ئەوانەش کە لە دەرەوەی حزبەکاندا بن هەریەکە بەپێی جۆری بیر- کردنەوەیو لێکدانەوەیو هەڵوێستو ڕەفتاری سەر بە سیاسەتی چینێک نەبێت ، بەمانا لەو زۆرانبازیەی چینایەتیەدا ناو کۆمەڵدا بیرۆڕاو هەڵوێستو ڕەفتاری چینێک پەیڕەو ئەکات وباری تایبەتی خۆشی لەبەرژەوەندی یەکێک لەو چینانە ئەبێت .

بۆیە ئەو ئەدیبو شاعیرو نووسەرانەی کە سەر بەهیچ حزبێک نین و لە حزبێکدا ئیشر- ناکەن ، گەر وا بزانن کە دوورن لە سیاسەتەوە ، بەهەڵەچوون . ئەو نووسەرانە یەک دێر ناتوانن بنووسن بەبێ ئەوەی سیاسەتێک دەرنەبڕن ، تەنانەت ئەگەر پێشی نەزانن .

ڕوانگەیەکە کە ئینکاری ئەمە ئەکەن با بگەڕێنەوە سەر بەرهەمەکانیان . با لەناو هەموو بەرهەمەکانیانا تاکە بەرهە- مێکمان نیشان بدەن کە سیاسەتێک دەر نەبڕێتو هەڵوێستێکی سیاسی نەبێت .

ئەدەبو هونەر ناوێنەیەکن بۆ ژیان ، ئەو ژیانەی کە چەندین ناکۆکی جیاجیای تیایە کە ناکۆکی سەرەکی تیایا ناکۆکی نیوان سروشتو مرۆف وە مرۆڤو مرۆڤە کە خۆی لە خەباتی چینایەتیو کارکردن نە بەرهەمهێنان دا ئەنوێنێت .

ئەدەبو هونەر وەک بەشێکی سەرخانی کۆمەڵ تێشکدانەوەو ژیانی مادەی کۆمەڵەو ژیانی کۆمەڵایەتی ئادەمیزاد سەرچاوەیەتیو کەرەسەکانی لە نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەڵ ئەهێنجێ . بەرهەمەئەدەبیەکان واقع لە خۆیانا بێچەوانە ئەکەنەوە . ئەدیبو شاعیرو نووسەرەکان هەر یەکە واقعێک دەرئەبڕن بەڵام تێشکدانەوەی واقع لە بەرهەمەکانیانا بەپێی چۆنێتی یەتی تێگەیشتنیان ئەبێت لە واقع هەروەها لەڕووی سیاسیەوە ئەو واقعەسیاسەتی چینێک دەرئەبڕێت . هەر وەک خۆشەویستیو ڕقبوونەوە کە دوو لایەنی بەرهەمە ئەدەبیەکانن شەقڵێکی چینایەتی بەخۆیەوە ئەگرێتو بەڵای چینێکا دائەشکێنێت .

بەڵام ئایا ئەو جیاوازیەچی یە کە لە نیوانی سیاسەتو ئەدەبدا هەیە ؟ سیاسەت، ئەدەب ، پەیوەندی نێوانیان پەیوەندی نێوان شتێکی گشتیو شتێکی تایبەتی یە . نەسیاسەت لەڕاستی هونەردایەو نە هونەریش لە ئاستی سیاسەت- دایە . ئەوەی سیاسەت بە هەموو شتێکدا بێتو نەدەبو هونەر بەپێویست نەزانێ مانای وایە شتە گشتیەکە ئەخاتە شوێنی شتە تایبەتیەکە . ئەگەر بڵێین ئەو زۆربەیە سەر بە سیاسەتی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵ نین ئەوا مانای وایە کە چینەکان نەماونو خەباتی چینایەتیش لە ئارادا نیە ، یا ئەوەتە هەیدێک لەو خەباتە چینایەتیەدا هەن (ئەوانەی کە حزبایەتی ئەکەن) خەڵکی تریش کە حزبی نین چینایەتی لە نیوانیاتا نیەو دورە پەرێز ڕاوەستاون لە خەباتی چینایەتی .

حزبایەتی کارێکە کە بە خەباتی چینایەتیەوە بەستراوە وەتا ئەوکاتەی چینەکان بمێنن حزبایەتیش هەر ئەمێنێ چونکە حزبایەتی خەستترین شیوەی کاری سیاسیەو سیاسەتێکی هوشیارانەیە . ئەوانەی کە لەهەر حزبێکدا بن ، هوشیاریان بۆ بەرژەوەندی چینایەتی چینەکەیان کۆیان ئەکاتەوە . وەگەر لە هوشیار- یشەوە نەبێت بەکردەوە لەڕیانی حزبایەتیانا بەرگری لە بەرژەوەندی چینێک لەچینەکانی کۆمەڵ ئەکەن . ئەوانەش کە لە دەرەوەی حزبەکاندا بن هەریەکە بەپێی جۆری بیر- کردنەوەیو لێکدانەوەیو هەڵوێستو ڕەفتاری سەر بە سیاسەتی چینێک نەبێت ، بەمانا لەو زۆرانبازیەی چینایەتیەدا ناو کۆمەڵدا بیرۆڕاو هەڵوێستو ڕەفتاری چینێک پەیڕەو ئەکات وباری تایبەتی خۆشی لەبەرژەوەندی یەکێک لەو چینانە ئەبێت .

بۆیە ئەو ئەدیبو شاعیرو نووسەرانەی کە سەر بەهیچ حزبێک نین و لە حزبێکدا ئیشر- ناکەن ، گەر وا بزانن کە دوورن لە سیاسەتەوە ، بەهەڵەچوون . ئەو نووسەرانە یەک دێر ناتوانن بنووسن بەبێ ئەوەی سیاسەتێک دەرنەبڕن ، تەنانەت ئەگەر پێشی نەزانن .

ڕوانگەیەکە کە ئینکاری ئەمە ئەکەن با بگەڕێنەوە سەر بەرهەمەکانیان . با لەناو هەموو بەرهەمەکانیانا تاکە بەرهە- مێکمان نیشان بدەن کە سیاسەتێک دەر نەبڕێتو هەڵوێستێکی سیاسی نەبێت .

چۆن دەبێ؟

نووسینی هۆربرت ریـ
گۆڕینی : ع . گ

وشەی (هونەر) لەمانای هەرە سادەو ساکاریدا بەو جۆرە هونەرە ئەووتری کە هونەری تەشکیلیو هونەری بەرچاویە .. بەڵام ئەگەر بە وردی مەسەلەکە وەربگرین ناچار ئەبین هونەرە جۆراو جۆرەکانی ئەدەبو مۆسیقاش بخەینە ژێر خێوەتی ئەو وشەیەوە . هەندێ نیشانەو خاسیەتیش هەیە کە هەموو هونەرەکان ئەگەیەنێتە یەکتر .. ئەگەرچی ئێمە لەم سەرنجانەمانا زیاتر رووئەکەینە هونەری تەشکیلی بەڵام لەگەڵ ئەوشا دەرخستنی رەگەزی هاوبەش لەنێران گشت هونەرەکانا باشترین دەرگایە بۆ چوونە ناو باسە فراوانەکەمان .

(شوبنهاور) یەکەم کەس بوو کە وتی هەموو هونەرێک هەوڵ ئەدا تا وەک مۆسیقای لێبێت .. ئەم سەرنجەی ئەو هەمیشە دووپات ئەکرایەوە . زۆر جار ئەبووە هۆی لابڕبوونو بەهەڵە چوونێکی سەرکێشانە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئەم قسەیە راستی‌یەکی زۆری لەخۆگرتووە . (شوبنهاور) بیری لەخاسیەتە ڕووتەکانی مۆسیقا ئەکردەوە ، هەر تەنها لەمۆسیقادا هونەرمەند ئەتوانێ راستەوخۆ لەگەڵ جەماوەرا بدوێ بەبێ ئەوەی هیچ هۆی ڕاگەیاندن خۆی باوێتە ئەم ئیتوانەوە کە دوورترە بەشێوەیەکی گشتی بۆ چەند مەبەستێکی تر بەکار ببرێ ..

بۆ نمونە : ئەندازیاری بیناکاری بەهۆی ئەو بینا گەورەو سوود بەخشانە گوزارشت لەبوونی خۆی ئەداتەوە کە نەخشەیان ئەڕێژێ و دروستیان ئەکات ، هەروەها شاعیریش بۆ نمونە مەبەستە پەنا ئەباتە بەر ئەو وشەو رستانەی کە خەڵک لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاریان دێنن .. نیگارکێشیش بەهۆی سەر لەنوێ دروست کردنەوەو هەڵمژینەوەی دونیای بەرچاو گوزارشت لەخودی خۆی ئەداتەوە ..

لە مۆسیقی بەوڵاوە هیچ هونەرمەندێکی تر ناتوانێ سەربەست بێ لە داهێنانی هونەرێک کە لە تێگەیشتن - وعی - ی تایبەتی خۆیەوە هەڵقوڵابێ و جگە لە چەشنەو دڵخۆشی‌یەوە نەڕوانێتە هیچ ئامانجێکی تر .. بەڵام هەموو هونەرمەندێک ئەم تاسەو ئارەزووەی هەیە کە دڵخۆش کردنە .. جا لێرەدا هونەر بەشێوەیەکی سادە ترو ئاسایی تر ئەناسرێ ، ئەویش ئەوەتا هونەر بریتی‌یە لە هەوڵدان بۆ خەلق کردنی شێوەی دڵخۆش کەر .. ئەو شێوەی کەهەستی جوانکاری پیاو ئاو ئەدات .. ئەو کاتەش هەستی جوانکاری تێراو ئەبێ کە بتوانین تام لە ئاوازو یەکێتی ئەو کۆمەڵە پەیوەندی‌یە شێوەکاری‌یە وەربگرین کە لەتوانی ئەم شتانەدا هەن کە ئەکەونە بەر پەلی هەستمانەوە ..

● دوانێک لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری گشتی کومپانیای مریشک و هیلکە :-

کۆمپانیایەکی گەورە لەکوردستانا دائەمەزرێت

هێلکەی مریشکی پەروەردەکراو ، یان هی مانی ؟!

● د. فوئاد جەلال : هیلکەی کومپانیا لەروی تەندروستیەوە سودی زیاترە .

● ٦٠٠ کریکارو ٢٠٠ کاربەدەستو تەکنیکی لە پڕۆژەکەی کوردستانا ئەکەونە ئیشەوە .

ئەم باسەتان بۆ بگێڕمەوە :-

ڕۆژێ ، لەبەر دوکانێکا ، خەڵکێکی زۆر پاڵە پەستۆیان بو ، لەم لا تڕەوە ، کابرایەکی بەسالاچوو ، بەجۆرە پەستیەکەوە سەرنجی پاڵە ستۆر بەیەکا چونی خەڵکەکەی نەدا ، لەبەر خۆشیەوە جارو بار دەنگێکی لێوە ئەهات ، لە کابرام پرسی :

- ئەم دوکاندارە چی ئەفرۆشێ‌وا ئەم خەڵکە بەسەرپا رژاون ؟!

- هیلکە ....!

خەریک بوم بڕۆم ، بەڵام کابرا وەستاندمی‌و وتی :

- جاران ، لە لادێ‌کانەوە هیلکەیان ئەهینا ، دانەی بە دوو فلس ، کەس نەی ئەویست کەچی ، ئێستە ئاوا پاڵە پەستۆی لەسەر ئەکەن !

- بێ‌گومان خاڵە ، ئێستە خەڵکی وەکو جاران نەماوە ، جاران لەوانەیە ئەوەندە برخی هیلکەیان لا نەبوبێ ، بەڵام ئەمڕۆ ئەمهیلکەیە!! خواردێکی هەرە گرنگەو لەروی تەندروستیەوە سوودێکی گەورەی هەیە خەڵکی هەستی بەمە کردوە ، مانای ئەوەیە پێویستی هیلکە ئێستە لە جاران زۆرترە ، باشترین بەڵگەش ئەوەیە میری پارەیەکی گران بەهای زۆر لە کرینی هیلکەی دەرەوە دەخەرج ئەکا ، ئیستاش میری چەند ملیون دینارێک بۆ دامەزراندنی گەورە ترین کومپانیای مریشک و جوجەلەو هیلکە خەرج ئەکات لەسەر ئوسلوبی‌تازە بۆ ئەو کومپانیایە بە ملیونەها هیلکەو مریشکی پاکراوو سەربراو ئەخاتە بازارەوە . تا کۆمەڵانی خەڵکی بەدڵی خۆیان ئەم خواردمەیە بەکەڵکەیان دەست کەوێت .

بەدوای ڕاستیا بگەڕێین :-

هەندێ ئەڵێن نە ، هیشا نەگەیشتوینەتە ئەو ڕادەیەی خۆمان بەقەدەر پێویست ئەم خواردمەنیە بەرهەم بهێنین، پێویستمان بەدەرەوە نەبێتو ئەڵێن ئەگەر وانیە ئەی بۆچی ئەم پاڵە پەستۆیە لەدەورو پشتی دوکانی‌هیلکە فرۆشەکان ئەبینریت .

کەواتە مەسەلەکە پێویستی بە پرسیارو لێکۆلینەوە هەیە بۆ ئەم مەبەستەچوینە لای دوکتور فوئاد جەلال جێگری بەڕێوەبەری گشتی کومپانیای مریشک و هێلکە .

پێشەکی بابزانین ، مەسەلەی دابەش کردنی هیلکەو گۆشتی مریشک چۆنە :

دوکتور فوئاد پێی وتین :

- ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێ دابەش کردنی هیلکەو گۆشتی مریشک لەناو بازارەکانا بەشێوەیەکی عادیلانەیە ، لە هەموو بازارێ شارەکانا وەکیل تایبەتی خۆمان هەیە کە بەپێی ڕێکەوتنی نێوان ئێمەو ئەو وەکیلانە هەموو ڕۆژی هیلکەو گۆشتی مریشکیان ئەدەینێ ، بۆنموونە هەر لەبەغدا ڕۆژی ملیونێک هیلکە دابەش ئەکرێ ، ئێمە بەسەر نەخشەیەکی تایبەتی بەرهەمی کومپانیاکەمان دابەش ئەکەین ، ئەم نەخشەیەش لەبەر ڕوناکی بەرهەمی کومپانیاکەدا دانراوە دوای ئەوەش بێ‌جگە لەو فروشیارانەی هەموو ڕۆژی مریشکو هیلکەیان ئەدەینێ ، ئەبێ هەموو ڕۆژێ پێویستیەکانی خەستەخانەکانو بەشە ناوخۆییەکان لەم ڕووەو زامن بکەین ...

لە کوردستان :-

باشە دوکتور سەبارەت بەوەی لەچۆنیەتی دابەش کردنی هیلکەو مریشک ئەدوێین ، زۆر تەنیا ناو شارەکە ١١٦ وەکیلی تیایە ، ئەمانە بەردەوام هیلکەو گۆشتی مریشکیان بۆ ئەنێرین جا لەپاڵ ئەمانەشا، با ئەوەشمان لەیاد نەچێ خەڵکە کە ئەوەندە سەریان کردۆتە ئەم خواردە - مەنیە هەندێ جار ئەگاتە زیادە خۆری .



د. فوئاد جەلال

● دوکتور بەڵاتانەوە سەیر نەبێ هەندی خەڵکی ئاسایی ئەڵێن ، ئەم هیلکەی (مەکینەیە !!) وەکو هیلکەی خۆمانی بۆ تەندروستی بەکەڵک نیە بۆ سەماندنی ئەمەش تامی هیلکەو گۆشتەکە ئەکەن بە بەڵگە .

- بەداخەوە ئەوانە بەهەڵەدا چون ، لە هەمو ڕوبەکەوە ئەم هیلکەیە لەهیلکەی خۆمانی سوودی زیاترە ، چونکە ئێمە مادەی پروتێنو ڤیتامینات و مەعدەن ئەکەینە ناو مریشکەکانەوە بێ گومان ئەمە ئەبێتە هوی ئەوەی گوشتو هیلکەکانیان لەروی تەندروستیەوە سود بەخش ترین . مریشکی‌بەڕەڵاو ئەهی دیهاتەکان ئەم دانە باشەیان دەست ناکەوێ لەبەر ئەوە لەمریشکی کومپانیای ئێمە بەکەڵک ترنابن

● ئایا کومپانیای گشتی مریشکو هیلکە چەند لقی هەیەو چەند پرۆژەی بەدەستەوەیە لەوڵاتا ، بەڕێز دوکتور فوئاد جێگری بەڕێوەبەری گشتی پێی ڕاگەیاندین کە بەم زوانە پڕۆژەیەکی گەورە لە هەولێر لەواو ئەبێتو ئەکەوێتە بەرهەم هێنان ، دەربارەی ئەم پرۆژەیە دوکتور فوئاد وتی :

- ئەم پرۆژەیە بۆ ئامادە کردنی گوشتی مریشک دروست کراوە ، توانای بەرهەم هێنانی سالانەی ٧٠ ملیۆن هێلکەو دوو ملیون فروج‌و ٤٠٠ هەزار مریشکی خواردن ئەبێت .

پرۆژەکە دابەش کراوە بە سێ کێلگەوە بەشی‌یەکەمیان بۆ - مریشکی کڕ - کە لەسەر هیلکە کڕ ئەکەون بۆ هەلهێنانو پەروەردە کردنی جوجەلە پێنج هۆل بۆ ئەوجورە مریشکانە تەرخان کراوە کە سالی٣ ملیون جوجەلە هەلئەهینن .

کێلگەی دووەم بریتیە لە شەش هۆل بۆ بەرهەم هێنانی گوشتی مریشک .

کێلگەی سێیەم بۆ مریشکی هیلکەکەرە کە لە سالێکا ٧٠ ملیۆن هیلکەی خواردن بەرهەم ئەهێنێ ، هەر نەو پرۆژەیەدا کارگەی ئامادەکردنی دانی مریشکو جوجەلەکان هەیە کە لە سەعاتێکا ١٠ تەن دان ئامادە ئەکات کارگەیەکیش بۆ مریشک سەربڕین ئەشێنوەیەکی پاکردنەوە و ئاوەروت کردنو ئامادەکردنی لەنار کیسی تایبەتی‌دا ٠ دیسان هەر لەو پرۆژەیەدا هەشت هۆلی کۆکردنەوەو پاراستنی هیلکە هەیە کە ٣٢ هەزار سندوقی هیلکەیان تیا هەڵ ئەگیرێت .. دوو هۆلی گەورەش هەیە بۆ هەڵگرتنی مریشکی سەربڕاو کە ٢٦٠ هەتا ٣٠٠ تەن گوشتی مریشک ئەگرن ، جابار پاریزگاری ئەو گۆشتە کارگەیەکی تایبەتی هەیە وردە بەفرەشیوەی کواوە بەفری سروشتی‌دا دروست ئەکات و ئەخرێتە سەر گوشتەکە بۆ جگە لەمە لە پرۆژەکەدا ئانوبەرەی تایبەتی بۆ فەرمانبەران و کرێکارانی‌ئەو پرۆژەیە دروست کراوە . ئەوەی شایانی باسە ئەم پرۆژەیە ٦٠٠ کریکارو ٢٠٠ موچە خۆرو تەکنیکی ئەخاتە ئیش . بەرهەمی ئەم پرۆژەیە تەنیا بەشی ناوچەی کوردستان ئەکات .

- پەیامنێری هاوکاری -

بیرنکی ڕاگوزاری

● زۆر جار لە خۆم‌ئەپرسم ، تۆ بڵێی راست بێت ، بەو چاوەی من سەیری بەرامبەرەکەمی پێ‌کەم ، بەرامبەرەکەشم هەر بەو جۆرەسەرنجم باتو ... واتە : ئەو قسەیەی ئەڵی (دڵ ئاوینەی دڵە] ئەبێ تاچ رادەیەک راست بێت ! وە ئایا بەرامبەرەکەشم هەر بەو جۆرە بیر ئەکاتەوە !

● واتە .. ئەمەوێ بڵێم تۆ بڵێی لە هەسەلەی پەیوەندیەکانمانا لەگەڵ خەڵکی‌ترا ، شتێ هەبێ ناوی « گومان » بێتو .. ئایا بونی پێویستە (؟!)

● لە چەندان کەسم پیستوە . بە قەناعەتەوە ئەڵێن « بەڵێ لە هەموپەیوەندیەکا ، شتێکی تیا بهێڵرێتەوە » ..واتە بەلایانەوە بونی « گومان » پێویستە (!)

● زۆر جار ... وەلەباریکی نەفسی بە پشو سەقام گیراوو خاوێنا ئەم جورەباوەڕەم بە « ترسنوکیەک » زانیوە ... (وا تێگەیشتوم.. کە - دڵ پاکی - پێویستە مافی تەواوی خۆی بدرێتێ .. « دۆستایەتی » مانای دۆستا - یەتیەو بە پێچەوانەوە« دوژمنایەتی »و حەز لێ نەکردنیش مانای دیاروئاشکرایە (...)

● کەچی .. لە هەندێباری نەفسی ترا ، من لەوانە زیاتر « گومان » ئەخەمە سەرپەیوەندیەکانم . کە تۆزی لەمەوبەر بە « ترسنوک » یەم‌ئەزانی .. !

- تۆ بڵێی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ خەڵکی‌دا (بەپێی مەزاجی نەفسیەتی خۆمان)پێویست (بکات) بە گۆڕین . ؟!

- جا ئەم خەڵکە گوناهیانچیە ؟ نەفسیەتو ئارەزوی خۆیان لەگەڵ‌گۆڕانی نەفسیەتو ئارەزوی ئێمەدا بگۆڕن ؟!

● دوایی ... هەر یەمەوسەر ئەو باوەڕەی ساکاریو دڵ پاکی دور کەوتنەوە لە(گومان) لە پەیوەندیەکانمانا لەگەڵ خەڵکی ، بێسڵە مینەوە پێویستە .. وە بەلای منەوە ئەمەش بەستراوە بە سەقام‌گیری باری نەفسیەوە .. کێ دور بێ لە گێژاوی دوو دڵی‌ڕنەسەقام گیری ..ئەم راستیەی زیاتربۆ ساغ ئەبێتەوە .

عبدالله عباس

ئەم کابرایە گلۆپی کارەبا ئەخوات

لە ژمارەیەکی - هاوکاری - کارەبا دائەکرمێنێ ئەی خوت دا هەواڵێکمان بڵاو کردەوە ، کە بەڕێوەبەری بەندیخانەی شاری تەکساس یەکێ لە بەندەکانی گرتوە ، خەریکی خواردنی گولوپی کارەبا بووە

لەم دواییەدا بەڕێوەبەری بەندیخانەکە لەگەڵ‌بەڕێوە بەرایەتی‌تەلەفزیونی شارەکەدا ڕێکەوتوەو لە بەرنامەیەکی تایبەتی‌دا کابرایان پیشانی خەڵکی داوە کە چۆن بە ئاسانی شوشەی گولوپی کارەبا ئەخوات

نۆبل کێ یە؟

پاداشتەکەی چیە ؟

● گەڵێ جار لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانا ناوی « نوبل »مان بەر گوێ ئەکەوێ ، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە یەکێک لە مرۆڤە هەڵکەوتوەکانی‌دنیا پاداشتەکەی وەرئەگرن ، ئایا نۆبل کێ‌یەو پاداشتەکەی چیە ؟

● خۆی ناوی فریدنۆبلەو لە ساڵی ١٨٣٣ لە شاری ستوکهولم لە سوید لەدایک بوە . دوای ئەوەی ماڵەکەیان ئەسوتێ لەگەڵ باوکی ئەچی بۆ شاری - بطرسبورگ - کە پایتەختی ئەوسای ڕوسیا بو .

● نوبل یەکەم کەس بو توانی (دینامێت) داهێنێ ، بەر نیازەی کە خزمەتی مرۆڤایەتی پێ بکات . بەڵام کە بۆی دەرکەوت ئەم کارەی بۆ دوژمنایەتی کردنو زیان دان لە مرۆڤایەتی بەکار دێت زۆری پێ ناخۆش بو .

● لەکۆتایی ژیانیا بڕیاری‌دا ئەو پارە زۆرەی هەیەتی دابەش بکرێ بەسەر ئەو کەسانەدا کە خزمەتی مرۆڤایەتی ئەکەنو هەوڵی چەسپاندنی ئاشتی ئەدەن لە دنیادا .

● پاداشتەکەی ئەدرێ بەوانەی لەکۆڕی زانستی سروشتو کیماگەریو پزیشکی‌دا ئیش‌ئەکەن ، یان خەبات کەران لەپێناوی ئاشتی‌داو ئەدیبە سەرکەوتوەکانی دنیا .

وێنەیەک لەکوردستانەوە : وێنەی کانیلە لە شاری کۆیە

دیاری کاک قاسم کمال عبدالکریم - لە قوتابخانەی ئامادەیی کۆیە .

لە کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی- یەوە لقی بەغدا

دەستەی دامەزرێنەری لق ، بڕیاری‌دا کە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ، لەسەعات (١٠)ی بەیانی ڕۆژی هەینی‌ی ڕێکەوتی ٢٧-١٠-١٩٧٢لە بارەگای یەکێتی قوتابیانی کوردستان - عیراق بکریت . بۆیە تکا لە ئەندامانی کۆمەڵە ئەکەین کە لە کات‌و شوێنی دیاری‌کراوا ئامادەبن .

دەستەی دامەزرێنەر

کۆڕێک دەربارەی :

تیشک دانەوەی خەباتی گەلان لە هەڵبەستی مقاومەی فەلەستیندا

کاک عبدالله عباس ئیزارەی‌چوار شەممەی ڕابوردو لەبارەگای کۆمەڵەی ڕوشنبیری‌کورد وتارێکی بەناونیشانی (تیشک دانەوەی خەباتی‌گەلان لە هەڵبەستی مقاومەی فەلەستیندا) خوێندەوە ، وەتیایدا باسی ژیان‌و هەڵبەستی شاعیران محمود درویش‌وسمیح قاسم‌و توفیق زیادو سالم جبرانی کرد ، وە لەدواییدا لەلایەن ئامادە بوانەوە موناقەشە کراو ، وەڵامی چەند پرسیارێکی دایەوە .

کەونگرەی سێیەمی یەکێتی نوسەرانی کورد

بریاروایە کونگرەی سێیەمی یەکێتی نوسەرانی کورد لە ١٧وە بۆ ١٩ی تشرینی دووەم‌لە بەغدا ببەسترێ . یەکەمین کونگرەی یەکێتی دوو ساڵ‌لەمەو بەر لە بەغدا بەسترا . بەڵام دووەمین کونگرەی بە ١٤-١٧ی تەموزی ١٩٧١ لەشاری هەولیر بەسترا .

وەرزی ڕۆشنبیری یەکێتی نوسەران لە سلەیمانی

وەرزی ڕۆشنبیری یەکێتی‌نوسەرانی کورد لقی سلەیمانی لە ماوەی مانگەکانی ڕابوردو‌ڕابەگورجو گوڵی برایە سەرو گەڵێ کۆڕی شیعر ولێکۆڵینەوەی ئەدەبی‌و چیرۆک لیکۆڵینەوەی زمانەوانی گرتەوە ، بێجگە لە تۆمار کردنی چەند بەرنامەیەکی (ئەدەبو ژیان) بۆ تەلەبزیونی کەرکوک .

یەکێتی لە سلەیمانی بڵاوی کردەوە کە وەرزی داهاتوی ڕۆشنبیری لەدوای کونگرەی‌سێیەمی یەکێتی نوسەران دەست پێ‌ئەکات .

گۆڤاری بۆ پێشەوە ..

بەم زووانە نەقابەی مامۆستایانی کوردستان - لقی هەولێر ، گۆڤارێک دەر ئەکات بەناوی « بۆپێشەوە » . ئەم گۆڤارە جگەلە وەی بایەخ بەکاروباری نەقابەو مامۆستایان ئەدات ، وتیارو باسی ڕوشنبیری‌و پەروەردەو ئەدەبی‌و هونەریش بڵاو ئەکاتەوە .



- بابلۆ نیرۆدا -

بابلۆ نیرۆدا و جین فۆندا و دێن بۆ بەغدا

لە ١٩ وە بۆ ٢٢ی مانگی مارتی ساڵی داهاتو لە شاری بەغدا میهرەجانێکی سینەمایی جیهانی ئەبەستری بۆ پشتگیری خەباتی گەلی فەلەستین ، دروشمی ئەم میهرجانەش (ڕزگاری فەلەستین پایەی چەسپاندنی ئاشتی جیهانە) ئەبی .

لەم میهرەجانەدا فلیمی دێژ پیشان ئەدرێت لەگەڵ فلیمی کورتی ١٥ تا ٣٠دەقیقەیی .. کە سەرکەوتو ترین فلیمی تیا هەڵئەبژێرێ‌و پاداشتی میهرەجانەکەی ئەدرێتێ ..

- جین فۆندا -

سەدکەسی شارەزاو ئەدیبو هونەرمەند لە هەموشوێنێکی جیهان بۆ بەشدا بون لە میهرەجانەکەدا بانگکراون لەمانە شاعیری گەورەی شیلی - پابلۆ نیرۆدا - و هونەرمەندی سینەمایی ناسراو - جین فۆندا - .

Institut Kurde de Paris